**محەمەدی قازی**

# زارا

## عەشقی شوان

وەرگێڕانی

**عەزیز گەردی**

سلێمانی ـــــــــ ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥
ژ. خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

❖ ناوی کتێب: زارا ـ عەشقی شوان
❖ نووسەر: محەمەدی قازی
❖ وەرگێڕانی : عەزیز گەردی
❖ تایپ: هەرێم جەزا
❖ دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر
❖ چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
❖ تیراژ: (١٠٠٠) دانە
❖ ژمارەی سپاردن: (٨٤٥) ی ساڵی ٢٠٠٧
❖ ژمارەی زنجیرە: (٢٤٣)
❖ لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

# سوپاس

★ بۆ بەڕێز (حەسەن بەگی سەرحەدی ) کە نوسخە فارسییەکەی بۆ پەیدا کردین.

★ برای بەڕێز (کاك سەرتیپ شێخانی ـ باوکی نەیڤان) کە بوو بەمایەی وەرگێڕان و چاپ کردنی ئەم کتێبە و زۆر بەهێنان‌و بردنی پرۆڤەکانەوە ماندووبوو.

★ برای بەڕێز (کاك هەرێم جەزا) کە زۆر بەڕێکوپێکی تایپی کرد.

★ بەڕێز (ئەمیرەخان)، کە بەجوانی و ناسکی دەرهێنان‌و ڕێکخستنی لاپەڕەکانی ئەنجام دا.


@kurdica

# پێشەکی

بۆ پێشەکی کتێبی (زارا ـ یان عەشقی شوان) هیچ روونکردنەوەو شتێکم لەوە جوانتر دەست نەکەوت کە لەکتێبی یاداشتی خۆم دا هاتووە کە بەناونیشانی (یاداشتەکانی وەرگێڕێك) نووسیومە. جا بەڕوخسەتی خوێنەری ئازیز هەر ئەو روونکردنەوەیە لێرەدا دێنمەوە کە باسی هۆکارو چیرۆکی نووسینی ئەم کتێبە دەکات:

لەئاخرو ئۆخری (حوزەیران)ی ساڵی ١٣١٨، کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لەکۆلێجی یاساو لەبەشی دادوەریی وەرگرتو لەئەیلوولی هەر ئەو ساڵەدا لەگەڵ دوو هەزار دەرچووی دپلۆمو بەکالۆریۆسی وڵات چوومە دایەرەی سەربازگری. دیار بوو پێویستیان بەو ژمارە زۆرەی دەرچوان نەبوو. ئەوەبوو بڕیار درا لەناو هەموو ئەوانەدا پێنج سەد کەس بەتیرو پشك بۆخزمەت کردن لەکۆلێجی ئەفسەریو تەواوکردنی کادری ئەفسەری ئیجباری وەربگرنو ئەوانی دی عاف بکەن. من خواخوام بوو تیرو پشکم لێ نەکەوێتەوەو لەخزمەت کردن جەب بدرێنم، چونکە ئەو جەب دانە جگە لەوەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر باری ئابووری من



هەبوو، ئەگەر ئەم جارە رزگار بوومایە، لەدەورەی دوایی ئەوەوە، لەخۆوە عەفوو دەکرامو ئیتر پێویستی نەدەکرد دوو ساڵی تەمەنی خۆم بێ سوودو بەختو خۆڕایی لەخزمەتی سەربازی بچوێنم.

دوعام قبووڵ نەبوو. ناویان لەگەڵ سەربازان خوێندمەوە. دەرکەوت من سەربازی ئیجباری دەستەی حەفتەمی پیادەی کۆلێجی ئەفسەریم. لەو سەردەمەدا، خاوەنی دپلۆمو بەکالۆریۆسەکان هەر دەبوایە یەك ساڵ لەکۆلێجی ئەفسەریدا بەپلەی سەربازیی خزمەت بکەنو رێنمایی پێویستی یەکێ لەچوار بەشی سوارەو پیادەو تۆپخانەو کاروباری دارایی وەربگرن، ئینجا لەساڵی دووەمی خزمەتدا، ئەوەی دپلۆمی هەبوو پلەی ئەفسەری سێیەمو ئەوەی بەکالۆریۆسی هەبوو پلەی ئەفسەری دووەمی وەردەگرتو ئەو ساڵە خزمەتەی دەمایەوە لەیەکەیەکی سەربازی ناوەندیی، یان شارستانی تەواوی کرد. رۆژی دووەمی هاتنم بۆ خزمەت، رۆژی پێنج شەممە بوو، لەکۆلێجی ئەفسەری لیستەیەکی کەلو پەلیان دایە دەستم کە لەکاتی خزمەتدا پێویستم پێ دەبوو. جەختیان کرد بۆ عەسری رۆژی هەینی کە گەڕامەوە کۆلێج دەبێ ئەو شتانەم کڕی بێو لەگەڵ خۆم بیانهێنم بۆ کۆلیج. لیستەکە شتی پێویستی وەکوو: چەرچەفو خاولیو سابوونو سیواكو مەعجوونی ددانو فانیلەی ژێرکراسو دەرپێ قوتو کەرەستەی ریش تاشینو گۆرەویو جووتە چەکمەیەکی رەشو بۆیەو شتی دیکەی تێدا بوو. ئەو

برادەرانەی شارەزای نرخی شتو مەكو بارودۆخی بازاڕ بوون، دەیانگوت ئەم هەموو شتە بەسەریەكەوە بایی پەنجا تمەن دەبێ. (یادی ئەو سەردەمە بەخێر، ئێستا ئەم هەموو پێویستیانە بەپێنج هەزار تمەنیش ناكڕێن). هەندێ مندالّی شارستانی زۆر ناڕەحەت بوون، چونكە ئەو پارەیان نەبوو، بەلاّم من لەم بارەیەوە هیچ خەمم نەبوو، چونكە بەچواردە مانگ خزمەت لەوەزارەتی كاروباری دەرەوەو حەڤدە مانگ خزمەت لەكۆمپانیای (مۆتۆردار)، ئەوەندەم پارە پاشەكەوت كردبوو، لای مامەم دانابوو، كە بایی چەند هەندەی ئەو خەرجەم پێ هەلّدەستا.

لەبیرمە، عەسری رۆژی پێنج شەممە، كە هاتمەوە مالّێ، مامەم تازە لەخەو هەستابوو، نازانم لەسەر چ توڕە ببوو، منیش بۆ جێبەجێ كردنی ئیشی خۆم، نالەباری كاتەكەم رەچاو نەكرد. لیستی شمەكو پێویستی كۆلێجی ئەفسەریم نیشان داو گوتم تا سبەی عەسر دەبێ ئەمانە بكڕمو لەگەلّ خۆم بیانبەمەوە كۆلێجو نیشانی ئەفسەری پەیوەندیداریان بدەم، ئەگەر نا دەسگیر دەكرێمو هەرخوا دەزانێ چیم بەسەردێ. مامەم هیچ وەلاّمی نەدامەوە، سەری خستبووە سەر رۆژنامە. داواكەم دووبارە كردەوەو بەسووربوونەوە داوای پارەكەم كرد. بۆئەوەی هەر ئەو عەسرە بچم پێویستییەكان بكڕم. مامەم سەرنجێكی توندی لێدامو گوتی:

ـ ئێستا پارەم نییە، ئەوەندە سەخلّەتم مەكە.



گوتم: من ئەو هەموو ماوەیە لەوەزارەتی دەرەوەو پاشان لەكۆمپانیای (مۆتۆردار) كارم كردو پارەكانم پاشەكەوت كردو لای تۆم دانا بۆئەوەم بوو بتوانم لەڕۆژێكی ئاوها سوودی لێ وەربگرمو پێویستییەكانم جێبەجێ بكەم. تۆ خۆیشت هەمیشە هەر وات دەفەرموو كەچی ئێستا لەباتی ئەوەی پارەكەم بدەیتەوە بۆ جێبەجێ كردنی پێویستی ئیجباریم، دەفەرمووی سەخلّەتم مەكە؟! زۆر بەتووڕەیی رۆژنامەكەی بەدەمو چاوم داداو هاواری كرد:

ـ هەی حەرامزادەی بەدنمەك، پارەكەت بەڕووی من دا دەدەیتەوە؟... من سەد هێندەی ئەو پارەیەم لەجاشەكەرێكی وەكوو تۆ خەرج كردووە. ئێستاش بێ شەرمیت گەیشتە ئەو رادەیە داوای قەرزم لێ دەكەیتەوە؟ هەی نانو نمەكی من كوێرت بكا! بڕۆ لەبەرچاوم بزر بە!

بەناڕەحەتی هەستامو لەژوورەوە هاتمە دەرێ. قەت چاوەڕێی ئەم جۆرە وەلاّمەم نەدەكرد. من لەكوێو قەرز لەكوێ؟ من لەو هەموو پارەیەی لای ئەوم دانابوو تەنیا پەنجا تمەنم دەویست بۆئەوەی بچم لەو ماوە كەمەی دەكەوێتە بەینی عەسری پێنج شەممەو سەرلەبەیانی هەینی، ئەو كەرەستانە بكڕم كە دەبوایە بیانكڕم. ئەو دیمەنەم بیركەوتەوە كە مامەم لەسەردەمی شاگردێتی لەمزگەوتی شا دەروێش لەگەلّ باوكی بەسەری هاتبوو.

لەماڵەوە هاتمە دەرێو ملی جادەم گرت. پێشینان کە تووشی بارێکی دەروونی تاڵو ناهەمواری وەکوو حاڵەتی من دەبوون، سەریان بۆ بیابان هەڵدەگرت، بەڵام من لەجادەدا بەدوای چارەی خۆمدا دەگەڕام. یەکەم جار ئەوەم بەبیردا هات بچمە لای یەك دوو برادەرو ئەو پارەیان لێ قەرز بکەم، بەڵام برادەرەکانم هەرچەندە کوڕی باشو بەلوتف بوون، ئەو پارەیان نەبوو یارمەتی من بدەن. لەپڕ مێشکم بروسکەیەکی داو بیرم لەبنکەی بڵاوکردنەوەی ئەفشاری کردەوە لە(لەپامنار).

لەو بیرو خەیاڵەدا نقوم ببووم کە ئاخۆ شێوەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ جەنابی (ئەفشاری) چۆن دەبێو بە چ بیانوویەك دەتوانم ئەو پارەیەی لێ وەربگرم، لەپڕ لەسەر جادەی (چراغ برق) تووشی کابرایەکی کوردبووم. سەلامی کردو بەزمانی کوردی چاكو چۆنی لەگەڵ کردم. منیش راوەستامو بەکوردی وەڵامی چاكو چۆنیم دایەوە. دەرکەوت خەڵکی شاری خۆمە، واتە خەڵکی مەهابادە. یەکەم قسەی ئەوەبوو گوتی: ئەلحەمدولیللا زمانی کوردیت لەبیر نەکردووە. من زەوقو بواری ئەو جۆرە قسانەم نەبوو، ئەوەبوو ویستم زوو لەکورتی بیبڕمەوەو خواحافیزی لێ بکەم، بەڵام ئەو وازی نەهێناو پرسی: من دەناسی؟ گوتم: نە ء. گوتی: من ناوم (مشیری)یەو تۆ زۆر باش دەناسم. هەڵبەت دەزانی لەباکووری مەهابادو لەداوێنی چیای (خەزایی) زەوییەك هەیە هەر بەو ناوەیە، باوکی خوالێخۆشبووت ئەو زەوییەی لەباوکم کڕی،



بەڵام لەنرخەکەی چوار سەد تمەنی لەلا مایەوەو مایەوە تا عەمری خوای کرد. تۆ لەبەر ئەوەی میراتگری راستەوخۆی خوالێخۆشبووی، دەبێ قەرزەکەی بدەیتەوە، بۆئەوەی هەم من هەقی خۆم وەربگرمەوەو هەم گیانی خوالێخۆشبووش شاد بێو بەباری سووکەوە بچێتە بەهەشت. سەنەدی قەرزەکەشی بەخەتی خۆی لەلای منە، لەمەهاباد. کە قەرزەکە درایەوە، منیش سەنەدەکەت دەدەمەوە.

لەو بارودۆخەی کە منی تێ کەوتبوومو بیرم دەکردەوە پەنجا تمەن لەکوێ پەیدا بکەم، پەیدابوونی کتوپڕی ئەو خاوەن قەرزە گاڵتەجاڕە لەسەر ڕێم، شتێکی زۆر ناخۆشو لەهەمان کاتدا جێگای پێکەنین بوو. ئیتر، لەباتی ئەوەی تووڕە بم، پێکەنیمو گوتم:

- یەکەم من لەمیراتی باوکم هیچم نەبردووە تا ناچار بم قەرزەکانی بدەمەوە.

- دووەم ئەو زەوییەی ئێوە دەڵێن، من دیومەو لەبەردو مار زیاتری تێدا نییە.

- سێیەم دەستبەرکردنی گیانی باوکم، باوکی خوالێخۆشبووم خۆیەتیو لەبەرئەوەی دەزانم هیچی لەزەوی خەزایی وەرنەگردتووە، هیچ باری گرانی لەسەر رۆحی نییە، بۆیە بەباری سووکەوە دەچێتە بەهەشت.

- چوارەم ئەگەر ئێوە هەر سوورن کە من قەرزی ئەوتان بدەمەوە، من ئێستا شاگردمو بێکارەم، هیچ پارەم نییە بتاندەمێ، جا زەحمەت نەبێ

ئێوه پەنجا تمەنیش بەقەرز بدەنە من، باسەرجەمی قەرزەکەم ببێ بەچوار سەدو چەنجا تمەن. هیوادارم کە بووم بەئەفسەرو پارەم هاتە دەست بتوانم لەیەکەم دەرفەتدا هەموو پارەکەتان بدەمەوەو ئەو سەنەدەش وەربگرمەوە کە بەختی باوکی خوالێخۆشبوومە، چونکە بۆ من چوار سەدو پەنجا تمەن زیاتر دێنێ.

ئەمجارەیان نۆرەی ئەو بوو بەقسەی من پێبکەنێ، وای زانی گاڵتە دەکەمو گوتی:

ـ من بۆ سووك کردنی باری سەر رۆحی باوکتان بوو کە گوتم قەرزەکەی بدەنەوە، ئیتر خۆتو خوای خۆت.

گوتم: ئێستا سووك کردنی باری رۆحی خۆم لەرۆحی باوکم پێویستترەو ئەویش بەوە نەبێ مەیسەر نابێ کە ئێوە پەنجا تمەنم بەقەرز بدەنێ. دوا قسەی هەڕەشە بوو گوتی: ئەگەر سکاڵام دایە دادگا، پێت ناخۆش نەبێ.

من گفتم پێدا کە هەرگیز پێم ناخۆش نابێ.

خۆشبەختانە بەبێ شەڕو قڕە لەیەك جوودا بووینەوەو بڕیار بوو لەکۆشکی دادگا یەکتر ببینینەوە.

تازە رۆژ ئاوا ببوو کە جەنابی (ئەفشاری)م لەناو کتێبخانەکەی خۆیو لەسەر تەختی سەرۆکایەتی بینی. پاشایەکی بێ تاجو تەخت! وەکوو پاشای کتێبی (شازادەی بچکۆلە) وابوو، یەك ژێر دەستەشی



نەبوو، تەنیا مشکەکانی کتێبخانەکەی دادگایی دەکردو دەیکوشتن. کە چاوی بەمن کەوت، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، چونکە تا ئەو کاتە دوو شتم بۆ وەرگێڕابوو، هەردووکی چاپ کردبوونو لەفرۆشتنیان رازی بوو. یەکێ سیناریۆی (دۆن کیشۆت) بوو، بۆ فیلم دەرهێنان نووسرابووەوەو ئەوەی دی (کلۆدی بەرەللا) بوو کە چیرۆکێکی کورتی ڤیکتۆر هۆگۆ بوو. ئەم دووانە مەشقی کاری وەرگێڕانم بوون.

پرسی داخۆ چ وەرگێڕانی تازەم بۆ نەهێناوە؟ گوتم: نەء. ئیشی تازەم نەکردووە، بەڵام نەخشەم داناوە کە خۆم چیرۆکێکی کورت بنووسم. زیاتر خۆشحاڵ بوو. پرسی: تا مانگێکی دی ئامادە دەبێ؟ گوتم: بەماوەی پازدە رۆژ تەسلیمت دەکەم. پێی خۆش بوو، لەقسەکەی بەردەوام بوو:

ـ کەوابێ بەژمارەی داهاتوومان رادەگا. پرسیم: مەسەلە چییە؟ گوتی: بۆچی ئاگادارنیت؟ ئەوە دوو مانگە، هەر مانگەو چیرۆکێکی کورتی شەست لاپەڕەیی بڵاودەکەینەوە، چ وەرگێڕان بێو چ دانان. چیرۆکەکەی تۆش ژمارەی مانگی ئایندەمان دابین دەکا.

لەبارەی مافی وەرگێڕانو حیسابەکەم پرسی. گوتی: چل تمەنەو پازدە رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی دەدرێ. گوتم: ئەو چیرۆکەی من دەمەوێ بینووسم ناونیشانی (زارا - یان عەشقی شوان)ە، ئیلهامەکەی لەڕووداوێکی واقیعیو سەیرو سەمەرە وەرگیراوە کە لەکوردستانی

ئێمەدا قەوماوەو بەڕاستی پەنجا تمەن لەسەر ئاو دێنێ. قبوولّی کرد، بەو مەرجەی بەژمارەی دادێ رابگا.

ئەوسا وەزعی خۆمم بۆ باس کردو تێم گەیاند کە زۆر پێویستم بەو پارە هەیە، داواشم کرد پێشەکی پارەکەم بداتێ بۆئەوەی بتوانم ئەو شمەكو کەلوپەلە بکڕم کە بۆ کۆلێجی ئەفسەری پێم دەویست. پارەکەم وەرگرتو گرێبەستم مۆرکردو هاتمە دەرێ. لەکەیف خۆشیان خۆم پێ لەسەر پێ رانەدەگیرا.

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی، (تەقی غەفووری)ی برادەری دلّسۆزی خۆم ـ خوا لێی خۆش بێ ـ بەگەلّ خۆمداو بەیەکەوە چووینە بازاڕ. هەموو شتەکانی لستەکەم کڕیو پێنج شەش تمەنێکیش مایەوە، بڕیارمان دا بەیەکەوە خەرجی بکەین.

عەسری رۆژی هەینی، کاتێ کە بەدەستی پڕ دەگەڕامەوە کۆلێجی ئەفسەری، هەستم بەبوغرایی دەکرد، چونکە توانیبووم، بێ ئەوەی پێویستم بەمامەم بێ، بەیارمەتی (زارا)، پێویستی خۆم دەستەبەر بکەم. لەهەمان کاتدا، بەلّێنی خۆم هێنایە جێو سەرەڕای گیروگرفتو سەرقالّی بەردەوامی کۆلێجی ئەفسەری، بەپازدە رۆژ چیرۆکی (زارا)م گەیاندە دەست جەنابی (ئەفشاری)و کتێبەکە لەسەرەتای سالّی ١٣١٩ چاپ کرا.

❊ ❊ ❊



لەم رۆژانەدا، کاتێ کە دوای پازدە سالّ، بەڕێوەبەری بەڕێزی بلّاوکردنەوەی ریوایەت، ئارەزووی چاپێکی تازەی ئەم چیرۆکە جوانو واقیعیەی پیشان دا، داوام لێ کردن، رێم بدەن بەچیرۆکەکەدا بچمەوەو چی پێویست بوو چاکی بکەم. بەماوەی حەفتەیەك کارەکەم تەواو کرد، ئەوەی دەبوایە بکرێ، کردم، چونکە هەم کتێبەکە هەلّەی چاپی زۆر بوو، هەم من شێوازی نووسینی پەنجا سالّ پێش ئێستام لەگەلّ ئەمڕۆ جیایەو هەم هەندێ روون کردنەوەو شتی زیادەم خستەسەر کە چیرۆکەکەی پێ جوانتر بوو. ئێستاش ئەوەتا بەلوتفو هیممەتی بلّاوکردنەوەی ریوایەت، کە ئیشەکەی بەردەوامیو تەواوکەری دەست پێشخەرییەکەی بلّاوکەرەوەی پەنجا سالّ پێش ئێستای (ئەفشاری)یە، وا چیرۆکی واقیعیو سەیری (زارا ـ یان عەشقی شوان)، پاش پەنجا سالّ، لەقووتووی فەرامۆشی دێتە دەرەوەو دەکەوێتە بەرچاوی ئەو چەند ئازیزەی ئەوسا خوێندبوویانەوەو هەروەها ئەو نەوە تازەیەش کە لەبەرئەوەی تا ئێستا دەستیان نەکەوتووە، بۆیان نەلواو بیخوێننەوە. ئومێدەوارم بەسروشتی بەرزو ناسکیی خۆیان پەسەندی بکەنو بڕوا بەو قسەیە بێنن کە دەلّێ:

لەهەر کوێ عەشق دەسەلّاتدار بێ، عەقلّ دەستە پاچەیە...

محەمەدی قازی

# (١)

ڕۆژێکی گەرمی (حوزەیران) بوو، ئەگەر ئەو کزەبایە زۆر نەرمو نەختێ فێنکە لەباکوورەوە نەهاتایە، دونیا ئەوەندە گەرم بوو بەرگەی نەدەگیرا. (قادر)، شوانی لاوەی گوندی (حاجیاوە) رانە مەڕو بزنەکانی گوندی لەلەوەڕگا مەیلەو دوورەکانی چیا هێنابووەو لەکەناری زێخەڵانی سیمین رود (تاتاهو)، لەنزیك ئاوایی رایگرتبووەوە بۆئەوەی هەم مەڕو بزنەکان، ئەگەر تینووبن ئاوێك بخۆنەوەو تینوێتی خۆیان بشکێننو هەم ژنو کچانی گوندیش بێن مالاّتی خۆیان بدۆشن. بەرەبەری نیوەڕۆ بوو، (قادر) هەر دەم نادەم چاوی دەبڕییە رێگای باریكو پێچو پلووچی گوند بۆئەوەی بزانێ کەی ژنو کچە بێریوانەکانی دێ لەپشت بێشەکانی قەراخ رووبارەوە دەردەکەون.

گوندی (حاجیاوە) یەکێ بوو لەگوندە کوردنشینەکانی ناوچەی (ئەختەچی میاندواو)، ماوەی چارەکە سەعاتێك بەپێ لەو شوێنە دوور



بوو کە (قادر) رانەکەی لێ راگرتبووەوە، لەبەرئەوەی کەوتبووە پشت درەختە چڕەکانی بێشە، لەبەرچاو دیار نەبوو. گوندەکە، جگە لەچەند خانوویەکی خراپووچکەی قوڕ لەخانووەکانی پەڕگەی روو لەڕۆژئاوا، هیچی دیکەی نەدەکەوتە بەرچاو.

سێ سەگەکەی مێگەل لەسەر زیخی کەناری رووبار وەرکەوتبوونو لەگەرمان زمانیان دەرهێنابوو هێنکە هێنکیان بوو.

شوانەی لاو، بەدەم چاوبڕینە رێگای ئاوایی، لەبیرو لێکدانەوەیەکی ناخۆشو دوورو درێژ نقووم ببوو. جارێ، بەناو مەڕەکاندا هاتوچۆی دەکرد کە لەسەر زیخی گەرم مۆڵ ببوونو کاوێژیان دەکرد، یەك یەك تەماشای دەکردن بۆئەوەی ئەگەر کەمو کورتییەکیان لێ ببینێ، چارەسەریان بکاو، تاوێ، دەهاتە لای سەگەکانو یەك یەك پێی لەسەر ملی دادەنانو بەم جۆرە دلّنەوایی دەکردن. ئەو سێ سەگە وەفادارەش بەم دلّنەواییەی شوانە شادو کەیف خۆش دەبوونو بۆ سوپاسو دەربڕینی رێزو قەدرزانی، ملیان کەچ دەکردو کلکیان دەلەقاندو لەدەموچاوی ئالّۆسکاوی ماخۆیان رادەمان.

گوتم (قادر)، لەگەڵ پیاسەو چاوەڕێ کردنی هاتنی بێریوانەکان، کەوتبووە ناو بیرو لێکدانەوەیەکی ناخۆشو دوورو درێژ. ئەم مێشك نارەحەتییەی زیاتر لەسۆنگەی نارەحەتی بارودۆخی ژیانی تایبەتی خۆیەوە بوو. هەرچەندە ژنێکی خاتوونو وەفاداری هەبوو بەناوی

(خاوەر)و ئەو ژنە تا ئەوسا دوو منداڵی لێ هەبوو، بەڵام کەوتبووە داوی عەشقی کچێکی جوانی (زارا) ناو کە کچی وەرزێرێکی گوندەکە بوو. (قادر)، لەگەڵ ئەوەی ژنو منداڵی هەبوو، لەگەڵ ژنەکەیدا کەوتبووە ناو گێروگرفتی ژیان، نەیدەتوانی ئەم سەودا کاڵو کرچو ناماقوولە لەسەر دەربکاتو دەست لەم عەشقە ناڕەوایە هەڵگرێ. (خاوەر)ی داماویش، یان ئاگای لەم عەشقە بەدئەنجامەی بەینی مێردی بێ وەفایو (زارا) نەبوو، یان ئەگەر ئاگایشی لێ بووبێ، زاتی نەدەکرد بەسەر خۆی بێنێ، یان بەزمان نارەزایی بەرامبەر دەربڕێ، چونکە بەهەرحاڵ، ئەوسا ژن لەکۆمەڵی سەرەتایی کوردی، لەهیچ چینێکی کۆمەڵدا، نەیدەتوانی خۆی دەربخا، یان بەرگری لەمافی خۆی بکاتو وەکوو موڵكو کاڵا وابوو بۆ مێردەکەی، کابرا دەیتوانی چی بیەوێ وای لێ بکات.

کاتێ کە (قادر) لەدڵی خۆیدا لەم بیرە ناخۆشو نارەحەتانەدا بوو، بەڕووکەشیش وای دەنواند خۆی بەمەڕو سەگەکانەوە خەریك دەکا، لەپڕ بریقو باقی جامی بێریوانەکانی ئاوایی لەوسەری رێگا باریکەکەی (حاجیاوە) چاوی لەمۆلەق راگرت. ئیتر شوانەی لاو لەچاوەڕوانی حەسایەوە. کراسی سپیو زەردو سوورو شینی ژنو کچانی بێریوانی دێ، کە بەرەو مێگەل دەهاتن، لەدوورەوە کۆلکە زێڕینەیەکی نارێکیان پێك هێنابوو، دڵی تەنگو چرووساوی شوانەی روونـاك دەکردەوە. ئەو



کاتەی کە (قادر) لەشەوقی نزیکبوونەوەی دیداری (زارا)، وە جۆشو خرۆش کەوتبوو، بەبێ دەستی خۆیو بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە کە کارێکی ناوەختو نابەجێ دەکا، ئەومەڕە سپییەی بەگوێیە رەشەکانی لەمەڕە سپییەکانی دیکە جیا دەکرایەوە، لەناو مێگەل دەرهێناو گرتییە باوەشو یەك لەسەر یەك نێوچەوانی سپیو بێگەردی ئەو مەڕەی ماچ کرد. ئینجا مەڕەکەی بەڕەڵڵا کردو چاوێکی بەناو ژنو کچەکانی دێدا گێڕا کە خەریك بوون نزیك دەکەوتنەوەو دوای نەختێ لەناخی دڵەوە ئاهێکی ساردی هەڵکێشاو لەبەر سێبەری داربییەکانی کەناری رووبار کەوتە چاوەڕوانی گەیشتنی بێریوانەکان.

چەند دەقەیەکی پێ نەچوو، لەنزیکەوە گوێی لەترپەی پێی بێریوانەکانی دێ بوو، هاتەوە سەرخۆی. لەشوێنەکەی خۆی هەستاو چووە لایانەوە. ژنو کچە گەنجە بێریوانەکان بەیەك دونیا پاکیو ساکاری جامەکانیان لەسەر سەری خۆیان داگرتو سڵاویان لە (قادر) کردو لەحاڵو میزاجیان پرسی.

یەکێ لەکچە بێریوانەکان، کە ناوی (مریەم) بوو، کچی (سۆفی حوسێن) بوو، یەك دونیا شەوقو خرۆشو شەیتانیی لەژێر سیمای سادەو بەڕووکەش پاکیزەیدا حەشاردابوو، بەزەردەخەنەیەکی پڕ مانا، گاڵتەی خستە سەر (قادر)و پێی گوت:

ـ ها، (قادر) ئەوە چ بووە؟ ماوەیەکە پەستو پەشێوت دەبینم، خۆ شتێکی خراپت لێ نەقەوماوە؟

(قادر)، دەتگوت هیچ ئاگای لەپرسیاری (مریەم) نەبووە، هەموو هەستو سەرنجی لەلای کراسی سپیو سادەی ئەو کچە گەنجو لاوازە بوو کە لەبنەوە تەماشای ئەمی دەکردو بەدەمیەوەش بەدوای مەڕەکانیدا دەگەڕا بۆئەوەی بیاندۆشێ، بۆیە هیچ وەڵامی نەدایەوە.

(مریەم)، بۆئەوەی زیاتر گاڵتە بخاتە سەر (قادر)و بەقسەی بێنێ، لەسەر شەیتانیی خۆی بەردەوام بوو دیسان گوتی:

ـ شك دەکەم کرمانجەکان دیسان کرێی شوانەتیان خواردووی؟ یان لەگەڵ (خاوەر)ی خێزانت بەشەڕ هاتووی، وانییە؟

(خاوەر)ی خێزانی (قادر)، لەگەڵ بێریوانەکانی دیکە هاتبوو بزنەکانی بدۆشێ. بەبیستنی ئەم قسەیە ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو بەدزی سەرنجێکی لە (قادر)دا بۆئەوەی مانای ئەم قسەیەی لەسەرو سیمای بخوێنێتەوە، بەڵام بەقسە هیچی نەگوت.

(قادر)یش، لەبەرئەوەی ژنەکەی لەناو بێریوانەکان بوو، نەختێ خۆی کۆکردەوەو سەرو سیمای خۆی ڕێکخست، بەڵام کە بینی ژنەکان هەموو سەرقاڵی دۆشینی ماڵاتی خۆیانن، وردە وردە خۆی لەکچەی سپیپۆشی لاواز نزیك خستەوە، لەسەر سەری وەستاو لەتەماشای چاوە ڕەشو جوانەکانی نقوم بوو. کچەی سپیپۆش، دوای چەند لەحزەیەك، سەری



هەڵبڕی، زەردەخەنەیەکی خۆشو شیرینی بەڕووی (قادر)دا کردو دووبارە سەری دانەواندەوەو دەستی بەدۆشین کردەوە.

(قادر) سەرنجێکی دیکەی دڵنیابوونی لەمێگەلەکەو لەبێریوانەکان داو کە وەختەکەی لەبار بینی، دەمی قسەی کردە کچەکەو گوتی:

ـ زارا، ئاخر تۆ نەتگوت باوکت لەبەرچی بەزەماوەندی منو تۆ ڕازی نابێ.

زارای فریشتەی سپیپۆش لەشەرمو حەیای خۆی سوور هەڵگەڕا بوو، لەوەڵامدا گوتی:

ـ (قادر)، باوکم قەت بەزەماوەندی منو تۆ ڕازی نابێ، چونکە ئەوە لەمولاوە دانێ کە تۆ گەنجێکی هەژارو نەداریو خاوەنی ژنو منداڵی، ئاخر باوکم بەڵێنی بە (مەجید خان)ی کوڕی ئاغا داوە کە منی بداتێ.

بۆراتی تۆزی خەمو خەفەت سیمای سوور هەڵگەڕاوی (قادر)ی ڕەش کردو بەبێ دەستی خۆی گوتی:

ـ زارا، من ئەم قسانەم بەگوێدا ناچێ، یان تۆ دەبێ لەگەڵ من بێی، لێرە ڕابکەینو بچینە جێگایەکی دیکەی دوور لەناحەزان، بۆئەوەی ژیانێکی تازە بۆ خۆمان پێکەوە بنێین، یان ئەمن دەزگیرانی زۆرەملی تۆ دەکوژمو بەتەنێ ڕادەکەم. جا بۆ خۆت باش بیربکەوەو وامەکە من کارێکی شێتانەم لەدەست بقەومێ.

زارا زۆر ناڕەحەت بوو، سەرنجێکی لەدەوروبەری خۆیدا، ئینجا گوتی:

ـ کوره، ئەوە تۆ شێت بووی؟ تۆ چۆن دەتوانی کوڕی ئاغا بکوژی‌و بەسەلامەتی لێرە دەربازبی؟ تۆ ئەگەر بەزەیت بەخۆشتدا نایەتەوە، لانی کەم بەزەیت بەژن‌و منداڵەکانتدا بێتەوە! ژنێکی باش‌و نەرم‌و حەلیم‌و پاکیزەو بەحەیای وەکوو (خاوەر) چ عەیبی هەیە، دەتەوێ من بێنی؟ وەرە واز لەم خەیاڵە پڕوپوچەو بێنەو بەخۆڕایی مەبە باعیسی بەدبەختی‌و دەربەدەری خێزانێکی پاکیزەو بێ تاوان.

(قادر) گوتی:

(زارا) گیان، پێویست ناکا تۆ ئامۆژگاری من بکەی. تۆ ئەگەر بەڕاستی لەسەر ئەو قسەو بڕیارە ماوی کە پێش دوو سێ مانگ لەسەر کانی دێ بەمنت دا، دەبێ لەگەڵم بێیت‌و قسەکەی خۆت نەشکێنی، خۆ ئەگەر پشتە پێشت لەبەڵێن‌و پەیمانی خۆت داوە، زوو پێم بڵێ بۆئەوەی من ئیشی خۆم بزانم.

(زارا)، لەگەڵ ئەم قسەیە سیمای نەختێ تێك چوو، سەرنجێکی حەپەساوی لەسەراپای شوانەی کۆك‌و کنك‌و ئازا داو گوتی:

ـ من هەر لەسەر ئەو بەڵێن‌و پەیمانەم کە بەتۆم داوەو هەرواش دەمێنمەوە، تەنیا ئەوەیە بیر لەبەدبەختی ئایندەی تۆو خاوو خێزانەکەت دەکەمەوە، داخۆ چیبیان بەسەر دێ. پێش چەند رۆژێ، کە پیرە باوکی تۆم بینی لەگەڵ باوکم لەبارەی زەماوەندی من‌و تۆوە قسەیان دەکرد، باوکت سەبارەت بەشێلگیری‌و کەللەڕەقیی تۆ فرمێسکی دەباراند، من بێ



دەستی خۆم دەستم بەگریان کردو ئاگرێکی وام لەدڵ بەربوو، چت لێ بشارمەوە، تاڕادەیەك لەقسەو بڕیاری خۆم لەگەڵ تۆو ئەو بەڵێنی زەماوەندەی بەتۆم دابوو، پەشیمان بوومەوە، بەڵام چ بکەم؟ هەر کاتێ کە چاوم بەتۆ دەکەوێ‌و سیمای ئاڵۆسکاوو تێکچووی تۆ دەبینم، ویژدان‌و مرۆڤایەتی دەخەمە لاوەو بیری بەدبەختیی‌و ماڵ کاولیی (خاوەر)ی خێزان‌و منداڵە بێ گوناهەکانی تۆم لەمێشکدا نامێنێ. بەهەرحاڵ (قادر) گیان، مەسەلەی بەیەك گەیشتنی من‌و تۆ شتێکی وانییە بەئاسانی چارەسەر بکرێ.

(قادر) چەند لەحزەیەك بەبێ دەنگی بیری لەم قسانە کردەوەو ئاخیری گوتی:

(زارا) گیان، گرفتی ئیشەکە لەوەدایە هەموو کەس وا تێ دەگا ئەگەر تۆ ببی بەخێزانی من، ئیدی من (خاوەر) بەڕەڵڵا دەکەم‌و ئەویش بەتەواوی ئاوارەو بەدبەخت دەبێ. کەچی بەپێچەوانەوە، من وا تێ دەگەم هاتنی تۆ بۆ ماڵی ئێمە، دەبێ بەمایەی حەسانەوەی (خاوەر)و تۆ لەڕاپەڕاندنی کاروباری ناو ماڵ‌و پەروەردەی منداڵەکان یارمەتییەکی زۆری دەدەی.

(زارا) بەم قسەیەی (قادر) زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕی کەوتە سەر لێوو گوتی:

ـــ گـەنجۆ، لـەبیرت نەچــێ یــەکێ لەمەرجــەکانی بــاوکم بۆئــەوەی بەزەماوەندی منو تۆ رازی بـێ ـ گریمـان ئەگـەر بـەو ئیـشە رازی بـوو ـ ئەوەیە کە تۆ ژنەکەت تەڵاق بـدەیو راسـتیش هـەر ئەوەیـە کـە زەحمەتـە مـنو ئـەو بتـوانین لەیـەك مـاڵ، وەکـوو هـەوێ بەیەکـەوە بـژین. مـن، لەلایەکەوە حەز ناکـەم تـۆ ئـەو تـەڵاق بـدەیو خـۆیو دوو منـداڵی بـێ گوناهی ئاوارەو بەدبەخت بکەی، لەلایەکی دیکەشەوە، ئامادەنیم لەگەڵ ئەو، لەیەك جێگادا بژیم. سەرەڕای ئەوەش، ئێستا ئەم قسانەی مـنو تـۆ هیچ سوودی نییـە، چـونکە تـا بـاوکم لەسـەر رەتکردنـەوەی زەماوەنـدی منو تۆ مابێو تا (مـەجید خان) لەژیانـدا بـێ کـە کەوتۆتـە بـەر دڵـی باوکم، بەیەك گەیشتنی منو تۆ کارێکی ئەستەمە.

(قادر) بێ دەنگ بوو، هیچی نەگوت، چـونکە هەنـدێ لـەژنو کـچە بێریوانەکان ئیشی خۆیان تەواو کردبوو خـەریك بـوون وردە وردە بـۆلای ئەوان دەهاتنو (قادر)و (زارا)ش ئاگایان لـێ بوو. (خاوەر) لەدۆشینی بزنەکانی ببووەوەو چاوەڕێی دەکرد ئەوانی دیکە بـەرێ بکـەونو ئـەویش لەگەڵیان بڕواتەوە.

(زارا) دوا مـەڕی گرتبوو دەیدۆشی، مـەڕە سپییە گـوێ رەشـەکە بـوو کە زۆری خۆش دەویست. (قـادر) لەگـەڵ تێکـچوونی زەمینـەی لـەباری دەردەدڵ کردنی بابەتەکە، قسەکەی گۆڕیو لە (زارا)ی پرسی:



ـ بەڕاست! ئەرێ ئەوە تـۆ بۆچـی ئـەم مـەڕە سـپییە پـاش هـەموویان دەدۆشی؟ ئایا ئەم کارە هیچ نهێنییەکی تێدایە؟

(زارا) گرژییەوەو گوتی: نەخێر گیانە، هیچ نهێنییـەکی تێـدا نییـە، تەنیا سەبارەت بەوەیە کە ئەم مەڕە هی خۆمە. دیارە جارێکیان بۆم باس کردی، کاتی خۆی کـە ئـەم مـەڕە هێـشتا بەرخۆلەیـەکی بـچکۆڵە بـوو، باوکم پێشکەشی منی کرد. من لەبەرئەوەی زۆرم خۆش دەویست، بەڕۆژ لەباوەشم دەکردو دەمبردە ئاقاری. بەدەستی خۆم گیام بۆ دەکردو لەزارم دەنـا. بـەم جـۆرە پێمگەیانـدو پـەروەردەم کـرد تـا گـەورەبوو، ئێـستاش لەهەموو مـەڕەکانی دی شـیری زیـاترە. مـن زۆرم خـۆش دەوێو هـەموو جارێ دوای هەموویان ئینجا ئـەو دەدۆشـم بۆئـەوەی وێنـەی دەموچـاوی نازكو نازداری زیاتر لەمێشکمدا بمێنێتەوە.

وردە وردە وەختی رۆیشتن داهات، هەموو بێریوانەکان ماڵاتی خۆیان دۆشی بوو، جامی پڕ شیری خۆیان لەسـەر سـەر دانـابوو دەسـتیان پێـوە گرتبوو چاوەڕێی بەرێکەوتنی (زارا)و (خـاوەر) بـوون بۆئـەوەی هـەموو بەیەکەوە بگەڕێنەوە دێ. (خاوەر) لەمێردی نزیك کەوتـەوەو بـەئاوازێکی تایبەتی کە بۆنی دڵگرانیو نارەحەتی لـێ دەهات، پێی گوت:

ـ ئەمشەو ئیدی ئیشاڵڵا دێیتەوە ماڵێ! ئەوە سێ شـەوە لەسـەر یـەك تۆ لەئاقاری دەخەویو ناگەڕێیتەوە ماڵێ. من ئەمرۆ بەئەنقـەس نـانم بـۆ نەهێنای بۆئەوەی ناچاربی شەو بێیتەوە ماڵێ. ئەگەر بۆ شیوی ئێوارەش



@kurdica

مگێزت لەخواردنێکی تایبەتییە، پێم بڵێ با بۆت لێ بنێم... ئێستا، درەنگ دێیتەوە، یان زوو؟ ئەگەر زوو نایەیتەوە وابڵێ، بۆئەوەی بەوەختەوە منداڵەکان بخەوێنم.

(قادر)، وەکو ئەوەی بەبیستنی قسەکانی ژنەکەی نارەحەت بووبێ، بەناخۆشی رووی وێك هێنایەوەو گوتی:

ـ بەلاش نانت بۆ نەهێناوم. من دەمەویست ئەمشەویش لەئاقاریو لەگەڵ مەڕەکانم بەسەر بەرم. هەیوەشەوە، دەشتو ئاقار، بەتایبەتی لەقەراخی رووبار، زۆر خۆشو دڵبزوێنە. هەنووکەش مادام نانت بۆ نەهێناوم، چارەم نییە دەبێ شەو بێمەوە ماڵێ.

بۆ شێوی ئێوارەش هیچ شتی تایبەتی نییە حەزم لێ بێو هەرچی لێی بنێی دەیخۆم. بپرسە، بزانە منداڵ حەزیان لەچییە، ئەوە لێ بنێ. بۆ من هەمووی هەر یەکە. زۆر باشە، ئێستاش هیچ چارەم نییە، دێمەوە ماڵێ.

(خاوەر) نەختێ پەستو دڵگیر بوو، بەڵام هیچی نەگوت. ملی رێی گرت بۆئەوەی لەدەستە خوشکەکانی دوانەکەوێ. بێریوانەکان هەموو لەسەر رۆیشتن بوون، بەرلەوەی بەرێ بکەون، هاواریان کرد:

ـ (قادر) خوا حافیز!

(قادر) دەستێکی بۆ هەڵشەقاندنو لەوەڵامدا گوتی:

ـ ئەمانەتی خوابن!



(قادر) بۆ دواجار سەرنجێکی پڕ عەشقو ئەوینی لەلەشو لاری باریكو رێكوپێکی (زارا)داو دووبارە لەبەر سێبەری داربییەکان پاڵی دایەوە.

ژنو کچە بێریوانەکان بە چ رێگایەکدا هاتبوون، هەر بەو رێیەدا بەرەو ئاوایی گەڕانەوەو تا هەموو لەناو درەختە چڕەکانی بێشە بزربوون، (قادر) بەنیگای پەرۆشەوە بەڕێی کردن. لەدوورەوە، دەنگە دەنگی قسەو قریوەی پێکەنینی ژنو کچە بێریوانەکان دەهاتو (خاوەر)ی کلۆڵ نەیدەزانی مێردی، چەند هەنگاوێ لەولای ئەوەوە، چ گفتوگۆیەکی خۆشو شیرینی لەگەڵ (زارا) کردووە، خۆ ئەگەر بشیزانیایە بەسەر خۆی نەدەهێنا، چونکە هیچی لەدەست نەدەهات.

* * *

## (٢)

(قادر) شوان گەنجێکی کۆكو بالآبەرزو چوار شانە بوو، دوو چاوی گەورەو رەشی لەژێر برۆی پڕو پەیوەستدا وەکوو دوو مۆمی داگیرساو دەدرەوشانەوەو سەرنجی تەماشاکەریان، بەخورتی بۆلای خۆیان رادەکێشا. هەنیەی پانو تەختو گەورەی، وەکوو چۆن مانگێکی پڕ دەکەوێتە بن پەڵە هەورێ، ئاوها کەوتبووە بن هەورییەکی رەشی کوردی. کەپووی راستو درێژو بەرانی بوو، لێوی سەرەوەی نەختێ لەلێوی خوارەوەی ئەستوورتر بوو، سمێڵێکی رەشی بەسەرەوە بوو. زاری بچووكو رێك بوو، چەنەگەی خڕو قۆرت بوو، ددانی سپیو بریقەدار بوونو گۆنای سوورو قیت بوون. رەنگی دەموچاوی، لەبەر گەرمای بەردەوامی خۆری چیاو دەشتو ئاقارو بیابان، نەختێ رەش ببوو جلوەیەکی زیاتری بەسەرو سیمای مەردانەی دابوو. هەیکەلی پتەوو



رێكوپێك بوو، زلو گەورە بوو. جوولەو هاتوچۆی، لەچاو لەشی زلو سەنگینی، سووكو چوستو چاپووك بوو.

(قادر) ئێستا تەمەنی بیستو نۆ ساڵە. پێش هەشت ساڵ، واتە کە تەمەنی تازە بیستو یەك ساڵ بوو، لەسەر سووربوونی باوکی، زەماوەندی لەگەڵ (خاوەر) خانی کچی کرمانجێکی مەیلەو خۆشگوزەرانی (حاجیاوە) کرد. باوکی (قادر)، کە پێیان دەگوت (مەحمود شوان)، پیرەمێردێکی کۆك بوو، هەموو ژیانی خۆی بەشوانی رابواردبوو. سەیر ئەوەیە پیشەی بابو باپیرانیشی هەر تەنیا شوانی بووەو بەس. ئەم پیاوە بەڕاستی حەزی لەپیشەی شوانیی بوو. دەتوانین بڵێین تەنانەت شانازیشی پێوە دەکرد. ئەگەرچی بەدرێژایی ژیانی ئەوەندەی لەکرێی شوانیی خۆی پاشەکەوت کردبوو، کە کوڕەکەی لەپاش خۆی پێویستی بەئیشی شوانیی نەبێو بۆ خۆی کارو کاسبییەکی دیکە بکا، بۆ نموونە وەکوو وەرزێری، یان ئاژەڵداری، یان کاسبیو مامەڵە، بەڵام لەبەرئەوەی پیشەی شوانیی بەپیشەی بنەماڵەو دێرینی خۆی دەزانی، (قادر)یشی خستەسەر هەمان ئیشو زۆر بەسووربوونەوە داوای لێ کرد بەهیچ جۆرێ واز لەپیشەی باوكو باپیرانی خۆی نەهێنێو رێگای باوكو باپیرانی بەرنەدا. بەڕێکەوت (قادر) خۆیشی حەزی لەپیشەی شوانیی بوو، دەتگوت شەوقو ئارەزووی ئەم کارەی لەباپیرە گەورانی خۆیەوە بەمیرات بۆ ماوەتەوە.

(مەحمود) شوان، لەگەڵ ئەوەی تەمەنی لەپەنجاو شەش، پەنجاو حەوت ساڵ زیاتر نەبوو، بەجۆرێکی وا داهێزرابوو، داماڵابوو، پیر ببوو، هەموو کەس بەحەفتا ساڵی زیاتریان دادەنا. ئەم پیرییە زووەو ئەم داهێزرانەی زیاتر لەسۆنگەی ئەوەوە بوو کە دووجار تووشی کارەساتی سەختو جەرگ بڕ ببوو. خەمو خەفەتی ئەو دوو کارەساتە بەڕاستی وردو خاشی کردبوو، پشتی شکاندبوو: یەکێکیان کارەساتی مردنی کوڕە گەورەکەی بوو، کە برا گەورەی (قادر) بوو، مەعلوم نەبوو ئەم گەنجە داماوە بەهۆی چ بەسەرهاتێکەوە مردو لەناوچوو، ئەوەی دیکەش وەفاتی خێزانەکەی بوو کە دایکی (قادر) بوو. سۆریکەی لێ هاتبوو پێوە چووبوو. دەست نەکەوتنی داوو دەرمانو دختۆرو نالەباریی بارودۆخی تەندروستی لەدێهاتەکانی کوردستان بەڵایەکی وابوو زەبری لەزۆر کەس دەدا. ئەو رۆژەی دایکی (قادر) عەمری خوای کرد، (قادر) تەمەنی پازدە ساڵ زیاتر نەبوو، لەوسا بەدواوە، ئەم منداڵە، یان ئەم تولازە هەتا هەتایە لەنازو سۆزو خۆشەویستی دایکێتی، بێ بەش بوو.

(قادر) لەتەمەنی یازدە ساڵی بەدواوە، لەگەڵ باوکی دەچووە بەر مەڕی ئاواییو لەدەشتو زوورگەکانی دەوروبەری (سیمین رود) دەسووڕایەوە. لەڕاستیدا ئەو ئیشەی ئەو دەیکرد هەر تەنیا مەشقی شوانیی بوو بەس.



کە بوو بەبیستو یەك ساڵیو باوکی ژنی بۆ هێنا، داوای خانوویەکی دیکەی بۆ لەئاغا کرد، بۆئەوەی کوڕەکەی لەژیانی سەربەخۆیی رابێو مێگەلێکی جیاشی بۆ بەیەکەوەنا بۆئەوەی لەکارو پیشەکەیشی هەر سەربەخۆ بێو لەکۆتو بەندی پاشکۆیی باوکی دەربچێ.

خەزووری (قادر) ناوی (عەبدوڵڵا) بوو، یەکێ بوو لەکرمانجە مەیلەو دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانەکانی (حاجیاوە)و دە دوازدە ساڵێك بوو لەو گوندە دەژیا. (سەید عەبدوڵڵا) لەبەرئەوەی باری ئابووری بڕەك باش بوو، لەبەرئەوەش کە (سەید) بوو، خۆی لەخەڵکی رەمەکی بەپایە بەرزترو بەشانو شەوکەتتر دەزانی، یەکەم جار رازی نەبوو کچی خۆی بداتە شوانێکی دەستکورتو ئەو جۆرە زاوایەی بەشایەنی شانو پایەی مادیو مەعنەوی خۆی نەدەزانی، بەڵام باوکی (قادر) مکووڕ بوو لەسەرئەوەی کوڕەکەی دەبێ خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەیەکی باشو بڕەك خۆشگوزەرانو بەڕێز بکا، ئەوەبوو، بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە، دەستەوداوێنی ئاغای گوندو چەند ریش سپییەکی بەڕێزی ئاوایی بوو. ئەوانیش کەوتنە بەینو بەمەوە توانی دڵی (سەید عەبدوڵڵا) نەرم بکاو (خاوەر)ی کچی بۆ (قادر) بێنێ.

ئێستا (قادر) ئەوە چەند ساڵ بوو بەوپەڕی خۆشیو ئاسوودەیی لەگەڵ (خاوەر)ی ژنی ئازیزو میهرەبانی دەژیا، بێ ئەوەی بینای ژیانیان هیچ لەرزە لەرزێکی تێ بکەوێ، لەهەمان کاتیشدا بەخۆشیو شادی

لەکاری شوانیێتی خۆیا بەردەوام بوو. لەساڵی دووەمی زەماوەندگرتنیان، کورێکی لە (خاوەر) بوو، ناوی نا (مەنسوور)و دوای دوو ساڵی دیش بوو بەخاوەنی کچێکی (شیرین) ناوو ئەم دوو منداڵە ئازیزو خۆشەویستە وەکوو دوو ئەستوندەی ئاسن بینای ژیانی ئەو خێزانە هەژارو نەجیبو زەحمەتکێشەیان راگرتبوو.

(خاوەر)، بەتایبەتی دوای ئەوەی دوو جگەرگۆشەی نازداری بوو، کە پەیوەندیی سۆزو خۆشەویستیو یەکێتیو یەك رەنگییان لەگەڵ مێردی پتەوتر دەکرد، بەختەوەریو گوزەرانی خۆشو ئاسوودەی ئەوەندە بەرچاوو سەرنجکێش بوو کە زۆربەی کچانی دێ بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان پێ لە (خاوەر) جوانترو دڵبەرتر بوو، شاکانیو ئێرەییان پێ دەبرد، بەغیلیان بەژیانی (خاوەر) دەبردو لەخوا دەپاڕانەوە مێردێکی کۆكو لێوەشاوەی وەکو مێردی (خاوەر)یان بەنسیب بکا.

دیارە هیچ خۆشیو بەختەوەرییەك تا سەر نییەو هەمیشە دڵەڕاوکەی ئەو مەترسییە لەگۆڕێیە کە ئەم بینایە بومەلەرزەی لێ بدا. بینای بەختەوەریو ئەستوندەی ژیانی (خاوەر)یش کەوتە بەر جۆرە مەترسییەکی ئاوهاو ئاخیری ئاهی حەسوودان گرتی...

سەرەتای ئەو بومەلەرزەیەی لەبینای بەختەوەریو لەژیانی ئاسوودەی (خاوەر)ی دا، ئەو کاتە سەری هەڵدا کە کرمانجێکی تازە لەگوندی (پیر



وەلی باغ) باری کردو هاتە (حاجیاوە)و بەماڵو خاوو خێزانەوە لەو گوندە ئاکنجی بوو.

لەولاتانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، کرمانج بەشێوەی (سێرف) بەزەوی بەسرابووەوەو مەللاك یان ئاغا دەیتوانی زەوییەکەی بە (سێرف)ەوە بەیەکێکی دی بفرۆشێ، کەچی بەپێچەوانەوە لەکوردستان، کرمانج ئەو جۆرە بەسرانەوە نەپچڕاوەیان بەزەوی کشتوکاڵەوە نەبوو. هەر کاتێ حەزیان لێ بایە دەیانتوانی لەگوندێکەوە بار بکەن بۆ گوندێکی دی. بێ گومان ئاغا پارچە زەوییەکی بۆ کشتوکاڵ دەدایە کرمانجەکەو لەکاتی هەڵگرتنی بەروبووم، بەشی ئاغایەتی خۆی لێ دەبرد، بەڵام لەوەبەولاوە، کرمانج بەزەوی نەبەسرابووەوەو ئەگەر حەزی نەکردایە لای ئاغای ئەو شوێنە بمێنێتەوە، دەچووە لای ئاغایەکی دیو بەمەرجی لەبارتر لەگەڵی رێك دەکەوتو بەخاوو خێزانەوە، بەدارو نەدارەوە باری دەکردو دەچووە گوندەکەی ئەو. ئاغا تازەکەش لەگوندی خۆی خانوویەکی لەخانووەکانی ئاوایی بۆ تەرخان دەکرد بۆئەوەی تیا بژیو لەو گوندە پارچە زەوییەکی کشتوکاڵیشی لەزەوییەکانی موڵکی خۆی، پێ دەسپارد بۆئەوەی بیکاتە کشتوکاڵو بۆخۆی دەناوی بێنێ، مەرجو بڕیاری دیکەش لەبارەی بەشی ئاغاو شتی دیکەوە هەرئەوەبوو کە بۆ کرمانجەکانی دی دیاری کرابوو.

بەجۆرێکی ئاسایی، (ئادار) باشترین کاتە بۆ جێ گۆڕینو بارکردنی کرمانجان لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە. هەربۆیەش لەم وەرزەدا، ڕێگا باریكو سروشتییەکانی بەینی گوندەکانی ناوچەی (ئەختەچی)، کە (حاجیاوە)و (قارنجە)ش دەگرێتەوە، قەرەباڵغ دەبوونو ماڵو خێزانی کۆچکردووت لەو ڕێیانە دەبینی. وەکو ریزی مێروولە سەریان لەدوو یەك ناوەو لەو گوندەوە بار دەکەن بۆ ئەو گوند.

بەر لەپازدە مانگ، ئەو رۆژەی (قادر) مێگەلی لەکەناری (سیمین رود) ڕاگرتبووەوەو وەکوو دیمان چاوەڕێی دەکرد ژنو کچە بێریوانەکان بێنو مەڕەکانیان بدۆشن، ئاخرو ئۆخری (ئادار) بوو، خێزانێك لە (پیر وەلی باغ) باریان کردو بەرەو (حاجیاوە) کۆچیان لێ نا. ئەو خێزانە نوێیە لەوە بەدواوە لە (حاجیاوە) گیرسایەوەو ئەوەبوو کە وەکوو بومەلەرزە لەبینای بەختەوەری (خاوەر)ی داماوی دا.

حاجی مستەفای کرمانجی نەوکۆچ یەکێ بوو لەکرمانجە دەوڵەمەندەکانی (پیر وەلی باغ)، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی بەو شێوەی خۆی دەیەوێ لەگەڵ ئاغای گوندەکەی هەڵ بکا، بڕیاری دا لە (پیر وەلی باغ) بڕواو دوای ئەوەی بەنهێنی لەگەڵ ئاغای (حاجیاوە) پێکهات، بەژنو منداڵو دارو نەدارەوە کۆچی کرد بۆ ئەو گوندە بۆئەوەی ژیانێکی خۆشترو رەحەتترو زیاتر بەدڵی خۆیو خێزانەکەی، بژی. حاجی مستەفا دوو کوڕی گەورەی هەبوو. هەردووکیان ژنیان هێنابوو، لەگەڵ باوکیان



ئیشیان دەکرد. کچێکی حەڤدە ساڵیشی هەبوو، لەبراکانی بچووکتر بوو، لەجوانیو خاتوونیدا هاوتای نەبوو. لەهەر گوندێ بژیبایە، یان بەهەر گوندێکدا تێپەڕیبایە، دڵی سەدان گەنجی عاشقی دەکردە دیلی چاوە بەخومارەکانو کەزییە هۆنراوەکانی خۆی. ئەم کچە روو جوانە ناوی (زارا) بوو، رەنگە ئەوەندە بۆ وەسف کردنی بەس بێ کە بڵێین نەك تەنیا لەکوردستان، بەڵکو لەهەموو ئێرانو لەزۆر شوێنی دیکەی دنیاش کچی جوانو دڵبەری وەکوو ئەو بەدەگمەن دەست دەکەوت. رۆحی ئەو شاعیرە هەر شادبێ کە تاکە دێڕە شیعرێکی لەبارەی جوانیی دڵدارەکەی خۆی نووسیوە، دڵدارەکەشی لەجوانیدا بەقولەپێی (زارا) نەگەیشتووە، دێرە شیعرەکە ئەمەیە:

خوبیو دلبریو حسن حسابی دارد

بیحساب از چە سبب این همە زیبا شدە ای؟

تاکە کەمو کورتییەك ـ ئەگەر بکرێ پێی بڵێین کەموکورتی ـ کە لەم کچەدا هەبوو، ئەوەبوو نەختێ لاواز بوو، ئەگەرنا هیچ شاژنێکی سەرنجکێشی دنیا نەیدەتوانی نازی لەسەر بکا کە چاوی گەورەو بەخوماری وەکوو چاوی ئەمی هەیە. هیچ ئارایشگەرێك نەیدەتوانی برۆیەکی رەشو باریكو هیلالی وەکو برۆی ئەو، بکێشی. تەوێڵی پاكو بێ گەردو سپیو گەورەی لەگەڵ هیچ ئاوێنەیەك بەراورد نەدەکرا. دەمی گچکەو ناسكو لێوی تەنكو سووری کە دەتگوت سروشت رەنگی

کردووە، لەهیچ مەوجوودێکی دیکەدا نەبوو، لووتی درێژو باریکی بەهیچ شتێ تەشبیە نەدەکرا، ئەوەندە رێكو ناسكو جوان بوو تەماشاکەری بەناچاری تووشی ماتیو سەرسامی دەکرد. گۆنا سوورو زەقەکانی بەو رەنگو ئاوە سروشتییەوە لەسوورە گوڵی تێپەڕاندبوو، چەنەگەی لەو شاکارە دەستکردانە بالاتر بوو کە لەمەڕمەڕ دروست دەکرێن. قۆرتی جوانی ناوەندی چەناگەی چاڵی زەنەخدان بوو، جوانیو دڵگرییەکی تایبەتی وای بەڕوخساری بەخشی بوو، وەسف نەدەکرا. (زارا)، سەرەڕای ئەو دیما نائاساییەی کە مرۆڤی بێ هۆش دەکرد، ناسکییەکی بێ ئەندازەشی هەبوو، هەموو کەسی شێتو شەیدای ئەدگارو رەوشتی خۆی دەکرد. بەڵێ، (زارا) بەڕاستی جوانو وەفادار بوو. ئەم دیماو ئەم ناسکییەی نەك تەنیا هەر بینای بەختەوەری خێزانی (قادر)ی هەژاند، بەڵکو پشێویو بومەلەرزەی خستە ناو زۆر خێزانی دیکەش کە باسکردنی هەموویان لەبابەتی ئێمە بەدەرە.

دوو رۆژ دوای هاتنی ئەو خێزانە نوێیە بۆ (حاجیاوە)، باوکی (زارا) (زارا)ی راسپارد لەگەڵ شاگردیماڵەوە مەڕو بزنەکانیان بباتە دەرەوەی ئاوایی، بۆ ئەو شوێنەی شوانی دێ هەموو جارێ مەڕی خەڵکی لێ مۆڵ دەکرد بۆئەوەی ژنو کچە بێریوانەکان بچنو بیاندۆشن، و لەوێ تەسلیمی شوانەکەیان بکا.



ئاشکرایە، حاجی مستەفا دوای هاتنە (حاجیاوە)، (قادر) شوانی بینی بوو چەندو چوونو قەولو بڕیەی بردنی مەڕەکانی لەگەڵ بڕی بووەوە، ئێستا تەنیا ئەوەندە مابوو مالاتەکان ببەنو تەسلیمی بکەن. نابێ خوێنەریش پێی سەیر بێ کە هەرچەندە حاجی دوو کوڕی گەنجی هەبوو، کەچی ئەم کارەی بە (زارا) سپاردبوو، چونکە جگە لەوەی ژن لەدێهاتەکانی کوردستاندا بەهیچ جۆرێ بەعەباوپێچە لەپیاو دانابڕێو لەم رووەوە کەمترین کۆتو بەندیان لەناودا نییە، بەزۆری ئەم جۆرە کارانە ژنو کچ دەیانکەن، بگرە زۆر جاری وا هەیە تۆودانی زەویو میوەڕنینو کاری مەرەزەش هەر ژن دەیکەن. ژنی حاجی، واتە دایکی (زارا)، لەبەرئەوەی خەریکی ئیشی ناومالو چێشت لێنانو شتی دیکە بوو، شۆردنی جلو بەرگی خۆیو مێردیو کچیو شاگردی ماڵەوەشی لەئەستۆدا بوو، بۆیە بەناچاری، تەسلیم کردنی مەڕەکان بەشوانی گوندو دۆشینیان، کەوتە ئەستۆی (زارا) خۆی.

بەڵێ، (زارا) لەگەڵ شاگردی ماڵەوە مەڕو بزنەکانی بردە دەرەوەی دێ بۆ ئەو شوێنەی، شوانەکە چاوەڕێی بێریوانەکانی دەکردو ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە دەبوو مەڕەکانی لێ تەسلیم بکا. (قادر)، لەدوورەوە کە چاوی بەزاراو نۆکەرەکەی هاوڕێی کەوت، لەزۆریی مەڕەکانەوە، بەمەزەندە زانی ئەم مالاتە دەبێ هی (حاجی مستەفا) بێ، ئەو کرمانجە نوێیەی بەم دوادواییە هاتبووە (حاجیاوە)و رۆژی پێشی

چەندوچوونو قەولو بڕییەی بردنی مەڕەکانی لەگەڵ بڕی بووەوە.

بێگومان (قادر) پێشتر کەمێ باسی جوانیی (زارا)ی بیستبوو، بەڵام ئێستا کە زارا لەبەردەمی بوو، ئەم تەماشای دەکرد، هەستی کرد ئەوانەی پەسنی جوانیی ئەو دڵبەرە نازدارەیان داوە، بەڕاستی لەسەدایەکی جوانییەکەیان نەگوتووە، وەکوو دەڵێن: بیستن لەکوێو بینین لەکوێ! (قادر)ی داماو نەك بەدڵێك بەسەد دڵ عاشقو شەیدای جوانیی وەك مانگی ئەو کیژە نازدارە بوو، بەجۆرێ دڵی کەوتە داوی عەشقی ئەو کچە قشتە پەری ئاسایە کە خۆیشی نەیدەزانیو تێ نەدەگەیشت چی بەسەر هاتووە.

(قادر) پێشتر کە باسی جوانیی (زارا)ی بیستبوو هیچ گۆڕانی بەسەردانەهاتبوو، هەقیشی بوو گۆڕانی بەسەردا نەیە، چونکە پیاوێکی وەکوو ئەو، خاوەنی ژنێکی دڵسۆزو میهرەبانو دوو منداڵی بێ گوناه، کە باوکی خۆیان زۆر خۆش دەویستو باوکیشیان ئەوانی خۆش دەویست، هیچ شیاوی ئەوە نەبوو بەم پەسن دانو پێ هەڵگوتنە بچووکترین گۆڕانی بەسەر باری دەروونیدا بێو بارودۆخی ژیانی بگۆڕێ.

(زارا) بەخۆو بەمەڕەکانو نۆکەری ماڵەوەی گەیشتە لای شوانەی گەنجو سەلامی لێ کرد. سەرنجێکی تیژی لەچاوە حەپەساوەکانی (قادر)داو (قادر)ی ماتو مەندەهۆشی خۆی کردو کە ئەو گەنجەی



ئەوەندە شەیداو مەجزووبی خۆی دی، دەمو چاوی سوور هەڵگەڕاو ئارەقەی شەرمی دەردا.

(قادر) وەکوو چۆلەکەیێ دیلی ژێر چڕنوکی بازی راو بێ، ئاوا لەناخەوە گۆڕابوو، پەڕو باڵی لێك دەدا. حەفت هەشت ساڵ پێش ئێستاش کە بۆ جاری یەکەم چاوی بە (خاوەر) کەوت، تارادەیەك تووشی هەمان جۆشو خرۆشی دەروونی بوو، بەڵام بەو سەختییە نەبوو کە جلەوی خۆی لەدەست بدا.

(زارا) ویستی بواری ئەم گۆڕانە دەروونییەی نەدا، ئەوەبوو دەستی بەژماردنی مەڕو بزنەکانی کرد. گوایە دەیەوێ بەژمارە تەسلیمیان بکا، بەڵام (قادر) ئیشی لەژمارەو عەدەد دەرچوو بوو، لەباتی ئەوەی چاوی لای مەڕەکان بێ بۆئەوەی حیسابەکەی لێ تێك نەچێ، ئەو لەجوانیی (زارا)دا نقووم ببوو.

(زارا) کە لەژماردن بووەوە، گوتی: باشە، جەنابی شوان...

(قادر) لەپڕ هاتەوە سەرخۆیو گوتی: بەڵێ، خانم.

- زانیت چەند سەر بوو؟ شەستو حەفت سەر مەڕو پەنجاو سێ سەر بزنو بەقسەی باوکم وا هەمووی تەسلیمی تۆ دەکەم. تێگەیشتی؟!

- بەڵێ خانم تێگەیشتم.

بەڵام درۆی دەکرد، هەر هیچ تێ نەگەیشتبوو مەسەلە چییەو چەند سەر مەڕو بزنی تەسلیم کراوە.

ئێستا، کە بەڕووکەش کاری دەورو تەسلیم کردن تەواو بوو، هیچ هۆی مانەوەی زاراو نۆکەری ماڵەوە نەما، (زارا) وای پێشان دا دەیەوێ بڕواو بۆ کۆتایی هێنانی قسەکانی، پرسی:

ـ بەڕاست، جەنابی شوان، ناوتان بەخێر؟

ـ بەندە ناوم (قادر)ی نۆکەرتانە.

ـ (قادر)؟

ـ بەڵێ، خانم.

ـ باشە، جەنابی (قادر)، دەبێ زۆر چاوتان لەمەڕەکانمان بێ، بەتایبەتی باش چاوتان لەم مەڕە سپییە گوێ ڕەشە بێ. ئەم مەڕە هی خۆمە، باوکم پێشکەشی کردووم.زۆرم خۆش دەوێ، تێ گەیشتی؟

ـ بەڵێ، خانم. تێ گەیشتم ئەم مەڕە سپییە گوێ ڕەشە هی ئێوەیە. هی (زارا) خانمە! منیش وەکوو ئێوە خۆشم دەوێ، وەی بەچاوان!

ـ خواحافیز، شوانە!

ـ خوات لەگەڵ، خانم!

(زارا) دوا سەرنجی لەقیافەتی پیاوانەی شوانەی لاو داو ئینجا لەگەڵ نۆکەری ماڵەوەی بەرەو دێ گەڕایەوە.

(قادر)، تا کچی حاجی گەیشتەوە ناو دێ، هەر بەچاو بەڕێی کرد. کاتێ کە (زارا) لەچاو بزر بوو، شوانەی داماو ئاهێکی قووڵی



هەڵکێشا. مەڕە سپییە گوێ ڕەشەکەی گرتە باوەش‌و چەند ماچێکی گەرمی لەناوچەوانی کرد.

(قادر)ی داماو ئاگای لەخۆی نەمابوو.

* * *

## (٣)

رۆژو مانگ بەو هەموو شەوق‌و تیشك‌و رووناكییەی هەیانە، یەك پەلە هەور لەئاسمانەوە بەریان بگرێ، شەوق‌و رەنگی خۆیان لەدەست دەدەن‌و رەش‌و تاریك دادێن. (زارا)ش وەكو پەڵەهەورێك وابوو لەئاسمانی ژیان‌و بەری خۆری بەختی (خاوەر)و منداڵە نازدارەكانی گرت بوو. رەنگی بڕی بوو، تاریك‌و لێڵی كردبوو. (قادر) ئیدی نە ئەو (قادر)ەی جاری جاران بوو. ئەو هەموو خۆگۆڕی كردن‌و خۆشەویستییەی بەرامبەر (خاوەر)ی خێزانی‌و منداڵە ئازیزەكانی (مەنسوورو شیرین) هەیبوو، زۆر لەكورتیدا بوو. بەجۆرێكی ئاسایی، شوانانی دێهاتەكانی كوردستان، شەوانی خۆشی هاوین كەم وادەبێ بێنەوە ماڵێ. دەچنە شەو بەكێو، مێگەلەكەیان لەدەشت‌و ئاقاری، لەجێگایەكی لەبار، مۆڵ دەكەن‌و خۆشیان لەو چۆڵەوانییە بەرەڵڵایە



دەخەون. كە ئەوان دەخەون، سەگە دڕەكانیان كە هەمیشە لەگەڵ مێگەلدان، پاسەوانی مێگەلەكە دەگرنە ئەستۆ.

(قادر)، بەپێچەوانەی دەستووری باوی ئەو ناوچەیە، تا ئەو كاتە هیچ شەوێ لەئاقاری نەخەوتبوو، هەموو شەوێ مێگەلی دەهێنایەوە دێ‌و لەماڵەوە لەتەك ژنە میهرەبانەكەی‌و منداڵە ئازیزەكانی پشووی دەداو بەدەنگی دڵبزوێنی ئەوان، گوڕو تینی دەهاتەوە بەرو بۆ سبەینەی رۆژی پاشی دووبارە مێگەلەكەی لێدەخوڕی‌و دەچووە ئاقاری.

بەڵام ئێستاكە، چەند شەو بوو، (قادر) مێگەلەكەی نەدەبردەوە ئاوایی‌و خۆیشی نەدەهاتەوە ماڵێ، هەر لەئاقاری دەمایەوە. مەراقێكی زۆری بەوەوە گرتبوو، مێگەلەكەی لەكەناری (سیمین رود) رادەگرتەوەو خۆیشی هەر لەوێ، لەو هەوا ئازادەدا دەخەوت. خشەخشی چڵ‌و گەڵای داربی بەدەم كزەبا لەهەموو شتێ باشترو خوڕە خوڕی ئاوی رووبار لەهەموو شتێ خۆشتر دەیانخستە خەوەوە. ئەو نیعمەتانەی سروشت بەتایبەتی ئەو كاتەی لەگەڵ یادی (زارا) تێكەڵ دەبوون زیاتر تام‌و چێژیان پێ دەبەخشی‌و تا بەترەكی شەو دەچوو بەخۆیانەوە خەریكیان دەكرد.

(قادر) لەو رۆژانە بەدواوە، كەمتر باوكی دەدی‌و كەمتر دەچووە سەردانی. شوانەی لاو خۆیشی هەستی دەكرد گۆڕانێكی گەورەی بەسەر ژیانیدا هاتووەو شێوەی بیركردنەوەو دەرك كردنی ژیانی بەتەواوی

گۆڕاوە. زۆرجار هەوڵی دەدا دەنگی یەزدانییو دڵبزوێنی (زارا) لەبیر بکا کە ئەو رۆژە، دوای تەسلیم کردنی مەڕەکانی پێی گوت (خواحافیز، شوانە)و بکەوێتەوە یادی ژنو منداڵەکانیو چیدی بیر لەسەروسیمای دڵکێشو هەڵسوکەوتی ناسكو چوستو چالاکی زارا نەکاتەوە، بەڵام ئەفسووس تازە کار لەکار ترازابوو، تیری غەمزەی مەعشووقە دڵی کون کون کردبوو.

(قادر) دوای ئەو رۆژە، بێجگە لەو کاتە ئاساییانەی کە (زارا) لەگەڵ کارەکەری ماڵەوە بۆ دۆشینی مەڕەکانی دەهاتە شوێنی راگرتنەوەی مێگەلو لەوێ بەمسۆگەری یەکتریان دەدی، چەند جارێکی دیکەش لێرەو لەوێ زارای دیبوو، بگرە قسەشیان لەگەڵ یەك کردبوو. قسەکان سەرەتا قسەی ئاسایی بوونو دەربارەی شتی بێ نرخو سەرەڕۆ بوون، بەڵام قسە وردە وردە سەری کێشا بۆ دەربڕینی عەشقو خۆشەویستی یەکدیو هەردووکیان، کە شەیدای یەکدی ببوون، رازی دڵو دەروونیان لێك ئاشکرابوو.

(زارا)ش هەستی کرد لەماوەی ئەم چەند دیدارەدا شەیدای (قادر) بووەو سۆزو خۆشەویستی ئەو شوانە لاوە کۆکەی لەناخی دڵدا چەسپاوە. کاتێ کە (قادر)ی لەبەرچاو نەبوایە، سۆزو بەزەییەکی نهێنی بەرامبەر ژنو منداڵەکانی شوانە لەدڵدا دەبزووتو دەکەوتە سەر ئەو باوەڕە کە لەگەڵ ئەم شەیداییەشا، حاڵو وەزعی ئەوان رەچاو بکا، بەڵام کە چاوی



بەچاوە تیژو جوانەکانی ئەو لاوە دەکەوت، ئەو هەموو شتانەی لەبیر دەکردو خواخوای بوو هەر زوو رۆژێ بێو بەئازادیو بێ لەمپەرو بەربەست، بکەوێتە باوەشی پیاوانەی ئەو لاوە.

خۆ گوندی (حاجیاوە) گەنجی دیکەشی لێ بوو کە کەوتبوونە داوی عەشقی (زارا)، بەڵام هیچێکیان نەیدەتوانی ئەو داوە خۆشەویستییە بپچڕێنێ کە دڵی کچەی بەدڵی (قادر) دەبەستەوە. هەربۆیەش (قادر) هیچ هۆیەکی وا نەبوو وای لێ بکا نیگەران بێ رەقیبێکی ترسناکی بکەوێتە سەر رێگا. ئەو تەنیا ترسی (مەجید خان)ی کوڕی ئاغای دێی هەبوو. ئەو کوڕە، لەو رۆژەی حاجی مستەفا هاتبووە گوندی باوکی ئەمو چاوی بەکچەکەی کەوتبوو، زۆر بەسەختی شێتو شەیدای کچە ببوو، تەنانەت دووجاریش لەبارەی زەماوەندکردنی لەگەڵ کچە قسەی لەگەڵ حاجی کردبوو خێرو چاکەی ئەم زەماوەندەی بەبەرگوێ هەڵێنابوو. حاجی مستەفا سەرەتا بەبیانووی ئەوەی کە کچە کرمانج شایەنی شکۆو پایەی کوڕە ئاغانییەو زۆر لەگوینە، بەهۆی جیاوازی چینایەتییەوە، کچەکەی دوارۆژێکی باشی نەبێ، ملی رەزامەندی بۆ خوازبێنییەکەی (مەجید خان) نەداو داواکەی رەت کردەوە، بەڵام پاشان لەژێر بەڵێنو هەڕەشەی پەیاپەی کوڕی ئاغاو قەولو سوێندی لەسەر ئەوە کە ئەم زەماوەندە بۆ هەتا هەتایە دەبێ، حاجی دڵی نەرم بوو رازی بوو کە کچی خۆی بدا بە (مەجید خان).



@kurdica

لەو ماوەیەشدا، (قادر) ڕۆژێ بەتەواوی بڕیاری دا زەماوەند لەگەڵ (زارا) بکاتو پاش ماوەیەکی زۆر دابڕانو بێ خەبەربوونی لەباوکی، چووەسەردانی باوکیو نیازی خۆی پێ ڕاگەیاند. باوکی ئامۆژگاری کردو بەسەریشیدا ڕۆیشت کە ئەو ژنی هەیەو دوو منداڵیشی لەو ژنە هەیە، واباشە واز لەم خەیاڵە خاوە بێنێو لەخەمی ئایندەی منداڵەکانی خۆیدا بێ. بەڵام (قادر) نەچووە ژێر باری ئەم قسانەو ئاخیری باوکی ناچار کرد کە هەر دەبێ بچێتە لای حاجی مستەفاو داخوازیی کچەکەی بۆ بکات. تەنانەت ئەوەشی بەباوکی گوت کە بڕیاری داوە ئەگەر پێویست بکا (خاوەر) تەڵاق دەداو لێرە بەولاوە لەگەڵ (زارا) دەژی.

باوکی (قادر) بەدڵێکی پڕ دەردو نائومێدی چووە لای حاجی مستەفاو زۆر قسەی لەگەڵ کردو زۆر بەڵێنی پێدا، بەڵام حاجی نەك هەر بەم داخوازییە نابەرابەرە تووڕە بوو، بگرە بەئاشکرا گوتی لەبەرئەوەی لەلایەکەوە (قادر) خاوەنی ژنو منداڵەو لەلایەکی دیکەوە ئەم بەڵێنی بە (مەجید خان)ی کوڕی ئاغا داوە کە کچی خۆی بداتێ، بۆیە بەهیچ جۆرێ بەم داخوازییە ڕازی نییەو جەختی کردەوە بۆ پیرەمێرد کە جارێکی دی بۆ ئەم مەبەستە نەیەتە لایو قسە لەم بابەتە نەکا.

(قادر) بەدڵێکی پڕ غەمو خەفەت، دانی بەجەرگی خۆیەوە ناو سەبری گرت تا دەرفەتێکی لەباری بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکەی، بۆ



دەڕەخسێ. لەچاوەڕوانی ئەم جۆرە دەرفەتەش دا، دڵی خۆی بەوە خۆش دەکرد کە ڕۆژانە لەگەڵ (زارا) چاویان بەیەکدی دەکەوت، جگە لەوەش پەیمانی لەم فریشتە جوانو نازدارە وەرگرت کە بێجگە لەم، مێرد بەهیچ کەسێ نەکاو چاوەڕێ بکا تا ئیشەکە بەدڵی ئەو پێك دێنێ.

ڕۆژ هاتو ڕۆژ چوو، (قادر) دەردەدڵی عەشقو ئەوینداریی خۆی بەئاوازی غەمگینی شمشاڵەکەی بەئاسماندا پەخش دەکردو بەچاوە فرمێسکبارەکانی، شەوان ڕازی عەشقو ئەوینی خۆی بۆ ئەستێران هەڵدەڕشت.

ئاخیری، ڕۆژێ هات خەبەری نزیکبوونەوەی زەماوەندی (زارا)و کوڕی ئاغا بەناو ژنو کچانی دێدا بڵاوبووەوە، هەر کەسەو خەبەرەکەی بەوانی دی دەگوت.

(قادر) زۆر پەستو نیگەران بوو، چاوەڕوانی هاتنە پێشەوەی دەرفەتێکی لەبارو ساتێکی گونجاوی دەکرد بۆئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێ، بەڵام قەزاوقەدەر دەست پێشخەری کردو دەستی بەسنگی ڕەقیبی ناحەزەوە ناو ڕەتی کردەوە. ڕووداوێ قەوما، شوانەی پەستو پەشێوی لەمەترسی ئەم جۆرە ڕەقیبە گەورەو تۆقێنەرە نەجات دا.

ڕووداوەکە پەیوەندی بەتاڵانو بڕۆی ئیسماعیل ئاغای سمیتکۆی سەرۆکی عەشیرەتی شکاکەوە هەبوو. شکاك یەکێکە لەعەشیرەتە کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا. سمیتکۆ دەیەویست بەرامبەر بەرەزاخانی

سوپا سالار دەسەڵات بنوێنێ‌و دەوڵەتێ لەناو دەوڵەتی ئەودا دروست بکا.

ساڵی (١٣٠١)ی هەتاوی دەنگ‌و باس بەهەموو لایەکدا بڵاوبووەوە کە سوپای ئیسماعیل ئاغا شاری ساوجبلاغ ـ موکری (مەهابادی ئێستا)ی داگیرکردووەو سوارەکانی پەلاماری دێهاتەکانی دەوروبەری شاریان داوە. خەڵکی دەستە دەستە ئاواییەکانیان چۆڵ دەکردو بەرەو کەناری دەستە راستی زێڕین روود ( جغتو) کۆچیان دەکرد. ئیسماعیل ئاغا سمیتکو (یان وەکو کورد دەڵێن ـ سمکۆ) لەبەرئەوەی وای بڵاودەکردەوە کە کوردەو تەنیا لەپێناوی خێروخۆشی کورد خەبات دەکا، ئەگەر کورد لەڕووی نەوەستابان، نەیدەکوشتن، تەنیا ماڵی تاڵان دەکردن، بەڵام ئەگەر بەرەو رووی بەرگری ببایەوە، بەزەیی بەهیچ کەسدا نەدەهاتەوە، کورد بایە یان تورك بایە یان فارس بایە، هەمووی دەکوشتن.

رووداوێکی سەیری لێ دەگێڕنەوە کە خۆشە لێرە باسی بکەین: دەڵێن کاتێ مەهاباد بەبێ هیچ بەرگرییەك خۆی بەدەستەوەدا، جەنابی ئاغا بڕیاری دا کەس لەخەڵکی شار نەکوژن، تەنیا شار تاڵان بکەن.

خەبەریان دایە کە ژمارەیەکی زۆر تورك‌و فارس لەناو شار هەن‌و لەترسی گیانی خۆیان نەوەك بکوژرێن، جلوبەرگی کوردیان لەبەرکردووەو خۆیان خستۆتە سەر شکلی کوردان بۆئەوەی نەناسرێنەوە.



ئیسماعیل ئاغا دەیزانی لەدەربڕینی وشەی (پلاو)دا، جیاوازییەکی زەق لەنێوان کوردو غەیرە کوردا هەیە، جا چ تورك بێ‌و چ فارس‌و تەنیا بەگوتنی وشەی (پلاو)، لەشێوەی دەربڕینەکەی دەردەکەوێ داخوا کابرا کوردە، یان نا.

ئەوەبوو دەستوری دا هەموو خەڵکی شار، بەژن‌و پیاوو گەورەو گچکەوە، لەقەراخ رووبار ریز بکەن‌و لەسەرەتای ریزەکەوە یەك یەك داوایان لێ بکەن بڵێن (پلاو). لەچۆنیەتی گوتنی ئەم وشەیە یەکسەر دەردەکەوت داخوا ئەوەی وشەکە دەڵێ کوردە یان کورد نییە. ئەگەر کوردبایە بەرەڵڵایان دەکردو ئەگەر کورد نەبایە یەکسەر گوللەیەکیان لەمێشکی سەری دەدا.

هەندێ لەوانەی لەدێهاتەکانی باکوورەوە رایان کردبوو، روویان کردبووە باشووری رۆژهەڵات، سەربردەی تۆقێنەریان لەو دێهاتانە دەگێڕایەوە کە شکاك تاڵانیان کردبوون. کارەساتی کوشت‌و کوشتارو تاڵان‌و بڕۆو سووتاندنی ئەم عێلە هێرشبەرە بوو بەباسی هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەك. ئەم لافاوە کاولکارەی سوارەو پیادەی شکاکان رووی کردە دێهاتەکانیش‌و بەفەرمانی ئیسماعیل ئاغا دێهاتە نەیارەکانیان قەتل‌و عام دەکردو هەموویان دەسووتاندن، بەڵام گوندە خۆییەکانیان تەنیا تاڵان دەکردو بەس. (حاجیاوە)و دێهاتەکانی باشووری، لەدێهاتە نەیارەکان بوون. خانەکانی ناوچەی (ئەختەچی) کە (حاجیاوە)ش

دەگرێتەوە، بڕیاریان دا لەڕووی ئەم بەڵای ناگاهانە بچەقن‌و لەگەڵ کرمانجەکانی خۆیان، کە ئێستاش چەکیان هەبوو، لەگەڵ سوارە دڕندەو جەنگاوەرەکانی شکاك بجەنگن.

زۆربەی ئاواییەکانی قەراخ (سیمین رود)، کە دەیانزانی شکاك دێنە سەریان‌و لەبەرئەوەی نەیاری سمکۆن، رەحمیان پێ ناکەن، ژن‌و مندالّ‌و پەزەکانی خۆیان بۆ کەناری زێڕین رود گواستەوە کە دەستی دوژمنی نەدەگەیشتێ، خۆشیان لەگەڵ چەکدارە مێرخاسەکانیان سەنگەریان گرت‌و چاوەڕێی نزیك بوونەوەی شکاکانیان کرد. ژن‌و مندالّ‌و پەزەکانی (حاجیاوە)و چەند گوندێکی دیکە، لەنزیك (زێڕین رود)، پێش ئەوەی لەڕووبار بپەڕنەوەو بگەنە ئەوبەر، کە جێگایەکی ئەمین بوو، کەوتنە بەرهێرشی شکاکان‌و بەدیل گیران. رۆژی پاشی، بەرگریکەرە چاو نەترسەکانی ناوچەی (ئەختەچی)، بێ ئەوەی سەریان لێ بشێوێ، بەدرێژایی ئەو زنجیرە چیا باریکەی تەریب بەتەریبی (سمین رود) بەرەو باکوور هەڵدەکشێ، پاشەکشەیان کردو ناچار بوون بەرەبەری رۆژاوا لەو ناوچانە تەقە لەدوژمن بکەن. نیو سەعاتی مابوو بۆ رۆژاوا، دونیا هێشتا رووناك بوو، کە دەنگی تەقەی تفەنگی جەنگاوەرانی دلێرو ئازا گوێی گەردونی کەڕ کرد. نالّەی جەرگبڕی پێکراوان دلّی ئاسمانی دەتواندەوە. بەرهەڵستکارە چاونەترسەکان، بەدەستوەکەری سەرسوڕهێنەرو فیداکاریی بێ وێنە یان، دوژمنیان ناچار کرد، دەست



لەهەموو تالاّن‌و دەستکەوتەکانیان هەڵگرن‌و بۆ ئەوبەری (سیمین رود) پاشەکشە بکەن.

(قادر)یش یەکێ بوو لەبەرگریکەرەکان، خۆ کەزانی (زارا) بەخۆو بەمەڕە سپییەکەیەوە کەوتوونەتە بەر تالاّن، گیان لەسەر لەپ، بەوپەڕی دلێری‌و لەخۆبوردەیی، شان بەشانی بەرگریکەرە رەشیدو بەغیرەتەکان کەوتە جەنگ.

شکاکان، دوای زیانێکی کەم، کە لە (سیمین رود) پەڕینەوە، تالاّن‌و دەستکەوتەکانیان جێ هێشت‌و کە دیتیان دوژمن راویان دەنێ، خۆیان نەگرتەوەو یەکسەر بەرەو باکووری رۆژاوا هەڵاتن. لەچەند سەر مەڕێك زیاتر نەیانتوانی هیچی دی ببەن. کە سبەینە داهات خەڵکی (حاجیاوە) جگە لەوەی هیچ دەوسی دوژمنیان لەو ناوە نەدی، پەزو دیلەکانی خۆیان بینی لەکەناری (سیمین رود) لێی خەوتوون.

خەڵکەکە وردە وردە گەڕانەوە ماڵی خۆیان‌و (قادر)یش دەستی بەشوانێتی خۆی کردەوە، بەلاّم لەناو دێدا بوو بەدەمگۆو قاو داکەوت کە (مەجید خان)ی کوڕی ئاغا هیچ خەبەری نییە. ئەو ئێوارەیە شەڕ کەوتبووە قونتاری چیایەکی تەریبی (سیمین رود)و رۆژهەڵاتی (حاجیاوە)، (قادر)یش بەئەنقەس دوو رۆژ دوای جەنگ، مێگەلی لەهەمان شوێن مۆڵدا بۆئەوەی بێریوانەکان بۆ دۆشینی ماڵاتەکانیان بچنە ئەوێ. ئەو رۆژە، (قادر) داوای لە (زارا) کرد لەهەموو کچانی دێ

زووتر خۆی بگەیەنێتە ئەوێ. (زارا)، بیست دەقیقە پێش ئەوانی دی گەیشتە جێ ژوانو (قادر) کاتێ کە چاوی پێ کەوت، بەهەڵەداوان بەپیرییەوە چوو، پێی گوت:

- (زارا)! دەتەوێ شتێکی سەیرت نیشان بدەم؟

زارا بەحەپەساوی‌و سەرسامی سەرنجێکی لە (قادر)داو گوتی:

- شتی چی؟

(قادر) دووبارە گوتی: ئایا تۆ دەزانی شەوادی، شەڕێکی گران لێرە قەوماو ژمارەیەك خەڵك كوژران؟

(زارا) گوتی: بەڵێ، دەزانم، (قادر)! بەڵام دیارە تۆ دەتەوێ شتێکم نیشان بدەی.

- بەڵێ، فەرموو بچین نیشانت بدەم.

ئەمەی گوت‌و (زارا)ی بەمات‌و حەیرانی دایە دوو خۆی.

چەند گابەردێکی زلیان لەبەردەم دیاربوو، لەپشت بەردەکانەوە زەندۆڵێکی نەختێ قووڵ لەبن چیا هەبوو. لەگابەردەکان رەت بوون‌و گەیشتە سەر لێوی زەندۆڵەکە. (قادر) لەپێشەوە دەڕۆیشت‌و (زارا)ش لەپاشەوە، دوابەدوای ئەو دەڕۆیشت.

(قادر) لەپڕ ئاوڕی دایەوەو گوتی:

- (زارا)!

- ها!



- سەیری ئێرە بکە!

(زارا) سەیری کرد، دیتی کە لەشی سێ پیاو لەناو ئەو زەندۆڵە قووڵە کەوتوون‌و بۆنی خوێنی گەنیو لەبنی زەندۆڵەکە دێ. لەو کاتەدا چەند قەلەڕەشێکی گەورە، یان داڵی لاشخۆر لەوێ هەڵفڕین. یەکێ لەو سێ پیاوە کەوتبووە سەرپشت، دەمی بەش ببوەوەو رووی لەئاسمان بوو، قەلەڕەش چاویان دەرهێنابوو. (زارا) ناسی، (ئەحمەد) وەرزێر بوو. دووەکەی دیکەش کەوتبوونە سەر زگ. (زارا) لەیەکەمیان نزیك کەوتەوەو بەپەنجەی پێی سەری بۆلای خۆی وەرگێڕا، خوێنێکی زۆری لەلووتی هاتبوو. ئەم کوژراوە (مراد)ی خزمەتکاری (مەجید خان) بوو، زارا دەیناسی. پاشان (زارا) لەدووەمیان نزیك کەوتەوەو دووبارە بەنووکی پێ، سەری ئەمیشی بۆلای خۆی وەرگێڕا. ئەم کوژراوەش خوێنی زۆری لەبەر رۆیشبوو، نێوچەوانی بەگوللەیەك کون ببوو. ئەمە ئەگەر قژی درێژبایەو قژەکەی رژابایەوە سەر دەم‌و چاوی، رەنگە (زارا) نەیناسیبایەوە، بەڵام کابرای کوژراو سەری بێ موو بوو، ئیدی (زارا) یەکسەر ناسییەوە: ئەمە (مەجید خان)ی کوڕی ئاغای دێ بوو. (زارا) وەکوو هەر کچە کوردێکی لادێیی، بەغەریزە، بەهەموو هێزی خۆیەوە چەند هەنگاوێ پاشەو پاش کشایەوەو کەوتە باوەشی (قادر). (قادر) گرتییەوەو پرسی:

- ها، چ بوو (زارا)؟ ناسیتن؟

ـ بەڵێ، (قادر)! هەموویانم ناسی. (ئەو)یشم ناسی! کەواتە ئەم بەدبەختەش کوژراوە!!

ـ بۆچی بەدبەختە؟ قاتی خەمی بۆ ناخۆی؟

ـ نە ء، خەمی بۆ ناخۆم، بەڵام زگم پێ دەسووتێ.

ـ زگت پێ نەسووتێ، نازانی ئەمە رەقیبو ناحەزی من بوو، ئێستا لەلای ئەوەوە، هەردووکمان کەلەکەمان کەوتە عەردی. (زارا) نەختێ وەستا، ئینجا وەکو ئەوەی بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆی قسە بکا، گوتی:

ـ من هێشتا خەیاڵم ئاسوودە نەبووە. تۆ ئاستەنگی سەر رێت لاکەوت، بەڵام من لەمپەری بەردەمم هێشتا هەر لەجێی خۆی ماوە.

ـ لەمپەری تۆ؟ لەمپەری تۆ کێیە؟

ـ (خاوەر)!

(قادر) سەری باداو گوتی:

ـ وەی بابا! ئەم لەمپەرە هەر هیچ نییە. ئەگەر ئەو بیەوێ ببێتە رێگر، لابردنی لەئاو خواردنەوە ئاسانترە.

زارا زەردەخەنەیەکی شەیتانانەی خستە سەر لێوو تەماشای چاوە رەشەکانی (قادر)ی کرد. (قادر)یش چاوی لەچاوە رەشەکانی (زارا) بڕی. بۆ ماوەیەك، هەردووکیان غەرقی تەماشای یەکتر بوون.



لێرەدا دوو جەمسەری هاوشێوەی کارەبایی، بەپێچەوانەی یاسای سروشت، لەباتی ئەوەی یەکتر وەلابنێن، بۆ یەکتر دەکشان. لەپشت ئەم دوو دڵدارەش، تەرمی (مەجید خان) خەڵتانی خوێن ببوو.

کچە بێریوانەکان لەدوورەوە دەرکەوتن، بۆلای مێگەلەکە دەهاتن. کە (قادر) چاوی پێ کەوتن، لەگەڵ (زارا) گەڕایەوە لای مێگەلەکەی. ئەو دوو عاشقە دڵخوازە جارێکی دیش پیرۆزباییان لەیەك کرد. بێریوانەکان نزیك کەوتنەوە، (خاوەر)یشیان لەگەڵدا بوو. (خاوەر) هەر لەدوورەوە زانی ئەوە (زارا)یە لەگەڵ (قادر)، بەڵام ئەوانی دی تا نەگەیشتنە ئەوێ (زارا)یان نەناسی. (خاوەر) لەگەڵ ئەوەی گەیشتەجێ، بێ ئەوەی هیچ بەسەرخۆی بێنێ، دەستی بەدۆشینی بزنەکانی کردو گوێی نەدایە قسەی کچەکان کە گاڵتەو حەنەکیان لەگەڵ (قادر)و (زارا) دەکرد. چەند دڵۆپە فرمێسکێکی لەچاوە جوانەکان هاتو کەوتە سەر روخساری غەمباری. بێجگە لە (زارا) هیچ کەس بەو فرمێسکانەی نەزانی....

* * *

## (٤)

(قادر)ی شوانەی میهرەبانو بەئەدەب، وردە وردە کارو کردەوەی سەری بۆ شێتایەتی دەکێشا. ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕانی وا لەهەڵسوکەوتو شێوەی پەیوەندی بەخەڵکەوە، دەردەکەوت کە هەموو خەڵکی حەپەساندبوو. کابرا، ڕەوشتی ئەوەندە توند ببوو بەرگەی نەدەگیرا، کەڵکی ئەوەی نەبوو لەگەڵی دابنیشی. لەهەموو کەس زیاتر (خاوەر)ی داماوئازاری بەدەست ئەم گۆڕانەی دەکێشا. ئەو ژنە داماوە، ئەوەندەی لەگەڵ ئەو شێتە بەسەربردبوو بەرگەی جەربەزەییەکانی گرتبوو، ئەوەندەی نەمابوو، ئەویش کاری بەرەو شێتایەتی بچێ.

(قادر) لەبەرئەوەی خەریك بوو حەوسەلەی کاری شوانیشی نەدەما، شاگردێکی وەکوو (بەردەست) بۆ خۆی گرتبوو. زۆر ڕۆژ مێگەلی بەتەمای ئەو بەجێ دەهێشتو خۆی لەماڵەوە دەمایەوە، گوایە دەیەوێ



ئیسراحەت بکا. ئەم مانەوە بێ جێیەی لەماڵەوە، نەك هەر بۆ خۆی ئیسراحەت نەبوو، بگرە بۆ ژنە کلۆڵو منداڵە بێ گوناهەکانیشی بەلایەك بوو، ببوو بەئەشکەنجەیەکی سەخت بەسەریانەوە. ڕەوشتی بەڕادەیەك توندوتیژ ببوو، بەبچووکترین بیانوو وەردەگەڕایە (خاوەر)و لێی دەداو لەژوورەوە وەدەری دەنا، منداڵەکانیش، هەر دەنگیان لێ بهاتایە دایدەگرتنە بەر جوێنو قسەی نابەجێو جوێنی پیسو ناشرینی بەخۆیانو بەدایکیان دەدا.

کە دەخەوت، لەپڕ وەکوو ئەوەی خەونێکی ترسناکی دیبێ، لەناوجێ دەردەپەڕیو بەهاتو هاواری قایمو ناخۆش دەکەوتە گیانی ژنو منداڵەکانیو چی خراپە وای پێ دەکردن.

(مەنسوور)ی کوڕی شەش ساڵەی (قادر)، لەدایكو خوشکی زیاتر تاقەتی خۆڕاگرتنی بەرامبەر بەو جەزرەبانە هەبوو، کە دەیدی باوکی پەتکی پساندووەو دۆخەکە ناخۆشە، لەماڵەوە دەردەچوو، لەکۆڵانان لەگەڵ منداڵی هاوزێ خۆی یاری دەکرد.

(شیرین)، بەپێچەوانەی برای، ئەو هێمنو خۆڕاگرییەی نەبوو، دڵی نەدەهات دایکی لەبەرامبەر لافاوی خرۆشاوی ڕقو شێتایەتی باوکی جێ بێڵێ. کاتێ کە دەیدی باوکی جوێن بەدایکی بەدبەختی دەداو لێی دەدا، خۆی دەهاویشتە بەینیان، داوێنی باوکی دەگرتو رایدەکێشاو لێی دەپاڕایەوە کە واز بێنێ. ئەو منداڵە، لەبەرئەوەی هێزی ئەوەی نەبوو

رێ لەو دەستدرێژییە شێتانەی باوکی بگرێ، زۆرجار دەکەوتە بن پێیان‌و لەشی پێ شێل دەبوو، دەستی بەگریان دەکرد، لەهەمان کاتیشدا لەدایکی دەپرسی:

ـ دایە گیان، ئەوە بابە بۆچی لێت دەدا؟

ـ دایکی، لەبەر ئەم پرسیارە ساویلکانە فرمێسکی لەچاو قەتیس دەما، (شیرین)یش بەخەیاڵی خۆی دڵی دەدایەوە، دەیگوت:

ـ دایە گیان، مەگری!منیش لەبابە دەدەم.

(خاوەر)، ئەوەندە بەم دڵسۆزییە بێ گوناهانەی کچە نازدارەکەی دەوروژا، بێ دەستی خۆی پڕی دەدایەو دەیگرتە باوەشی، فرمێسکی مەزلوومانەی خۆی لەگەڵ فرمێسکی تێکەڵ دەکردو بەو منداڵەی دەگوت.

ـ نە ء، (شیرین) گیان، نە ء، تۆ لەباوکت نزیك مەبەرەوە، کابرا شێت بووە، لەتۆش دەدا.

(شیرین)، بێ ئەوەی مانای دروستی وشەی (شێت) بزانێ، دووبارەی دەکردەوەو دەیگوت:

ـ شێت بووە.

(قادر)، نەك تەنیا هەر بەرامبەر خاوو خێزانەکەی، بەڵکو بەرامبەر خەڵکی دیکەش گۆڕابوو، کە کەم‌و زۆر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هەبوو. تووشی هەر کەسێ بایە ئەگەر کابرا بەبێ مەبەستیش پرسیارێکی لێ



بکردایە، ئەو پەتکی دەپساندو بەبێ ئەدەبی وەڵامی دەدایەوە. بگرە دەڵێن رۆژێ لەکۆڵانێکا لەحاجی مستەفای باوکی (زارا) راست هات، جگەلەوەی بێ رێزی بەرامبەر بەو پیاوە کرد، بەئاشکرا گەفی لێ کرد ئەگەر کچی خۆی نەداتێ بەسزای خۆی دەگەیەنێ‌و لەناوی دەبا! دەڵێن سەرەتا حاجی لەم گەفە بێ بناغەیە ترسا کە بۆنی شێتایەتی لێ دەهات، بەڵام پاشان بەرێشی بەرامبەرەکەی پێ کەنی وازی لێ هێناو چووە دوای ئیشی خۆی. تێکچوون‌و پەرێشانی (قادر) گەیشتە رادەیەك، نەیدەتوانی چیدی بەرگەی ئەو هەموو ناکامی‌و خۆخواردنەوەیە بگرێ، ئەوەبوو بڕیاری دا بەپێی دەستووری کەونارای کوردستان، دڵخوازەکەی هەڵبگرێ‌و لەو گوندە بڕواو بچێتە گوندێکی دی بۆئەوەی بتوانن لەوێ بەیەکەوە بژین. ئەم دەستوورە دێرینە تاکە چارەسەری دەردی دڵی شەکەت‌و داهێزراوی دڵدارانە کە تا ئێستاش لەباوك‌و باپیرانەوە بەمیرات بۆ کچانی کورد ماوەتەوە.

کوڕێکی گەنج عاشق‌و شەیدای کچێك دەبێ‌و شێتانە خۆشی دەوێ، کچەی جوانیش کوڕەی دەکەوێتە بەردڵ‌و بەدڵ‌و گیان خۆشی دەوێ‌و لەخوای دەوێ رۆژێ بێ‌و بتوانێ شوو بەو گەنجە بکاو بەیەکەوە خێزانێك لەسەر بنچینەی عەشق‌و خۆشەویستی‌و بەختەوەری پێکەوە بنێن. بەڵام لەسۆنگەی هەر هۆیەکەوە بێ، مادی یان شتی تر، باوك‌و دایك‌و براکانی یەکێ لەم دوو دڵدارە رازی نابن ئەوانە بۆ یەکدی بن‌و

لەئەنجامدا ئەم عاشق‌و مەعشووقە لەئاخ‌و کەسەرو گریەو زاری زیاتر هیچیان بۆ نامێنێتەوە. ئیدی ئەم دووە بەڕۆژ گلەوگازاندەو ئاخ‌و ئۆف دەکەن‌و تووك‌و نەفرەت لەچارەنووسی خۆیان دەکەن، بەشەویش، ئەگەر بەختیان هەبێ‌و بتوانن لەپەناگەیەك بەیەك بگەن‌و چەند لەحزەیەك بەیەکەوە بەسەر ببەن، باسی دەردو خەم‌و نائومێدی خۆیان بۆ یەکدی دەکەن، بەڵام ئەم خۆشییە خێراو کەم خایەنە، کە خەم‌و حەسرەتیشی بەدەمەیەوە، دەردی ناکامی ئەوان دەرمان ناکاو دڵی برینداریان ساڕێژ ناکا. ناچارن ڕێك دەکەون کە دەستی یەك بگرن‌و رابکەن‌و بچنە جێگایەکی دی، کە یەکەم: کەسوکاریان ئەو کاتە نەزانن چوونەتە کوێ‌و دووەم: زەمینەیەکی لەبار بۆ دەستەبەرکردنی کارو پیشەیەك‌و پێکەوەنانی خێزانێك بدۆزنەوەو بەیەکەوە زەماوەند بکەن. ئیدی ئەگەر دایبابیی نارازی کچە، یان کوڕە، پاشان پێش بزانن ئەو گەنجانە چوونەتە کوێ، تازە ناتوانن هیچیان لەدژ بکەن. ئەوان تازە بوونەتە ژن‌و مێردو دایك‌و باوکی خۆیان خستۆتە بەر ئەمری واقیع.

لەم جۆرە حاڵەتانەدا، فیداکاری کچە زۆر لەهی کوڕە گەورەترە، چونکە ئەگەر گریمان دوای زەماوەند گەڕانەوە گوندی خۆیان، ئەوەندەی کچە سووکی‌و بێ قەدری لەباوك‌و دایك‌و کەسوکاری دەبینێ‌و تووشی رسوایی‌و بێ ڕێزی دەبێ، کوڕە وانییە. ئەم جۆرە کچە ئیدی رووی نییە تەماشای دایك‌و باوکی بکا. هەموو بنەماڵەکەیان بەمایەی شوورەیی



خۆیان‌و خێزانەکەیانی دەزانن‌و لێ ناگەڕێن هاتوچۆیان بکا. باوکە ئیدی بەکچی خۆی نازانێ‌و برای بەخوشکی خۆی حیساب ناکاو کەسوکاری بەخزمی خۆی ناژمێرن، بەکورتی جگە لەمێردەکەی‌و کەسوکاری، هیچ کەسێ بەچاوی ڕێزەوە سەیری کچی واناکاو بەڕووی خۆشەوە تەماشای ناکا.

ئەمەیە چارەنووسی ئەو کوڕو کچە راکردووە، کە بەساغ‌و سەلامەتی‌و بێ دەردەسەری لەگوندی خۆیان رایانکردووەو چوون لەشوێنێکی ئەمین‌و لەبار مارەیان بڕیوەو پاشان دوای ماوەیەك گەڕاونەتەوە گوندی خۆیان، یان هەر لەو شوێنە ماونەتەوە کە زەماوەندیان تێدا کردووە. بەڵام جاری واش دەبێ کاتێ کە کوڕو کچە رادەکەن، لەوانەیە باوك، یان براکانی کچە بکەونە دوویان‌و ئەو حەلە ئەوانە ناچار دەبن قەدبڕ بڕون. بەڕۆژ خۆیان لەحەشارگەیەك یان ئەشکەوتێك بشارنەوەو بەشەو بەوریایی، بەکوێرە ڕێی ئەمیندا بڕۆن‌و کەدەچنە گوندێکیش دەبێ وریای خۆیان بن نەوەك بکەونە بەر دەستی کەس‌و کاری، یان لایەنگرانی ماڵی کچەکە. بەکورتی، دەبێ بەختێکی زۆر گەورەیان هەبێ بۆئەوەی پاش ئەم هەموو دەردە سەری‌و ناخۆشییە بتوانن بەیەك بگەن‌و بکەونە ژیانێکی پڕ بەختەوەری‌و خۆشگوزەرانی. (قادر)یش ئاخیری بڕیاری دا بۆ سوکنایی هێنانی دڵی پڕ ئازاری، پەنا بۆ ئەو ڕێگایە ببا کە لەپێشینانەوە بەیادگار بۆی ماوەتەوە، واتە (زارا)

هەڵبگرێو بەیەكەوە خۆیان بگەیەننە جێگایەكی وا بتوانن دوور لەناحەزو نەیاران زەماوەند بكەن. بۆ ئەم مەبەستەش، شەوێكیان، كە لەسەر كانی (زارا)ی بینی، نیازی خۆی بۆ باس كردو پێشنیاری كرد كە ئیدی چاوەڕوانی بێ هوودە بەسەو بۆئەوەی كۆتایی بەم دەورە بێ هوودەو پڕ خەمو خەفەتە بێنن، بابەیەكەوە لەوێ رابكەنو بڕۆن. (زارا) یەكەم جار ترسا، بەڵام وردە وردە ئامادەبوو بەم كارە رازی بێ.

(قادر) پێی گوت: (زارا) گیان، ئێمە تاكەی دەبێ هەروا بەخەمو خەفەتو حەسرەت تەماشای یەكدی بكەینو لەسێبەری خۆمان، یان لەخشپەی پێی خۆمان بسڵەمینەوە؟

(زارا) بەڕوویەكی غەمبارەوە گوتی: (قادر) گیان، باش لەمەبەستت نەگەیشتم، دەتەوێ چ بڵێی؟

ـ دەمەوێ بڵێم: تا ئێمە لەم گوندە بین، تۆ پەیوەندیت لەگەڵ باوكێكی وەكوو حاجی مستەفا هەبێو منیش لای ژنو مندالەكانم بم، هەرگیز بەیەك ناگەینو مرازی دڵمان حاسڵ نابێ كە زەماوەندكردنمانە. جا وەرە هەر ئەمشەو رابكەینو بچینە (قارنجە). لێرەوە تا (قارنجە) دوو سەعاتە رێ زیاتر نییەو خاڵۆشم ماڵی لەو گوندەیە. دەچین چەند رۆژێ لەوێ لەگەڵ ئەو بەسەر دەبەین، پاشان ئەگەر حەزمان كرد لەوێ دەمێنینەوەو من ئیشێك پەیدا دەكەمو خۆم پێوە خەریك دەكەم، ئەگەر



حەزیشمان نەكرد، دوای ئەوەی مارەییمان بڕا دەگەڕێینەوە گوندو سەر ماڵی خۆمانو هەموو لایەك دەخەینە بەر ئەمری واقیع.

(زارا) گوتی: ئای، وای! من ناتوانم ئیشی وا بكەم.

(قادر) پرسی: بۆچی؟

ـ چونكە ئەگەر بكەومە بەردەست براكانم دەمكوژنو باوكیشم لەهەژمەت ئەم شەرمو شورەییە دڵی دەوەستێو دەمرێ.

(قادر) گوتی: تۆ سەهووی. خاتر جەم بە، نەبراكانت دەوێرن بەخواری تەماشات بكەنو نەباوكیشت لەداخی ئەم ئیشە وەزگ دەداو دەمرێ. خۆ تۆ ئیشێكی خراپ ناكەی، هەر ئەوەندەیە شوو بەیەكێ دەكەی كە دڵت پێوەیەو خۆشت دەوێ.

(زارا) نەختێ لەفكر راچوو، پاشان پرسی؟

ـ یانی تۆ دەڵێی ئێمە كەنگێ بڕۆین؟

ـ هەر ئەمشەو!

(زارا) گوتی: هەر ئەمشەو من پێم ناكرێ. من دەبێ ماوەیەك بیری لێ بكەمەوە. تۆ ئەوا بڕیاری خۆت داوە، بەڵام من هێشتا بڕیارم نەداوە.

ـ بڕیاردان هەر هیچ نییە. ئێستا بڕیاری خۆت بدە. ئەی نەتبیستووە دەڵێن: ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە بەیانی؟

ئێستا نابێ. ئیشەکە زۆر گرنگەو پەیوەندی بەژیانمانەوە هەیە، نابێ بەسەرەڕۆیی وەری بگرین. من، کە چوومەوە ماڵێ، ئەمشەو بەشێوەیەکی وردو کۆتایی بیری لێ دەکەمەوە. تۆش لەماوەی ئەم یەك دوو رۆژە ئیشی ژن‌و منداڵەکانت یەك لا بکەوە، ئەوسا دوای سێ شەوی دی، هەر لێرە یەکدی دەبینینەوەو بەرێ دەکەوین.

(زارا) ئەمەی گوت‌و گۆزەکەی هەڵگرت‌و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. (قادر)یش بەدڵێکی پڕشادیو ئومێدەواری، گەڕایەوە ماڵێ بۆئەوەی وەکوو (زارا) پێی گوتبوو ئیشی ژن‌و منداڵەکانی یەك لا بکاتەوە.

(حاجی مستەفا) لەو رۆژەی کە (مەجید خان)ی کوڕی ئاغای (حاجیاوە) لەشەڕی دژی شکاکان کوژرابوو (قادر)یش چەند جارێك لەبەرامبەری شێتایەتی گرتبووی، بڕیاری دابوو لە (حاجیاوە) بار بکات‌و بچێتە گوندێکی دی کە ئەوەندە لەوێ دوور نەبوو: واتە (قەڵای رەسوولی سیت). لەبەرئەوەی بیری دەکردەوە ئیدی مانەوەی لە (حاجیاوە) خێری تێدا نییە، چونکە بەنەمانی (مەجید خان)، نەزاوایەکی وای دەست دەکەوێ لەپایەی خۆی بوەشێتەوەو نەپارێزگارو پشتیوانێ کە بەرگری لەمافەکانی بکا بەرامبەر بەئاغاو ئەوانی دی. لەولاشەوە، ئاغای (قەڵای رەسوولی سیت) بەڵێنی باشی پێدابوو قەول‌و بڕیەی هاوکارییەکی چاکی لەگەڵ بەستبوو. پازدە رۆژ زیاتر لەوەرزی بەهار تێپەڕی بوو وەختەکە باشترین وەختی ساڵ بوو بۆ کۆچ کردن‌و



(حاجی) هیچ لاری نەبوو کە لەماوەی دوو رۆژ لە (حاجیاوە) باربکات‌و بچێتە ئەو شوێنە تازەیە.

(زارا) هیچ ئاگای لەم بڕیارە نوێیەی باوکی نەبوو، کاتێکی وا ئاگادار بووەوە کە تازە کار لەکار ترازابوو، نەیدەتوانی هیچ ناڕەزاییەك پیشان بدا. بەجۆرێکی ئاسایی، سەرۆك خێزانی کورد کە بڕیارێ دەدا، ئەگەر بەپێویستی نەزانێ لای ئەندامانی خێزانەکەی باسی بکا، لەبارەی ئەو بڕیارەوە هیچ قسەیان بۆ ناکا، (حاجی)ش بەپێی ئەم دەستوورە دێرینە بە (زارا)ی نەگوتبوو، تەنیا ژنەکەی لەبڕیاری خۆی ئاگادار کردبووەوە.

ئەو شەوەی (زارا) لەسەرکانی قسەی لەگەڵ (قادر) کردو پەیمانی ژوانی بۆ سێ شەو پاشتر دانا، بۆ سبەینێ (حاجی) خۆی تەیار کردو ماڵی پێچایەوە بۆئەوەی باربکا. بەماوەی چوار سەعات هەموو کەل‌و پەل‌و شمەکی ماڵەوەی لەئێستران بارکردو بەماڵ‌و منداڵەوە بەرەو شوێنی مەبەست بەرێی کردن.

(زارا) لەم بڕیارە کت‌و پڕەی باوکی‌و لەخێرایی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە، بەجۆرێ پەشۆکابوو، نەیدەزانی چۆن بۆ ماڵاوایی خۆی بە (قادر) بگەیەنێ. هەرچەندە هەوڵی دا بەڵکو بە بیانوویەك خۆی بگەیەنێتە شوانەی دۆستی‌و لەو بارودۆخە نوێیە ئاگاداری بکاتەوە، پێی نەکرا. یەکەم جار وای بەخەیاڵدا هات نۆکەری ماڵەوەی بەدزی رەوانەی



@kurdica

مالّی (قادر) بکاتو مەسەلەکەی پیّ رابگەیەنیّ، بەلاّم بیری کردەوە ئەم جۆرە ئیشە بۆ ناوو دەنگی خۆیشی باش نییەو لەوانەیە ئەنجامی باش نەبیّ، چونکە یەکەم: ئەوەی بەچاك نەزانی کە نۆکەری مالّەوە پەی بەپەیوەندی نهیّنیو دلّداری بەینی ئەمو (قادر) ببا و دووەم: ئەگەر قادر لەمالّەوە نەبیّ، بۆی هەیە (خاوەر) بەم مەسەلەیە تیّك بچیّو هەنگاوی وا باویّ زیاتر بەخراپەی ئیشەکە بشکیّتەوە. لەگەلّ ئەوەشدا، تخی لیّ کردو بەرامبەر بەجیّ هیّشتنی دلّدارەکەی بیّ مالاّوایی، ئەم هەموو نالەبارییەی بەلاوە هیچ نەبوو، نۆکەری مالّەوەی بەدزی رەوانە کرد.

نۆکەری مالّەوە، پاش نیو سەعات هاتەوەو خەبەری دایە (زارا)، گوتی: (قادر) لەمالّەوە نەبوو، چووبووە ئاقاری. خانمیشی خاتر جەم کرد کە (خاوەر) نەیناسیوەو نەیزانیوە پەیامی (زارا)ی پیّ بووە.

(زارا) ویستی نۆکەری مالّەوە بنیّریّتە ئاقاری بۆئەوەی بچیّو لەهەر کوێیەك بیّ میّگەلی (قادر) بدۆزیّتەوەو لەویّ خەبەرەکەی پیّ رابگەیەنیّ، بەلاّم ئاخر رەوانەی کام لاو چ ئاقاریّکی بکا کە بتوانیّ بەئاسانی میّگەلی (قادر) بدۆزیّتەوە!؟ جگەلەوەی نەدەبوو نۆکەری مالّیّ خۆی بزر بکا چونکە لەوانەبوو هەر لەحزەیەك ئاغا ئیشی پیّ بیّو بانگی بکاو بەدوای کاریّکی پیّویستدا بینیّریّ، ئیدی بزربوونەکەی دەبوو بەمایەی گرفتو دەردەسەری. (زارا)، کە لەم رووەوەش نائومیّدبوو، ناچار بوو داوای لەباوکی کرد لەگەلّ کۆچو باری مالّەوە



رەوانەی نەکاتو یەك رۆژی دی لە (حاجیاوە) بیهیلّیّتەوەو بۆ بەیانی لەگەلّ خۆی بیبا، بەلاّم (حاجی) ئەم داوایەی زۆر بەتوندی رەت کردەوە، چونکە هەرچەندە بەرووی کچەکەی دا نەدایەوە کە نیازو مەبەستی لەم داوایە چییە، بەلاّم دەیزانی لەبەرچی دەیەویّ رۆژیّ زیاتر لە (حاجیاوە) بمیّنیّتەوە.

(زارا) بەناچاری لەگەلّ کاروانی کۆچو کۆچباری مالّەوە کەوتەریّ، فرمیّسکی لەچاوان دەهاتو بەسەر گۆنا جوانەکانیدا دەهاتە خواریّ، بەئاخو حەسرەتەوە چاوی بەکەنارە جوانەکانی (سیمین رود)و جیّ ژوانە خۆشەکانی دەرەوەی گوندا دەگیّڕاو بەکەسەرەوە جیّی دەهیّشتن، کە یادگاری بەجیّماوی رۆژە خۆشو لەبیرنەکراوەکانی عەشقو ئەوینداریی خۆیو شوانەی لاو بوون.

دایکی (زارا) هەستی بەگریانو نارەحەتی کچەکەی کردبوو، بەلاّم هەر وایدەزانی ئەو نارەحەتیو غەمبارییەی لەبەر بەجیّ هیّشتنی (حاجیاوە)یەو دیارە کچەکەی حەز ناکا لەوگوندە بڕواو بچیّتە جیّگایەکی دی. بۆیە ناو بەناو دلّی دەدایەوەو سوێندی بۆ دەخوارد کە (قەلاّی رەسوولی سیت) گوندیّکی لە (حاجیاوە) جوانترو خۆشترەو هەلّبەت دلّی بەویّ دەکریّتەوە، بۆیە پیّویست ناکا بۆ (حاجیاوە) بگری.

(زارا) لەوەلاّمی ئەم دلّدانەوەی دایکی، هەرئەوەندەی دەکرد فرمیّسکی دەسڕیەوەو وای دەنواند کە دەیەویّ چیدی نەگری. لیّرە تا دەگاتە ئادەم،

لەژیاندا هیچ کاتێ لەوە تاڵترو ناخۆشتر نەبووە کە عاشق بەبێ ئاگادارکردنەوە، دڵخوازەکەی لەئاقاری جێ بێڵێو بەبێ ماڵاواییو خواحافیزی جێی بێڵێو بڕوا.

کچەی شێتو شەیدا، تا ڕۆژاوا لەگەڵ ماڵەوە بەرەو شوێنی تازەیان بەڕێوەبوونو لەو ماوەیەدا هەزارجار زیاتر تەماشای ڕێگای (حاجیاوە)و ئاقارو دەشتو چیاکانی دەوروبەری کرد، بۆئەوەی بەڵکو بەڕێکەوت (قادر)، یان مێگەلەکەی بکەوێتە بەرچاو، بەڵام بێ فایدە بوو. شەو، کاتێ کە گەیشتنە (قەڵای ڕەسوولی سیت)، ئەگەرچی باخەکانی دەوروبەری ئەو گوندە خۆشە لەبەرچاوی هەموویان زۆر لە (حاجیاوە) جوانترو خۆشتربوو، بەڵام لەبەرچاوی (زارا) زیندانێك بوو، هیچی تر.

کاتێ کە چوونە ناو خانووە نوێکەیانەوە، (زارا) ئەوەندە ناڕەحەت بوو، لە چەپەکیو ناڕێکی ئەو خانووە ئەوەندە پەرێشانو غەمبار بوو، بەتاقی تەنێ چووە ناو ژوورێكو لەوێ زار زار گریا. لەبەرئەوەی ئەو شەوە باوکی لەگەڵ خاوو خێزانەکەی نەهاتبوو، نەدەترسا کەس سەر بکاتە سەریو بیداتە بەر پرسیاران. تا بەیانی بەیادی (قادر) هەر فرمێسکی ڕشتو لەپەنجەرەوە هەر سەیری ئەستێرەی ئاسمانانی کرد کە لەدوورەوە دەدرەوشانەوەو چاویان لێ دادەگرت.

* * *



## (٥)

بەرەبەرەی نیوەڕۆ، کە (زارا) لەگەڵ کۆچباری خێزانەکەیان بەرەو ئەو گوندە تازەیە، واتە بەرەو (قەڵای ڕەسوولی سیت) دەڕۆیشت، (قادر) مێگەلەکەی لەلەوەڕگاکانی داوێنی چیا هێنابووەوە کەناری (سمین ڕود)، نزیك گوندو چاوەڕێ بوو بۆئەوەی وەکو جاران ژنو کچە بێریوانەکان بچن، مەڕەکانیان بدۆشن. ئەم چاوەڕوانییە زیاتر بۆ خاتری (زارا) بوو کە هەموو جارێ لەگەڵ بێریوانەکان دەهاتو دڵی شوانەی لاوی بەدیداری ناسكو جوانی خۆیو بەقسەو گفتوگۆ شاد دەکرد. ئەو ڕۆژە (قادر) بەشێوەیەکی تایبەتی تەماشای مەڕەکانی دەکرد، وەکوو ئەوەی کە بەزمانی بێ زمانیی یەك یەك خواحافیزیان لێ بکا، چونکە دەیزانی بەگوێرەی ئەو پەیمانەی لەسەرکانی لەگەڵ (زارا) بەستبوویان، دەبوایە دوای دوو شەوی دی پێکەوە لێرە رابکەنو ئەو ماڵاتە

بەسەزمانانەی تا ئێستا لەژێر سایەو چاوەدێری خۆیو سەگەکانی بوون، هەتا هەتایە بەتەمای شاگردی (بەردەست)یو بەئەمانەتی خوا جێ بێڵێو زۆر لەگوینە جارێکی دی چاوی پێ نەکەونەوە.

(قادر)، لەچاوەڕوانی هاتنی بێریوانەکانی دێ، شمشاڵی لەبەر قەفی پشتێنی دەرهێنا، لەبەر سێبەری داربییەك دانیشتو وردە وردە دەستی بەلێدانی ئاوازی تایبەتیو غەمگینی (حەیران) کرد کە لەهەموو شتێ زیاتر بەدەم شمشاڵی شوانانەوە کاری خۆی دەکا. (حەیران) یەکێکە لەگۆرانییە هەرە رەسەنو غەمگینەکانی کوردی کە بەدەم سازو بەتایبەتیش بەدەم شمشاڵ لێدانەوە دەگوترێو ئاوازو لەرەی غەمگینی، دەردی فیراقی یار دێنێتەوە یادو ئاگری عەشقی دڵی شمشاڵژەن دەردەبڕێ. ئەم ئاوازە، گوێگر لەغەمو خەفەتێکی زۆر گران نقووم دەکاو ئەگەر گوێگر بەڕاستی عاشق بێ دەیخاتە کوڵی گریانەوە.

(قادر) هێشتا هەر خەریکی شمشاڵ لێدان بوو کە بۆڕاتی ریزی کچو ژنە بێریوانەکان لەدوورەوە دەرکەوت. لەلێدانی شمشاڵی خۆی بەردەوام بوو تا بێریوانەکان گەیشتنە جێو هەموو بۆ دۆزینەوەو دۆشینی ماڵاتەکانیان، پەرتەیان کرد، ئەوسا (قادر) لەشوێنی خۆی هەستاو هاتە پێشوازیان، هەڵبەت بەو ئومێدەی کە (زارا) ببینێ، بەڵام سەیر لەوەدابوو ئەوەندەی چاوی گێڕا، (زارا)ی نەکەوتە بەرچاو. ئەوەبوو بەحەپەساویو پەشۆکاوی لەحاڵی دڵبەرە خۆشەویستەکەی پرسیو



تەنانەت بێ ئەوەی هیچ گوێ بەوە بدا کە (خاوەر)ی ژنی بێچارەی لەگەڵ ئەواندایە، لەکچەکانی پرسی:

ـ ئەی کوا زارا؟ بۆچی نەهاتووە؟

(مریەم) کە کچێکی مەکرۆو شەیتان بوو هەمیشە گاڵتەی لەگەڵ (قادر) دەکرد، لەوەڵامدا، بەزەردەخەنە، دەستی خۆی پێش ئەوانی دی خستو بەچاو قایمییەکی زۆر سەیر، گوتی:

ـ کوڕە، شەرم بکە! نابینی (خاوەر)ی خێزانت وا لێرەیە؟ تۆ چ ئیشت بە (زارا)یە. (زارا) رۆیشتو ئەلحەمدولیللا کە رۆیشت!! چونکە هەم خۆتو هەم ژنو منداڵەکانت لەدەستی حەسانەوە. ئەمڕۆ، سبەی، (حاجی) مەڕەکانیشت لێ وەردەگرێتەوەو لەگەڵ خۆیان دەبا.

کاریگەری کوشندەی ئەم خەبەرە تاڵو ناخۆشە وەکو زەبری تۆبزێك وابوو لەکەللەی (قادر)یان دابێ. داماوە، لەم قسانە، بەجۆرێ تووشی سەرەگێژە بوو، هەر وەخت بوو بەربێتەوە، بەزەحمەت توانی لەنگەری خۆی رابگرێو بەحەپەساوی پرسی:

ـ چۆن؟... ئەوە تۆ چ دەڵێی؟... (زارا) رۆیشت؟ چووە کوێ؟ ئەی بۆچی خەبەری منی نەداوە؟ ئێستا، دایە گیان، پێم بڵێ، بەڕاستتە یان گاڵتە دەکەی؟

بەدبەختە بەجۆرێ گۆڕابوو نەیدەزانی چ بکا؟ و چ بڵێ؟ هەر پرسیار بوو یەك لەدوای یەك لەزاری دەردەپەڕیو ئەگەر پێکەنینی (مریەم) بەری قسەی پێ نەگرتایە، لەوانەبوو هەرگیز لەپرسیارکردن نەکەوێ.

(مریەم) دیسان پێکەنیو ئاخیری بەئاوازێکی گاڵتەجاڕی گوتی:

ـ گاڵتە؟ من گاڵتەی چیم هەیە تا لەگەڵ تۆی بکەم؟ دەڵێم (زارا) ڕۆیشتو بەڕاستیشمە. بەڵێ، (زارا) لەگەڵ ماڵی خۆیان لەم گوندە ڕۆیشتو ئەلحەمدولیللا تۆ حەسایتەوە! بەسە ئیدی ئەوەندە پرسیاری نابەجێ مەکە، من حەوسەلەی وەڵام دانەوەم نییە. ( قادر)، کە لەدڵەوە بەڕاستی دەگریاو خوێنی دڵی خۆی دەخواردەوە، سەری دانەواندو چیدی قسەی نەکرد. قادری کلۆڵ دوای ئەوەی بێریوانەکان ئیشی خۆیان تەواو کردو ڕۆیشتنەوە، پاش نیوەڕۆ مێگەلەکەی بەدەستی شاگردی (بەردەست)ی سپاردو بەپەلە وەکو شێتێ زنجیری پساندبێ گەڕایەوە دێ. پرسیاری لەمو لەوو لەهەر کەسێ کرد کە بیزانیایە شتێ لەم بارەیەوە دەزانێ، و ڕاستی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت. هەرچەندە دەیزانی ئەگەر قسەی (مریەم) ڕاست بێو (حاجی مستەفا) لە (حاجیاوە) باری کردبێ، خۆی دێتە لای بۆئەوەی مەڕەکانی وەربگرێتەوەو ئەوسا لەڕێی (حاجی) خۆیەوە، ئاشکرا دەبێ مەسەلەکە چۆن چۆنییە، بەڵام (قادر) لەو کەسانە نەبوو ئەو سەبرو خۆڕاگرتنەی هەبێو بتوانێ چاوەڕێ بکا تا حاجی خۆی دێتە لای. ئیدی ئەوەبوو، بەبێ دەنگی کەوتە ناو گوندو



ئەوەندە بەپەشۆکاویو بەتەنگەتاوی پرسیاری لەمو لەو دەکرد، هەموو کەسی سەرسام کردبوو. کە دیتی وەڵامی هەندێ لەو کەسانەی ئاگاداری مەسەلەکە بوون، لەگەڵ قسەی (مریەم) تێك دەکاتەوەو بۆی ساغ بووەوە ماڵی (حاجی) کۆچیان کردووەو چوونەتە (قەڵای ڕەسوولی سیت)، بەسەرزمانە مێشکی وا پەرێشانو پەشۆکا، نەیدەزانی چ بکا؟ و چ خاکێ بەسەری خۆیدا بکا؟ ئێستا لەبارێکی زۆر سەختو ناخۆشو پەشۆکاودا بوو. لەڕاستیدا خۆی لەدووڕیانێك دەدی، دوو دڵ بوو نەیدەزانی بەکام ڕێگادا بڕوا. ڕێی یەکەم ئەوەبوو (زارا) لەبیر خۆی بباتەوەو ڕۆژگاری خۆشیی عەشقو دڵداریی لەگەڵ ئەوا، لەمێشکی دەربکاو وەکوو مرۆڤێکی ژیرو ئاقڵ بگەڕێتەوە ناو ماڵو لای ژنە خاتوونو منداڵە بێ گوناهەکانی خۆیو ئەوەندە تەمەنەی ماویەتی بەئاسوودەییو ڕەحەتی بژیو خەریکی ئیشی ڕۆژانەی خۆی بێ. بەڵام ڕێی دووەم، کە ڕێیەکی زۆر سەختو دژواربوو، ئەوەبوو بەیەکجاری پشتەپێ لەکارو پیشەی خۆیو تەنانەت لە (حاجیاوە)و ژنو منداڵەکانی بداو ڕێی (قەڵای ڕەسوولی سیت) بگرێتەبەرو کتێبی عەشقو عاشقی لەگەڵ زارا بەپایان بگەیەنێ کە تازە گەیاندبوویە نیوەی.

جا لە (قەڵای ڕەسوولی سیت) چی بەسەردێ؟ ئایا لەوێ بەدیداری (زارا) شاد دەبێ یان نا؟ ئایا (زارا)، کە (قادر) بەبێ وەفای دەزانی چونکە بێ ئاگادار کردنەوەی ئەم، لەگوندی خۆیان ڕۆیشتووەو هەر

مالاوایشی لێ نەکردووە، لەسەر پەیمانی خۆی ماوەو بەگەڵی دەکەوێ بۆئەوەی لەوێ رابکەن‌و بچنە جێگایەکی دی یان نا؟ وەڵامی ئیجابی ئەم پرسیارانە کارێکی زەحمەت بوو، تەنیا وروژان‌و پەشۆکانی (قادر)ی داماوی زیاد دەکردو بەس. (قادر)، کە بەرەو ماڵ دەبووەوە، لەرێگادا بیری لەهەڵبژاردنی یەکێ لەم دوو رێگایە دەکردەوە. ململانێیەکی دژو ناکۆکی لەمێشکدا بەرپابوو. ئاخیری کە گەیشتەوە بەر دەرگای ماڵەوە، لەو دوودڵییە دەرچوو بوو، رێگای خۆی هەڵبژاردبوو: بەڵێ، رێگای دووەمی هەڵبژاردبوو، ئەمەش شتێکی سەیر نەبوو بۆ عاشقێکی دڵ برینداری وەکوو ئەو کە هەر لەیەکەم رۆژی دیتنی (زارا)وە، دڵ‌و دینی لەپێناوی بەخت کردبوو تا ئێستاش عەشق‌و ئەوینی بەرامبەر بەو کچە هیچ کەمی نەکردبوو.

بەڵێ، ئەم بڕیارەی (قادر) بۆ هەڵبژاردنی رێگای دووەم‌و پێ لەقەدان لەماڵ‌و خێزانی ئەوەندە جدی‌و خێرابوو، هەر ئەو رۆژە بۆ عەسرەکەی، کە گەڕایەوە ماڵێ، کەوتە سەرئەوە کە کاروباری ژن‌و منداڵەکانی یەك لا بکاتەوەو سبەینەی رۆژی پاشیش، دوای یەکلاکردنەوەی هەق‌و حیسابی لەگەڵ خەڵکی دێ، بەرەو مەبەستی خۆی بکەوێتە رێ. ماوەیەك بەناو کۆلاناندا گەڕاو سەبری گرت تا دونیا تاریك داهات، ئەوسا چووەوە ماڵێ، دیتی ژنەکەی لەقوژبنێك دانیشتووەو منداڵەکانی لەتەنیشتی خەوتوون. (قادر) کە گەیشتەوە ماڵێ، بەجۆرێ پەشۆکابوو،



(خاوەر) بەمەزەندە زانی دەبێ بەدبەختییەکی نائاسایی لەگۆڕێ بێ، بەڵام هیچی نەگوت‌و بەسەر خۆی نەهێنا کە هەستێکی وا ناخۆشی لا پەیدا بووە. شوانە، بەڕوخسارو رووماى ئالۆسکاوەوە سەرنجێکی لەدوو منداڵە بێ گوناهەکەیدا کە لەتەك دایکیان نووستبوون، ئینجا وەکوو ئەوەی لەپڕ تخی لێ کردبێ، رووی بۆلای ژنەکەی وەرگێڕاو پێی گوت:

ـ (خاوەر)، ئەمشەو دەمەوێ چەند قسەیەکی گرنگت لەگەڵ بکەم، ئایا ئامادەی گوێ بگری؟

ـ (خاوەر) لەم قسەیە راچڵەکی، پەرداخە ئاوێکی لەدەست بوو، هەر وەخت بوو لەدەستی بەربێتەوە، پەرداخەکەی لەلایەك داناو بەبێ دەستی خۆی گوتی:

ـ ئامادە نەبم چم پێ دەکرێ، بلێ، گوێم لێتە.

(قادر) نەختێ وەستا، خووزی زاری قووت دایەوەو بەئاوازێکی ناسك، بەڵام بەسەنگینی گوتی:

ـ (خاوەر)، یەکەم جار تکایە هەرچی پێت دەڵێم لێم مەڕەنجێ‌و هەرچی لەمنی دەبیستی بەبۆچوونی راستەقینەو وەکوو رووداوێکی چارەنووسیی بێ چارەسەر تەماشای بکە. من باری دەروونم ئەوەندە جێی داخ‌و بێزارییە، ئەگەر تۆ لەجێی من بای‌و گرفتاری دەردی من بوویتایە، لەدڵەوە منت دەبەخشی. من بەوپەڕی شەرم کردنەوە، ئێستا پێت رادەگەیەنم کە چیدی ناتوانم لەگەڵ تۆ بژیم‌و بەوپەڕی داخ‌و

خەفەتەوە، ناچارین لێك جودابینەوە. دەزانم تۆش هەستت پێ کردووە کە من ماوەیەکە دڵو گیانو لەشو رۆحم بەدەست خۆم نەماوە، بۆتە هی یەکێکی دی، لەمەودواش چارنییە هەر هی ئەو دەبێ. بەدبەختانە، بەم دواییە من وام لێهاتووە بەرامبەر بەتۆو منداڵەکانت، کە منداڵی خۆمن، زۆر بەرِەقیو بەتوندیو بەشێوەیەکی درِندانە رەفتارم کردووە. پێ لێ دەنێم رەفتارەکەم بەهیچ جۆرێ لەرِەفتاری مێرد یان باوك ناوەشێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەگەرچی دانی پێدا دەنێم کە هەموو کەمو کورتییەکە لەمنەوەیەو تۆ شایەنی ئەو جۆرە رەفتارو بەدکارییە بێ ئەدەبانە نیت کە من لەگەڵم کردووی، بەڵام چ بکەم من هۆشم لەسەردا نەماوە، بۆیە ئومێدەوارم بمبەخشیو لەگوناهەکانم ببووری. بێ گومان بۆ خاتری من نا کە مێردی تۆ بوومو ئێستاش هەر مێردی تۆمو ماوەیەك لەگەڵت ژیاوم، بەڵکو بۆ خاتری منداڵە ئازیزەکانمان: (مەنسووری ئازیزو شیرینی نازەنین) کە تاکە یادگاری بەهادارو بەردەوامی ژیانی هاوبەشی ئێمە هەردووکمانن و تاکە پەیوەندییەکی خۆشەویستیو توندوتۆڵن کە ئێستاش بەندیواریو پەیوەندیی بەینی دڵی منو تۆ دەپارێزن با بەشێوەی جارانیش نەبێ. بەڵێ، خودای دونیاو قیامەتان لەم رووەوە چارەنووسێکی دیکەی بۆ من داناوە کە من ناچارم دوای بکەوم. ئەگەرچی پەیمانی من لەگەڵ تۆ ئەوەبوو تا دەمرین هاوبەشی ژیانی یەکدی بینو هەرگیزاو هەرگیز دەست لێك بەرنەدەین،



بەڵام بەداخەوە ئێستا ئاستەنگێکمان هاتۆتە پێشو من چارم ناچارە دەبێ بەتەنیا ملی رێگای ژیانی خۆم بگرمو تۆ ناتوانی لەو ئاستەنگە بەولاوە برِۆی. بەوشەیەکی دی تۆ دەبێ لەمن جیاببیتەوەو رێگای چارەنووسی خۆت بگریتەبەرو منیش بەش بەحاڵی خۆم شوێن چارەنووسی خۆم دەکەوم. ئێستا پێم بڵێ بزانم تۆ بەرامبەر بەم پێشهاتە چ دەکەی؟ ئایا ئامادەی منداڵەکانمان، کە منداڵی خۆشتن، لەگەڵ خۆت ببەیتو بەخێویان بکەی؟ یان دەبێ بەیەکێکی دیکەیان بسپێرمو بیرێکی تریان لێ بکەمەوە؟

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی (قادر) بەم جۆرە قسەی دەکرد، (خاوەر)ی بەدبەخت وەکوو تاوانبارێ کە حوکمی مردنی بەسەردا درابێو گوێی لەبرِیاری حوکمی مردنی خۆی گرتبێ، ئاوها گوێی دابووە قسەکانی (قادر)و لەناخەوەش پیشی دەخواردەوە، بەڵام متەقی نەکردو هیچ خۆی لەقسەکان هەڵنەقورتاندو نارِەزایی پیشان نەدا. کە (قادر) لەقسەکانی بووەوە، (خاوەر) ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکەی رژابووە سەر گۆناکانی سرِییەوەو ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

(قادر)، بەرِاستی تۆ ماوەیەکە هەم توانای تێ گەیشتنو هەست کردنت لەدەست داوەو هەم روحمو مروەتو ویژدان. بەرامبەر بەمنو منداڵەکانیشت، رەفتارت بەجۆرێکە بەهیچ چەشنێ لەپیاوی بەشەرەفو بەویژدان ناوەشێتەوەو لەمرۆڤی ئاقڵو خاوەن شعوور بەدوورە. من یەکەم

جار تۆم خۆش دەویست، هەر لەبەر ئەو عەشقو خۆشەویستیەش بوو ماڵی پڕ خێرو بێرو هێمنو ئاسوودەی باوکو براکانم جێ هێشتو بەژیانی ناو کوخێکی خراپووچکەو گوزەرانی سادەو هەژارانەی تۆ رازی بووم. یەکەم لەبەرئەوەی، چیت لێ بشارمەوە، شەیدای ساکاریو پیاوەتیو میهرو خۆشەویستی تۆ ببوومو ئینجا لەبەرئەوەش کە درەختی پێك گەیشتنمان بەری داو میوەیەکی شیرینو دڵگری وەکوو دوو منداڵە ئازیزەکانمانی بەنسیب کردین. لەبارەی ئەوەشەوە کە تۆ داوای لێ بووردن لەمن دەکەی، من بەش بەحاڵی خۆم لەو رەفتارە کرێتو دڕندانەت دەبوورم کە لەگەڵ منت کردووە، چونکە من مرۆڤێکی قین لەدڵو تۆڵە سێن نیمو نامەوێ لەژیاندا ئازاری هیچ کەس بدەم. شاعیر چەند چاکی فەرمووە کە دەڵێ:

**جفاکشیم و ملامت بریم و خوش باشیم**

**که در طریقت ما کافری است رنجیدن**

بەڵام ناتوانم لەو رەفتارە توندوتیژو ناشرینانەت ببوورم کە بەرامبەر منداڵەکانت کردووە. ئەم لێ بووردنە دەبێ دڵی پاکو بێ کینەی منداڵەکان بیداو لەبەرئەوەی دڵی منداڵ وەکوو ئاوێنە پاکو سافەو گەردی رەنجو لێڵی بەخۆیەوە ناگرێو هیچ شتێ ناتوانێ رووی رەشو تار بکا، بۆیە وابزانم ئەوانیش لێت دەبوورن. کەواتە هیچ گرنگ نییەو منو منداڵەکانم هیچ کارمان بەتۆ نییە، تۆ برۆ دوو ئیشی خۆت! برۆ



خوات لەگەڵ، شوێنی چارەنووسی تازەی خۆت بکەوە. من لەناخی دڵەوە، لەخوا دەپاڕێمەوە کە خۆتو هاوبەشی داهاتووی ژیانت بەختەوەرو ئاخیر خێر بکات! بەڵام (قادر)، ئەوەش بزانە، کە ژیانت لەگەڵ ژنێکی دیکەشدا لەم ماڵە مەیسەر دەبوو! بەپێچەوانەی بۆچوونی هەموو کەس کە واتێ دەگەن تۆ نەتدەتوانی ژنە تازەکەت بێنیتە ناو ئەم ماڵە، من دەڵێم تۆ بەچاکی دەتتوانی ژنە تازەکەت بهێنیتە ئێرەو بیکەیتە هاوبەشی ژیانمان. دەبوایە پێشتر لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ من بکەیتو راوبۆچوونی من وەربگری، ئەگەر ئەو بیویستایە بێتە ئێرە، بێ گومان من روخسەتم دەداو ئیدی هیچ کامان دەربەدەر نەدەبووین. ئەوسا من بەهیچ جۆرێ لێم نەدەقەوما، چونکە ماوەیەکە من هیچ سەرو کارم لەگەڵ تۆ نەماوەو ئەگەر دڵو رۆحو ژیانی تۆ بەیەکێکی دی بەسرابێتەوە، ئەوا دڵو رۆحو ژیانی من بەمنداڵە ئازیزو بێ گوناهەکانمان بەسراوەتەوە. من تەنیا ئەوەندە قوژبنێکی ئەم ماڵەم هەبایە بۆ ئەوەی لەگەڵ دوو منداڵەکەم تیا ستر بین، هیچ ئیشم بەتۆو بەهاوسەرەکەت نەبوو، ئامادەبووم ئەو چەند رۆژەی لەتەمەنم ماوە بەهەمان بێ لایەنیو بەخۆشیو ئارامی بەپایان بگەیەنم. ئێستاش کە تۆ دەتەوێ ئەم هێلانەی بەختەوەرییە تێك بدەیو بەسەریەکدا بیروخێنیو ئینجا بچیتە دوای چارەنووسی تازەی خۆت، برۆ! خوات لەگەڵ! من مریشکێك نیم بێ کۆڵیت بمێنمەوەو نەتوانم جووجەڵەکانم بەخێو بکەم.

من هەرچەندە ژنێکی کلۆڵو دەستوپێ سپیش بم، بەڵام دەتوانم دوو منداڵە ئازیزەکەم پێ بگەیەنم. من هیچیشم لەتۆ ناوێ، چونکە پێویستم بەتۆ نییە، تۆ ئەگەر شتێکیشت هەبێ، بۆ خۆت بێ، تۆ مستەحەقتری چونکە بابایەکی هەژارو دەستکورتی. من سبەی بەیانی دەستی منداڵەکانم دەگرمو ماڵاواییت لێ دەکەمو دەگەڕێمەوە ماڵە باوانم. ئێستاش بۆ خۆت برۆ بخەوە. چونکە مێشکی شەکەتو داهێزراوت پێویستی بەحەسانەوە هەیە.

تا بەیانی خواحافیز!

(قادر) تاقەتی نەبوو خۆی لەژێر بارانی ئەم سەرکۆنە جەرگ بڕەدا بگرێ، لەشەرمەزارییان سەری دانەواندو وەکوو تاوانبارێ کە حوکمی خۆیان بەسەردا خوێندبێتەوە، بۆ دواجار سەرنجێکی پڕ شەرمو شوورەیی لەژنەکەی داو بەئاوازێکی بەدبەختانە گوتی:

ـ (خاوەر)، بەسە! من ئەوەندە بەدبەختو داماڵاوم، ئیتر یارای بەرگەگرتنی قسەی توندو ئاگرینی تۆم نییە، دووبارە تکات لێ دەکەم بمبەخشە.

(خاوەر) گوتی: من ئەوا تۆم بەخشیو ئومێدەوارم خوداش بتبەخشێ. گوتم برۆ تا سبەینێ بۆخۆت بحەسێوە.

ئەمەی گوتو سەرنجێکی جەرگبڕی لەسەراپای لەشی لەرزانی (قادر)دا. ئینجا لەجێی خۆی هەستا چوو لەتەك نوێنی منداڵە



نازدارەکانی درێژ بوو کە بەبێ ئاگا لەدونیای هوشیاری، کەوتبوونە باوەش یەکدیو لەخەوێکی خۆشدا نقووم ببوون.

(قادر) خۆی خزاندە گۆشەیەکی دیکەی ژوورەوەو وەکوو منداڵێکی باب مردوو، سەری خستە بەینی هەردوو دەستەکانیو دەستی بەگریان کرد.

❊ ❊ ❊

## (٦)

(قادر) سبەینێ نەختێ درەنگ لەخەو رابوو، چونکە شەو لەبەر ناڕەحەتی گیانپرۆین‌و بیرو خەیاڵی ئاڵۆزو پەرێشان تا بەترەکی شەو چوو خەوی لێ نەکەوت. سبەینێش بەو ئومێدە لەخەو هەستا کە جارێکی دی ماڵاوایی لەژنەکەی بکات‌و منداڵەکانی بگرێتە باوەش‌و ماچیان بکا، بەڵام کە بەوردی تەماشای هەموو لایەکی کرد، دیتی هیچ هەست‌و خوست نییە، ژنەکەی منداڵەکانی هەڵگرتووەو بەبێ ماڵاوایی رۆیشتووە. شوانەی داماو، کە خۆی ئاوا بەتەنیا بینی، قسەکانی شەوێ دیی (خاوەر)ی بیرکەوتەوەو لەو گۆشەگیری‌و لاتەریکییە جەرگبڕە، بەجۆرێ دڵی گیرا کە بەبێ دەستی خۆی هۆڕ هۆڕ گریا. وەکوو یەکێ کە لەسەر کێوێکی بەرزڕا بەربووبێتە ناو گەلییەکی کوور، ئاوا هەستی دەکرد سەراپای لەشی کوتراوو برینداری زۆر دێشێ.



لەلایەکەوە دیمەنی منداڵە بێ گوناه و ژنە بەسەزمانەکەی لەبەرچاو بەرجەستە دەبوو، لەلایەکی دیکەوەش جیلوەی جوانیی یەزدانیی (زارا) بەو جوانییە سەرنجکێش‌و دڵبزوێنە.

شوانەی داماو، دوای ماوەیەك گریان، هاتەوە سەرخۆی‌و بیری لەبارودۆخی ئێستای خۆی‌و لەوە کردەوە کە لەمەودوا دەبێ چ بکا!

ئەو تازە بڕاندبوویەوە کە دەبێ چ بکاو چ نەکاو کەتنی خۆی کردبوو. پردی گەڕانەوەی لەخۆی تێك دابوو. لێرە بەدواوە نەڕێگای گەڕانەوەی هەبوو، نەڕووی گەڕانەوەش. ئەگەر تا دوێنێ هێشتا دوو دڵ بوو، لەدووڕیانی چارەنووسی خۆی کام رێگا هەڵبژێرێ‌و ئەو رێیە بگرێتەبەرو بڕوا، ئەمڕۆ ئەم دوو دڵییەشی نەماوە، چونکە رێگای ژیانی لەگەڵ (زارا) هەڵبژاردووە. هەربۆیەش دوای ئەم هەڵەیە، گریەوزاری هیچ سوودی نەبوو، خۆیشی ئەمەی بۆ دەرکەوت‌و زانی واباشە هەستێ‌و بچێتە دوو چارەنووسی خۆی.

چارەنووسیشی ئاشکرابوو، بۆیە چارەی هەر ئەوەبوو، کە چ زوو چ درەنگ، ملی ئەو رێگایە بگرێ. یەکەم جار وای پێ باش بوو بچێتە ماڵی باوکی (خاوەر)و ئەرکی ژنەکەی لەوێ لەگەڵ باوك‌و خزم‌و کەسوکاری بەیەکجاری یەك لا بکاتەوە. بەڵام هەر زوو لەم خەیاڵە پاشگەزبووەوە، چونکە ئاستەنگی سەرەکی بەردەمی، کە ژنەکەی بوو، لەلای رۆیشتبوو، ئێستا ئەگەر خۆی بەدوایدا بچووبایە، دەکەوتە بەر

رک‌وکینەی باوک‌و براکانی (خاوەر)و لەڕاستیدا بەپێی خۆی دەچووە دادگا، بۆیە ئەم ئیشەی بۆ کاتێکی لەبارتر دواخست‌و بڕیاری دا بەدوو (زارا)دا بچێتە (قەڵای رەسوولی سیت).

دەرگای ماڵەکەی کلیل دا، کلیلەکەی بەدراوسێکەی سپاردو بەناوی چوونە ئاقاری ملی رێی گرت. یەکێ لەسەگەکانی مێگەلەکەی کە ناوی (بەراز) بوو، ئەو رۆژە لەگەڵ مێگەلەکەی نەچووبووە ئاقاری، لەحەوشەی ماڵی شوانە لەبن دیوار وەرکەوتبوو، سەری خستبووە سەر دەستەکانی‌و نووستبوو، لەگەڵ دەنگی پێی (قادر) لەخەو راپەڕی. سەری بڵند کردو دیتی (قادر) دەیەوێ بچێتە دەرەوە، ئەویش کلکی لەقاندو کەوتە دووی.

(قادر)، یەکەم جار چووە ئاقاری‌و مێگەلەکەی دۆزییەوە کە بەدەستی (رەحیم)ی شاگردی بەردەستی سپاردبوو (رەحیم ناوی شاگردەکە بوو). مێگەلەکە لەکەناری بێشەیەک دامەزرابوو، دەلەوەڕاو (رەحیم) لەبن داربییان دانیشتبوو بێ ئەوەی هیچ ئاگای لەدونیاو ئەشتەبای خوا بێ، شمشاڵی لێ دەدا. کە چاوی بە (قادر)ی ئاغای کەوت، یەکسەر لەشمشاڵ لێدان وەستاو لەجێی خۆی هەستایەوەو چووە پێشوازی‌و سەلامی لێ کرد. لەتەک یەک دانیشتن. (رەحیم) قاپە شیرێکی لەبەردەم بوو، فەرمووی لە (قادر) کرد. (قادر)، بۆ ناشتا هیچی نەخواردبوو، زۆری هەوەس بەم فەرمووکردنە هات. قاپە شیرەکەی



وەرگرت‌و بەیەک بین فڕی تێ نەهێشت. دەستی بەلێویدا هێنا گوایە زاری پاک دەکاتەوە، ئینجا رووی کردە شاگردەکەی‌و گوتی:

- (رەحیم)!

- بەڵێ، ئاغا!

- دەتوانی چەند رۆژێک بەتاقی تەنێ لەبەر مەڕی بی؟

- بەڵێ دەتوانم. ئەی چۆن؟ بۆ بەتەمای بەسەفەر بچی؟

- بەڵێ، سەفەرێکی کورتم لەپێشە، رەنگە سێ چوار رۆژی دیکە بگەڕێمەوە.

- دەچیتە کوێ؟

(قادر) بەئەنگوستی شادە نوێژە ئاماژەی بۆ ترۆپکە قیتە دوورەکانی ئەوبەری کەناری دەستەچەپی (سیمین رود)، کرد.

- دەچمە ئەوێ.

(رەحیم) شاگردێکی زیرەک بوو، لەمەبەستی ئاغاکەی گەیشت‌و پێکەنی‌و گوتی:

- ها، زانیم کوێ. ئەودیوی ئەو زوورگانە. پشت ئەو باخە سەوزانەی لەدوورەوە بۆر دەچنەوە، دەچیتە (قەڵای رەسوولی سیت).

- بەڵێ، (رەحیم). دەچمە ئەوێ. دەبێ باش چاوت لەم مێگەلە بێ. ئەگەر ژن‌و کچە بێریوانەکان لەمنیان پرسی بۆچی نەهاتووم، تۆ بڵێ (قادر) نەخۆشەو لەماڵەوە پاڵ کەوتووە. بزنەکانی منیش، تۆ خۆت

بیاندۆشەو شیرەکە بۆ خۆت بنێرەوە ماڵی خۆتان، یان چی لێ دەکەی لێی بکە، چونکە (خاوەر) چیدی نایەتە بێرێ.

(قادر) دوای تەواوبوونی ئەم گفتوگۆیە، بۆ ماڵاوایی دەستی لەشانی شاگردی هاوکاری داو رووی کردە ئەو لایەی بەپەنجە ئاماژەی بۆ کردبوو. کە گەیشتە کەناری (سیمین رود)، بوارێکی پێ دەزانی، لەو بوارەی داو پەڕییەوە ئەوبەری رووبارەکە. کە لەناو ئاو بوو دەپەڕییەوە، لەدواوە دەنگێکی هاتە بەر گوێ، ئاوڕی دایەوە بۆئەوەی بزانێ چییە، بەوپەڕی سەرسامی دیتی (بەراز)ی سەگی مێگەلەکەی بەدوویدا هاتووە. ئەوەندەی هەوڵی دا سەگەکە بگێڕێتەوەو لێ نەگەڕێ بەدوویدا بچێ، نەیتوانی، چونکە هەر چەند هەنگاوێ دەڕۆیشت، دەیدی سەگەکەی بەدواوەیە. ناچاربوو وازی لێ هێناو هاتە رایێ کە سەگەکەشی لەگەڵیا بچێ.

بەرەبەری نیوەڕۆ بوو، گەیشتە ناو باخەکانی دەوروبەری گوندی (قەڵای رەسوولی سیت). شوانی ئەو گوندەش وەکوو خۆی مێگەلەکەی لەوێ راگرتبوو وە چاوەڕێی هاتنی ژن‌و کچە بێریوانەکانی دەکرد.

(قادر)، کە ئەم دیمەنەی بینی، بێ دەستی خۆی، ئەو رۆژانەی بیرکەوتەوە کە رەنگە خۆشترین‌و بەجۆشترین رۆژانی تەمەنی بووبێ. کە مێگەلی ئاوایی بینی، تروسکەیەکی شادی‌و خۆشی لەچاوەکان دەرەوشایەوەو دڵی پڕ ئومێدبوو، چونکە دەیزانی ئێستا وەختی هاتنی



بێریوانانەو مسۆگەر (زارا)ش لەگەڵیان دێ. ئەوەندە شەیداو تامەزرۆی دیداری دڵخوازەکەی بوو، بیری لەوە نەکردەوە (حاجی مستەفا) هێشتا مەڕەکانی لەو وەرنەگرتۆتەوە بۆئەوەی بیانهێنێتە ئەو شوێنە تازەیەی تیا گیرساوەتەوە. بۆیە، نابێ مەڕی لێرە بێ تا (زارا) بێ بیاندۆشێ.

هەرچۆن بێ، (قادر) پێش هەموو شتێ وای بەچاک زانی برادەرایەتی لەگەڵ شوانەی دێ، واتە هاوپیشەکەی، پەیدا بکاو پشت قایم بەو برادەراتیە ئەگەر (زارا) هاتە بێرێ، بتوانێ قسەیەکی لەگەڵ بکا. شوانە لەبن ریزە دار سنجووەکانی کەناری رووبار، دانیشتبوو، تەماشای (قادر)ی دەکرد. کە چاوی بەم رێبوارە کەوت، بەو سەگەی لەگەڵیدا بوو کە بەسەگی رانەمەڕ دەچوو، مەزەندەی کرد ئەمە دەبێ هاوپیشەی خۆی بێ‌و لەشوێنێکا خەریکی شوانێتی بێ. (قادر) لێی نزیک کەوتەوەو سەلامی لێ کرد. شوانەی نەناسیاو لەجێی خۆی بڵند بوو، سەلامی لە (قادر) وەرگرتەوەو گوتی:

- هاوڕێ، ماندوو نەبی، خەڵکی کوێی؟

(قادر) لەوەڵامی چاک‌و چۆنی شوانە، سەری لەقاندو گوتی:

- خەڵکی (حاجیاوە)م.
- دەچیتە کوێ؟
- دەچمە (قەڵای رەسوولی سیت).
- لەوێ چ ئیشت هەیە؟ چ کارەی؟

- منیش وەکوو ئێوە شوانم‌و بەکارێکی پێویست دەچمە ئەو گوندە.

- ئێوەش شوانن؟ بەمەزەندە زانیم ئێوە دەبێ هاوپیشەی خۆم بن. زۆر بەخێربێن، پێڵاوتان سەرچاو. من بەسەگەکەتان مەزەندەم کرد دەبێ ئێوەش شوان بن. سەگێکی چەند باش‌و ملەستوورتان هەیە! سەگەکەی من بەقەد سەگی ئێوە باش‌و کەتە نییە. گورگ بەزێنێکی سەیرە.

ناوی چییە؟

- ناوی بەرازە.

- ئۆی! سەگەکەی منیش ناوی بەرازە، بەڵام ئەم بەرازە لەکوێ‌و بەرازی من لەکوێ؟ جیاوازییان عەردو عاسمانە! باشە، بێ گومان شەکەت‌و ماندوویت‌و هەڵبەت فراوینیشت نەخواردووە.

شوانەی نەدیتی نەناسی، توێشە بەرەکەی لەبن دەرەختەکە دانابوو، هێنای‌و هەندێ نان‌و کەرەی تازەی لێ دەرهێناو لەبەر (قادر)ی دانا. (قادر) بەسوپاسەوە، بەوپەڕی مگێزو ئارەزوو کەوتە سەر نان‌و کەرەو بەدەمیشیەوە، جار جارە سەرنجێکی لە باریکە رێی ئاوایی دەدا بۆ ئەوەی بزانێ ژن‌و کچە بێریوانەکانی ئاوایی کەی دێن!

(قادر) سەرگەرمی خواردن بوو، لەوکاتەدا شوانەی نەناسیاو دووبارە سەری قسانی لەگەڵ کردەوەو گوتی:

- هاورێ، نەتانگوت ناوتان چییە!

- من ناوم (قادر)ە.



- منیش ناوم (ئیبراهیم)ە.

(قادر) هیچ بایەخی بەزانینی ناوی خانەخوێکەی نەدا. ئەو هەر سەیری مەڕەکانی دەکرد کە لەبەردەمی مۆڵ ببوون‌و کاوێژیان دەکرد. لەپڕ دڵی بەتوندی لێیدا، سەرو وەزعی زۆر بەسەختی گۆڕا، چونکە چەند هەنگاوێ بەولاوە، مەڕە سپییەکەی (زارا)ی بینی‌و ناسییەوە. (قادر) مەڕەکەی بەگوێیە رەشەکانی ناسییەوە. دەستی لەرزی‌و بەجۆرێ حاڵی پەشۆکا کە ئیبراهیم بەئاشکرا هەستی بەگۆڕانی کردو بەوپەڕی نیگەرانی پرسی:

- برا، ئەوە چیت بەسەر هات؟ ئەوە تەماشای چ دەکەی؟ بۆچی وا پەشۆکاوی؟ (قادر) بەزیرەکی، هاتەوە سەر هێمنی‌و خوێن ساردی خۆی‌و گوتی:

- شتێکی گرنگ نییە، چاوم بەمەڕێکی (حاجی مستەفا) کەوت، ئەوەتا لێرە، لەنزیکی من پاڵ کەوتووە. (حاجی) شێت‌و شەیدای ئەم مەڕەیەو تەنانەت دەڵێن بەقەدەر کچەکەی خۆی خۆشی دەوێ.

کە باسی کچی (حاجی) هاتە پێشەوە، ئیبراهیم بێ دەستی خۆی گوتی:

- بەڵێ، بەڵێ، ئەو (حاجی مستەفا)یە یەکەم جار ماڵی لەگوندی ئێوە بوو، لەوێ باری کردو هاتە ئێرە. بەڕاست، (قادر) ئەرێ تۆ دیوتە ئەو پیاوە کچێکی چەند جوان‌و پەری ئەندامی هەیە؟ کچەکەی ناوی

(زارا)یە، بەڕاستی کچی جوانە، نموونەی وا لەماڵی هیچ خانو عەیانو خانەدانێك پەیدا نابێ. من دڵنیام، لەدێهاتەکانی خانە گەورەکانیش، هیچ کەس کچی وا جوانی نەدیوە. تا ئێستا دووجار لەگەڵ کچانی دێ بۆ دۆشینی مەڕەکانی هاتۆتە ئێرە، بەڵام ئەوە دوو ڕۆژە دیار نییە، کارەکەرە بەساڵاچووەکەی (حاجی) لەباتی دێ.

(قادر) یەکەم جار بیری لەوە کردەوە، (حاجی مستەفا) نەهاتۆتە لای ئەم بۆئەوەی مەڕەکانی لێ وەربگرێتەوە، ئەی مەڕەکانی لێرە چ دەکەن؟ بیری بۆ ئەوە چوو رەنگە ئەو کاتەی ئەو لەئاوایی بوو، خەمو خەفەتی لە (زارا) دەخوارد کە بەبێ ماڵاوایی ڕۆیشتبوو، (حاجی) چووبێتە لای (رەحیم)ی شاگردیو مەڕەکانی لێ وەرگرتبێتەوە، بەڵام ئەی بۆچی (رەحیم) ئەمەی بۆ باس نەکردووە؟ هەڵبەت لەبیری کردووە. ئەی چۆن کە خۆی چووە لای (رەحیم)و چەند جارێك چاوی بەناو مێگەلەکەیدا گێڕا، هەستی نەکرد مەڕەکانی (حاجی) لەناو مێگەل نەماون؟

بەهەرحاڵ، (قادر) کە گوێی لەقسەکانی ئیبراهیم بوو زانی دوو ڕۆژە (زارا) نایەتە بێرێ، وەکوو دەریایەکی گەرداوی تیا هەڵ کردبێ، بەوجۆرە پەشۆکاو شڵەژا. رەنگی لەڕوو پەڕیو بیرو خەیاڵی تێکەڵو پێکەڵو جۆراوجۆری بەمێشکدا هات. ترسێکی نهێنی لاپەیدا بوو بۆچی دوو ڕۆژە (زارا) بۆ دۆشینی مەڕەکانی نایەو هەموو لەشو



گیانی لەترسان لەرزی. ئەو کچە نازەنینە نەخۆشیش نەکەوتبێ! یان بۆی هەیە ئیشێکی پێویست تری هاتبێتە پێش، بەڵام ئیشی چی؟

ئەو ترسە نەپەنییە وای لە (قادر) کرد لەوە زیاتر خۆی دوانەخا. زوو بەزوو خۆی بەناو گونددا بکا بۆئەوەی بزانێ مەسەلە چییە. زۆر بەئەدەبانە ئەو نانو کەرەی مابوو لەسەر توێشە بەرەی ئیبراهیمی داناو لەجێی خۆی هەستاو گوتی:

برا، ببوورە! من کارم زۆر پەلەیەو زۆر زۆریش ئیشم هەیە. ڕێم بدە لەخزمەتت مەرەخەس بم. بێ ئەندازە سوپاسی لوتفو خۆشەویستیو پێشوازی گەرمت دەکەمو ئومێدەوارم ڕۆژێ بێو بتوانم تۆڵەی ئەم لوتفەت بۆ بکەمەوە.

ئیبراهیم گوتی، واباش بوو لەژێر ئەم درەختەدا نەختێ پشووی بدەی، بەڵام ئێستا مادام پەلەتە، فەرموو، خوات لەگەڵ.

(قادر) دەستی خانەخوێکەی گوشیو باریکە ڕێی گوندی گرتە بەر. (بەراز)یش بەدوایدا کەوتە ڕێ. لەگردێکی بچکۆڵە سەرکەوت، کە ڕێی گوندی پێدا دەچوو. کاتێ لەترۆپکی گردەکە بەرەو گوند شۆڕبووەوە، چاوی بەژنو کچە بێریوانەکانی دێ کەوت بەگردەکە هەڵدەگەڕان، دەچوون مەڕەکانیان بدۆشن، (قادر) لێیان نزیك کەوتەوە، یەکەم ئەستێرەی ئومێدی کە لەدڵدا دەدرەوشایەوە ئەوەبوو بەڵکو خوا بکا (زارا)یان لەگەڵدا بێ. پەنجا هەنگاو مابوو بیانگاتێ، عاشقی شێتو

شەیدا، ئارامی خۆی لەدەست داو دڵی ئەوەندە بەتوندی کەوتە لێدان، هەر وەخت بوو لەلێدان بوەستێ. بۆیەش وا شڵەژاو تێکچوو، چونکە وای دەزانی ئێستا (زارا) دەبینێ، بەڵام کە نزیکتر کەوتەوەو بەوردی سەرنجی لەهەموو کچەکاندا، (زارا)ی نەبینی. هەر بۆیەش بەجۆرێ راچڵەکی دەتگوت یەك سەتڵە ئاوی ساردیان بەسەردا کردووە. کچە بێریوانەکان، کە بەگردەکە هەڵدەگەڕان، کاتێ ئەو رێبوارە بیانییەیان بینی، قریوەی پێکەنین‌و قسەکردنیان بڕی بۆئەوەی بەخێرهاتنی بکەن‌و هەموو بەیەك دەنگ گوتیان:

- برا، ماندوونەبی! خەڵکی کوێی؟ و دەچیتە کوێ؟

(قادر) زۆر بەئەدەبانە وەڵامی دایەوەو گوتی:

- هەر خۆش بن! من خەڵکی (حاجیاوە)م‌و دەچمە گوندەکەی ئێوە، گوندی (قەڵای رەسوولی سیت).

- ئیشت لەماڵی کێ هەیە؟

(قادر)، لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا یەکەم جار نەیویست راستی بڵێ، بەڵام لەبەرئەوەی دەرحاڵ هەستی کرد ئەگەر راستی بڵێ لەوانەیە خەبەرێکی (زارا)ی دەست بکەوێ، دەم‌و دەست گوتی:

- لەماڵی (حاجی مستەفا) ئیشم هەیە.

ژنێکی لادێی چل ساڵە لەناو کچەکاندا بوو، هاتە پێشێ‌و گوتی:

- دەچیتە ماڵی ئاغای من؟ دیارە ئێوەش داوەت کراون؟



(قادر) کە ئەم قسەیەی بیست، مات بوو. نە ئاگای لەمەسەلەی داوەت‌و میوانداریی هەبوو، نە ئەو ژنەیشی دەناسی. (حاجی مستەفا) لە (حاجیاوە) کارەکەری ئەوهای نەبوو، لەوانەیە لەم شوێنە تازەیەیدا، بەنوێتی ئەمەی بەکرێ گرتبێ. بەهەرحاڵ، (قادر) لەگەڵ بیستنی وشەی (داوەت) رەنگی پەڕی، بیرو خەیاڵی ناخۆشی بەمێشکدا هات. جا بۆئەوەی هەم وەڵامێکی ژنەکە بداتەوەو هەم ئەگەر بکرێ شتێ لەبارەی بابەتەکە بەدەست بێنێ، گوتی:

- نە ء، گیانە، من نەئاگاداری (میوانداریم)و نە (داوەت). من ئیشم بە (حاجی) خۆی هەیە. راستی نەتفەرموو داوەتەکە بە چ بۆنەیەك دەکرێ. کارەکەرەکە گوتی: (حاجی) ئەم رۆژانە سەری قاڵە، بۆ کاری تایبەتی پێشوازی لەکەس ناکا. زەماوەندی (زارا) خانمە. لەسبەینێوە چۆپی‌و داوەت‌و هەڵپەڕکێ لەگوند دەست پێ دەکاو حەفت رۆژ بەردەوام دەبێ.

ئەم قسەیە جارێکی دی وەکو زەبری کوشندەی چەکوچێ یان تۆبزێك وابوو بەسەری (قادر) کەوت. کە ئەم خەبەرەی بیست، بەجۆرێ پەشۆکا، دونیای لەبەرچاو تاریك داهات‌و سەری ئەوەندە بەتوندی گێژی خوارد هەر وەخت بوو بەربێتەوە. ئەم خەبەرە ناخۆشە بەشێوەیەکی وا کۆشکی ئاوات‌و ئارەزووی سەراوژێر کرد، ئومێدی نەما جارێکی دی بتوانێ نووژەنی بکاتەوە. لەوە زیاتر تاقەتی وەستان‌و پرسیارکردنی وردەکاری

مەسەلەکەی نەبوو. بەسەردانەواندن ماڵاوایی کردو یەکسەر لەگردەکە شۆڕبووەوەو بەرەو ئاوایی کەوتەڕێ. ژن‌و کچە بێریوانەکان بەچاو بەڕێیان کرد، ئەویش بێ ئەوەی ئاوڕ لەدواوە بداتەوە، بەحەپەساوی ملی ڕێگای خۆی گرت‌و ڕۆیشت.

(قادر) ئیدی خۆی لەوپەڕی کلۆڵی‌و بەدبەختیدا دەبینی. ژن‌و منداڵەکانی لەدەست دابوو، لەولاوەش (زارا) بەتەواوی ئەوی لەبیری کردبوو خەریکی شووکردن بوو. داماوە، هیچ بەخەیاڵیدا نەدەهات، ڕۆژێ بێ‌و (زارا) خیانەتی لەگەڵ بکا. ئاخر زارا سوێندی بۆ خواردبوو بێجگە لەو مێرد بەهیچ کەس نەکاو ئەم پەیمانەی لەسەرتەرمی (مەجید خان) لەگەڵ (قادر) بەستبوو. کەچی ئەمڕۆ بەداخەوە، وا پشتەپێی لەپەیمانی خۆی داوەو نەك هەر تەنیا بەبێ ئەوەی ماڵاوایی لێ بکا، لە (حاجیاوە) ڕۆیشتووە، بگرە لێرەش خەریکە زەماوەند لەگەڵ یەکێکی دیکەدا دەکا. ئیتر (زارا) تازە هیچ پەیوەندی بەوەوە نەماوەو ئاشکرایە لەو دوو ڕێگایەی چارەنووس خستبوویە بەردەمی‌و ڕێگای دووەمی هەڵبژاردبوو، بەهەڵەدا چوو بوو.

(قادر)ی داماو، بەوپەڕی سادەیی نیازی گەڕانەوەی کەوتە سەر، بەڵام ئاخر بە چ ڕوویەك بگەڕێتەوە؟ ئایا تازە دەتوانی جارێکی دی شوێنی پێشووی لەدڵی (خاوەر)ی نەجیب‌و خانەدان بەدەست بێنێ؟ بە چ ڕوویەك بتوانێ جارێکی کە سەیری چاوە بێ گوناهو پڕ فرمێسکەکانی



(خاوەر) بکا؟ ئەی خۆی بەژنەکەی ڕانەگەیاند چیدی ناتوانێ لەگەڵیا بژی‌و لەژیاندا ئاستەنگێکی وای هاتۆتە پێش، (خاوەر) ناتوانێ لێی بپەڕێتەوە؟ ئەی خۆی (خاوەر)ی لەماڵەوە دەرنەکرد؟

(قادر) کاتێ کە گەیشتە ناو دێی (قەڵای ڕەسوولی سیت)و کەوتە ناو کۆڵانان‌و ڕشتەی ئەو بیرو خەیاڵانەی پچڕا، زانی تازە پەشیمانی دادێ نادا، بۆیە ویستی تا دەتوانێ ئەو بێ وەفاییە بەڕووی (زارا)دا بداتەوەو بۆی بسەلمێنێ کە دڵخوازی وەفادار لەدونیادا وەکوو ئیکسیرو کیمیا وایە.

لەو کاتەدا، لەسێ کوانێك تووشی ڕێدارێك هات‌و دەمی قسەی تێ کردو گوتی:

- ئەرێ جەناب!

ڕێدارەکە، سەرنجێکی لەسەراپای شوانەی ڕێبوارداو گوتی:

- بەڵێ، جەناب!

- زەحمەت نەبێ، دەکرێ پێم بڵێی ماڵی (حاجی مستەفا) لەکوێیە؟

- لەکۆتایی ئەم کۆڵانەی بەرامبەرە، لەدەستە ڕاست، دەرگای هەشتەم.

(قادر)، بەدڵە کوتێ خۆی بەناو کۆڵانەکەدا کرد.

* * *

## (٧)

(قادر) گرفتی هەرە گەورەی ئەوەبوو چۆن بتوانێ چاوی بە (زارا) بکەوێ. ئێستا تەنیا خەریکی ئەوەبوو جارێ ماڵی (حاجی مستەفا) بدۆزێتەوە، ئەمەش هیچ گرفتی تێدا نەبوو، چونکە دەیتوانی ناونیشانی ماڵەکەیان لەهەر کەسێ بپرسێ‌و لەگوندێکا کە هەموو یەکتر دەناسن، بەئاسانی بیدۆزێتەوە. گیروگرفتەکە لەوەدابوو کە گەیشتە ماڵی (حاجی)، چۆن‌و بە چ بیانوویەك بتوانێ (زارا) ببینێ. بەهەرحاڵ، دەق ئەو کاتەی دەویست سەر بکا بەو کۆڵانەی رێدارەکە نیشانی دابوو، لەپشتەوە ترپەی پێی یەکێکی کەوتە بەرگوێ، سەری وەرسوڕاند بۆئەوەی بزانێ کێیە. ئەم جارەیان هەر وەخت بوو لەخۆشیان ببورێتەوەو بەربێتەوە، چونکە هیچ چاوەڕێ نەبوو بەختی تا ئەو رادەیە باش بێ‌و وا بەئاسانی بەڕوویەوە پێ بکەنێ. بەڵێ، ئەوەی دواوەی (زارا) بوو،



لەدەرەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، ئەویش بەدیتنی (قادر)، کە نیعمەتێکی چاوەڕێ نەکراو بوو، ئەوەندە کەوتە جۆش‌و خرۆش هەر وەخت بوو لەخۆشییان بقیژێنێ. هەردووکیان تووشی بارێکی ئەوەندە شپرزەو پەشۆکاو بوون هەر باس ناکرێ. (قادر) نەیدەزانی چ بکاو چ بلێ، زاری کردەوە بۆئەوەی هەستی خۆی دەرببڕێ، بەڵام (زارا) لێی بەپێش کەوت‌و بەدەنگێکی ناسکی وا کە لەگوێی شوانەدا زرنگایەوە، پێی گوت:

ـ (قادر)، لێرە رامەوەستە، مەترسی تێدایە. رۆژاوا لەسەر کانی دەرەوەی ئاوایی چاوەڕێم بکە.

(قادر) دەستێکی بەدەم‌و چاوی خۆی داهێنا وەك ئەوەی بیەوێ دڵنیا بێ داخۆ ئەوەی دەیبینێ‌و دەیبیستێ، راستە یان خەونە؟ کە لەم حاڵەتە سەرسامییە خەوناوییە هاتەوە سەرخۆی، تەماشای کرد (زارا) لەکۆڵانێ نەماوە. شوانەی بەدبەخت بەجۆرێ ئاگای لەخۆی بڕابوو، هەر نەیزانی (زارا) چووە کام ماڵ، تەنیا دەنگە یەزدانییەکەی لەگوێدا دەزرنگایەوە کە گوتی: ((رۆژاوا لەسەر کانی دەرەوەی ئاوایی چاوەڕێم بکە)).

ئێستا هەستی کرد (زارا) راست دەکا وەستانی لەسەری کۆڵانێ مەترسی تێدایە. ئەوەبوو لەوێ کشایەوەو رێگای دەرەوەی ئاوایی گرتەبەر. لەرێگادا ناونیشانی کانی دەرەوەی ئاوایی لەچەند کەسێ پرسی‌و ئاخری دۆزییەوە. ئەولای کانییەکە رەزێکی گەورەی دارمێو بوو،

خۆری نەگەرمو نەساردی بەهار تیشکی نەرمو ناسكو رەنگینی لەگەڵ تازەکانی دارمێوەکان دەدا. هێشتا زۆری مابوو بۆ رۆژاواو (قادر)، بۆئەوەی کەس نەیبینێ چووە ناو رەزەکەو (بەراز)ی سەگیشی لەگەڵ چوو. (قادر) لەبن دیوارێ، لەژێر دارمێوەکان راکشا، لەدەریای خەیاڵاتی جۆراوجۆر نقووم بوو، خۆی بەتەماشاکردنی ئاسمان خەریك کرد. (بەراز)ی سەگیشی نەختێ بەولاتر لەسەر زگ وەرکەوتو سەری خستە سەر دەستەکانی.

(قادر)ی بەدبەخت شەوی پێشوو دوو سەعات زیاتر نەخەوتبوو، ئەم شەویش کەس نازانێ کاتەکەی بەخەو یان بەبێداری بەرێ دەکا. ئەوەبوو لەبن دیواری رەزەکە درێژبوو کەوتە گێژاوی بیرو لێکدانەوەی جۆراوجۆرو هەر زوو خەوی لێ کەوت. شەکەتییو ماندوبوونی رێگاش دەردەکەی گرانتر کردبوو، وای لێ کردبوو زیاتر پێویستی بەخەو بێ. لەو کاتەدا، خەونێکی ناخۆشو پەرێشانی بینی: خەونی دی کە لەگەڵ (زارا) لەکەناری دەریایەکی گەورە وەستاوەو هەردووکیان بەسەرسامی تەماشای شەپۆلی هەڵچووی دەریا دەکەن، نەیزانی بۆچی (زارا) لەپڕ خۆی فڕێدایە ناو ئاوی دەریاو شەپۆل رایپێچا. (قادر) کە (زارا)ی لەمەترسیدا بینی، یەکسەر خۆی فڕێدایە ناو ئاو بۆئەوەی بەڵکو دڵخوازەکەی دەرباز بکا، بەڵام هیچێکیان بەسەر ئاو نەکەوتنەوە. (قادر)ی بەدبەخت لەدیمەنی تۆقێنەری ئەم خەونە شوومە دەرپەڕیو



چاوی کردەوە، هێشتا رۆژاوا نەببوو. (بەراز) لەتەنیشتی بوو، سەری خستبووە سەر هەردوو دەستی. کە (قادر) لەجێی خۆی هەستا، ئەویش سەری بڵند کردو سەرنجێکی تایبەتی لەماخۆکەی دا.

(قادر) وارە وارە چووە سەر کانی، دەیزانی تا (زارا) نەیەو قسەی لەگەڵ نەکا ناتوانێ هیچ مەزەندەیەکی ژیانی ئایندەی خۆی بکا. کە گەیشتە سەر کانی چەند ژنێکی دی خەریکی ئاو هەڵێنجاندنو پڕکردنی گۆزەکانیان بوون. (قادر) داوای ئاوی لێ کردن، یەکێ لەژنەکان جامەکەی خۆی لەئاوی کانی پڕ کردو دایێ.

رۆژئاوا بوو، دەوروبەری کانی وردە وردە چۆڵ بوو، پاش ئەوەی سەعاتێك لەشەو تێپەڕی، هیچ زی رووحێ لەو ناوەدا نەدەکەوتە بەر چاو. (زارا) خۆی دواخست، تا شەو درەنگ دادێ، لەولاوەش (قادر) زۆر نیگەران بوو. سەراپای ئاوایی (قەڵای رەسوولی سیت) کەوتبووە باوەشی کوشندەی تاریکییەوە. (قادر) لەبەر دواکەوتنی (زارا) نیگەرانیو شڵەژانی گەیشتە پۆپەو دیسان خەیاڵێکی خراپی بەمێشکدا هات، نەکا کچە تەفرەی دابێ! لەپڕ لەگەڵ مرەیەکی نزمی (بەراز) هاتەوە سەر خۆی. بۆراتییەك دەجوولایەوە پەردەی تاریکی شەوی دەدڕیو بەرەو لای کانی دەهات، چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای شوانە، (زارا) بوو. (زارا) دەنگی لێوە هەستاو گوتی:

ـ (قادر)...

- (زارا)...

بۆراتییەکە، بێ دەستی خۆی، خۆی بەباوەشی (قادر)دا داو هەردووکیان لەحاڵو ئەحواڵی یەکدییان پرسی. (زارا) پرسی:

- ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی؟ چۆن بوو هاتیتە گوندەکەمان؟

(قادر)، وەکوو منداڵێکی ساوا کە زەنگە سوورە پێیەوە دابێ، لەدڵەوە هەستی بەئێشێکی زۆر کردو لەوەڵامدا گوتی:

- چۆن (زارا)؟ یانی حەزت نەدەکرد بەدووتدا بێم؟ هاتم بۆئەوەی تۆ ئیشی من یەك لا بکەیتەوە. هاتم پێت بڵێم ئیتر تاقەتی بێ وەفایی تۆم نییە! لەخۆکوشتن بەولاوە هیچ چارەیەکم نەماوە بۆئەوەی لەئەشکەنجەی ئەم بێ میهرییەی تۆ نەجاتم ببێ. هاتووم پێت بڵێم تۆ ڕێزی عەشقو خۆشەویستی ڕەچاو ناکەیو پەیمانو قسەو سوێندە پیرۆزەکانی خۆت خستۆتە پشت گوێ. بەکورتی، هاتووم پێت بڵێم مادام بەیەکجاری منت جێ هێشتووە، واچاکە هەر بەدەستی خۆت بمکوژی.

(زارا) سەرێکی لەقاندو گوتی:

- قادر، گاڵتە مەکە. پێم بڵێ بزانم لەگەڵ (خاوەر)ی خێزانت چیت کردەوە؟

- دەتەویست چ بکەم. لەماڵەوە دەرم کردو هاتمە دوای تۆ.

- یانی دڵت پێ نەسوتا کە دەرت کرد؟



- دڵی من، لەمێژە بەعەشقی ئاگرینی تۆ سووتاوەو بۆتە خۆڵەمێشو خۆڵەمێشیش جارێکی تر ناسووتێ.

(زارا) ماوەیەك سەری دانەواندو بێ دەنگ بوو، پاشان بێ دەنگییەکەی شکاندو گوتی:

- (قادر)ی ناشوکر، تۆ چۆن بەمن دەڵێی بێ وەفا؟ چ بێ وەفاییت لەمن دیوە، ئەم تۆمەتەم دەدەیتە پاڵ؟

- لەوەزیاتر دەتەویست چ ببینم؟ ڕۆیشتیو ماڵاواییت لێ نەکردم! پەیمانت دا ببی بەهاوبەشی هەمیشەیی ژیانی منو ئێستا وەکوو بیستومە مێردت کردووە!.

- من مێردم کردووە؟! ئەم قسەیەت لەکوێ هێنا؟ ئەو تۆمەتەشم پێ دەکەی؟

- لێرە بیستم کە زەماوەندی تۆیەو حەفت شەوو حەفت ڕۆژ شاییو هەڵپەڕکێ لەدێدا دەگەڕێ. منیش ویستم خۆمت پێ نیشان بدەمو ئەو بەڵێنە درۆیانەت بەڕوودا بدەمەوە کە بەمنت دابوو.

- (قادر) تۆ بەغەڵەت چووی. بەڵێنەکانی من درۆ نین. من پێشتر بیرم لەم مەسەلەیە کردبووەوەو بڕیارم دابوو ئەگەر تۆ بەدوومدا نەیەی بۆ ئێرە، مل بۆ ئەم زەماوەندە نادەمو خۆم بەدوای تۆدا دێمە (حاجیاوە).

- بەڕاستتە؟

ـ بێ گومان بەڕاستمە. شایەتیشم ئەم بەرگی سەفەرەو ئەم بوخچەیەیە کە لەگەڵ خۆم هێناوە.

(قادر) لەو تاریکییە ئەنگوستە چاوەی شەودا هەستی کرد (زارا) شتێکی دایە دەست. کە لێی وردبووەوە زانی بوخچەیە. دەستی بردە ناو بوخچەکە، نووردییە نانێك و چەند هێلکەیەکی برژاوو نەختێ کەرەی هاتە دەست، زانی ئەمە هەمووی توێشووی ڕێگایە. لەسەر هەموو ئەمانەش شتێ لەدەسماڵ پێچرابوو، (قادر) نەیزانی چییە. لە (زارا)ی پرسی ئەوە چییە لەناو ئەم دەسماڵە؟ (زارا)دەسماڵەکەی لەناو بوخچەکە دەرهێناو دایە دەست (قادر) تا خۆی بزانێ چی تێدایە. (قادر) دەسماڵەکەی کردەوەو زۆر بەسەرسامی خەنجەرێکی لەناو دەرهێنا، بێ دەستی خۆی پرسی:

ـ (زارا) ئەم خەنجەرەت بۆچی هێناوە؟

ـ گوتم بڕیارم دابوو هەر ئەمشەو بێمە (حاجیاوە) بۆ لای تۆ. ئەم خەنجەرەشم هێنا بۆئەوەی ئەگەر پێویستی کرد، تا پێم دەکرێ و لەدەستم دێ لەسەرو سنگی دوژمنانی رابکەم، ئەگەر پەکیشم کەوت و نەمتوانی، لەسنگی خۆمی دەچەقێنم.

(قادر) لەئازایەتی ئەم کچە جوانە شادو سەرسام بوو، دەستی ماچ کردو ئینجا لێی پرسی:

ـ ئێستا، دەتەویست کەی بێیتە لام؟



ـ دە! گوتم هەر ئەمشەو!

ـ بێ شك ئەمشەو دەهاتی؟

ـ بێ شك دەهاتم. لێرە تا (حاجیاوە) سێ چوار سەعاتە ڕێ زیاتر نییە، دەمتوانی نیوە شەو بگەمە ئەوێ.

ئێستاش ئامادەی بڕۆین؟

ـ هەڵبەت ئامادەم، زووبە با بەڕێ بکەوین، ئیتر کاتی دڵەڕاوکێ و خۆ تاخیرکردن نییە.

(قادر)، وەکوو یەکێ لەخەونێکی خۆشدابێ، لەشادیو کەیفخۆشی نقووم ببوو. بەختەوەریی لەبەرچاوی وەکوو کۆشکێکی بەرز قیت ببووەوە، خۆی لەسەر قۆنگرەی کۆشکەکە وەستابوو (زارا)ی گرتبووە باوەش. خۆی بەیەکێ لەبەختەوەرترین بونەوەری سەر رووی زەوی دەزانی. سەرلەبەیانی کە لە (حاجیاوە) بەڕێ کەوت، قەت مەزەندەی بۆ ئەوە نەدەچوو چۆن و چ کاتێ (زارا) دەبینێ. ئێستاش کە ئەو بەیانییەی گەیاندبووە ئێوارە، بڕوایی نەدەهات کە، نەك هەر زۆر بەئاسانی بەدیداری (زارا) شاد بووە، بەڵکو کردووشیە بەهی خۆیو وا لەگەڵ خۆی دەیبا. (قادر) تا ئەو کاتە لەهیچ چیرۆکێکی دڵداری نەیبیستبوو، رۆژگاری جیاییو لێك دووری ئاوا بەکورتیو بەبێ گرفت تێ بپەڕێ. بەرهەحاڵ، کاتێ کە (زارا) گوتی: ((زووبە با بەڕێ بکەوین، ئێستا کاتی دڵەڕاوکێو خۆتاخیرکردن نییە)). (قادر) زانی نابێ لەوە زیاتر

دوابکەوێ. بوخچەی (زارا)ی بەشانیداداو خەنجەرەکەی لەبەر قەفی پشتێنی راکردو لەگەڵ (زارا) ملی ئەو رێیەیان گرت کە لەپشت رەزەکانەوە بەرەو گردەکان هەڵدەکشا، (بەراز)یش کەوتە دوایانەوە. ئەم رێبوارانەمان تا لەپەرگەی دێ دەرنەچووبوون، بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشابوون، بەڵام کە گەیشتنە ناو گردەکان، (قادر) بێ دەنگیی شکاندو گوتی:

- (زارا) گیان، تۆ نەتگوت دەتەویست مێرد بەکێ بکەی؟!

- (قادر) گیان، من نەمدەویست مێرد بکەم، بەڵکو دەیانەویست بەزۆری بمدەنە گەنجێ لەخانەدانەکانی کەلبرەزا. پێم باشە تۆ ئێستا واز لەم جۆرە قسانە بێنی کە بۆ هەردووکمان ناخۆشە، با بیر لەرێگای خۆمان بکەینەوە. کە گەیشتینە جێو هەناسەیەکی رەحەتمان هەڵکێشا، ئەوسا بەدوورو درێژی باسی هەموو مەسەلەکانت بۆ دەکەم. ئێستا پێم بڵێ بزانم ئەمە چ رێگایەکە ئێمە گرتوومانەتە بەر. ئەمە رێی (حاجیاوە) نییە. ئەی ئێمە ناچینە (حاجیاوە)؟!

(زارا) هەقی بوو. ئەمە ئەو رێیە نەبوو کە بەیانی (قادر) پێیدا هاتبوو، ئەوەش نەبوو کە (زارا) لەکاتی کۆچو کۆچباری ماڵەوەیان تەی کردبوو. کچە شارەزای ئەم رێیە نەبوو، هەر بۆیەش نیگەران ببوو. کەچی بەپێچەوانەی ئەوەوە، (قادر) بەمنداڵی سەراپای دێهاتەکانی کەناری (سیمین رود)ی دیبوو، پێی دەزانینو زۆر باش شارەزای رێیەکان بوو،



بێ گومان شارەزای ئەم رێگایەش بوو. ئەوەبوو (زارا)ی لەم رووەوە خاتر جەم کردو پێی گوت:

ـــ (زارا) گیان، هیچ مەترسە. ئەم رێگایە دەچێتە کێوی (لەقلەقایسی)و لەوێوە پێچ دەکاتەوەو بەباشووری ئەو چیا ئازیزەدا دەچێتەوە ناو چیمەنەکانی (سریلاوە)و لەوێ دەبێتە دووڕیان: یەکێ راستەوڕاست تا پشت بێشەکانی (سریلاوە) دەچێو ئەوەی دی بەرەو رۆژهەڵات دەڕواو دەچێتە کەناری (سیمین رود)و لەوێوە تا هنداو (حاجیاوە) دەڕوا. بەڕاست، (زارا) گیان! تۆ قەت گوێت لەناوی کێوی (لەقلەقایسی) بووە؟!

- بەڵێ، کەم شتێکم بیستووە بەڵام بەتەواوی نازانم چییەو چ جۆرە کێوێکە.

- ئازیز گیان! پاش دوو سەعاتی دی کە گەیشتینە ئەوێ ئەوسا دەبینی ئەو کێوە بەڕاستی دیمەنێکی جوانی هەیە. کێوێکی بچووكو بەرزو تەنیایە، دەوروبەری تا سێ قۆناغ هەمووی دەشتو چیمەنو بانە. کێوەکە خۆیشی دەق وەکوو سینییەکی پان وایە لەسەر ستوونێك یان پایەیەك دایان نابێ. رێگەیەکی باریك هەیە لەداوێنی ستوونەکەوە تا سەر سینییەکە دەڕوا. کە گەیشتیتە سەرەوە بۆنی گلوکی کێویو گیای خۆڕسكو رەیحانی بۆنداری کێویو جاترەی بۆنخۆش مرۆڤ مەست دەکا. ئەو سینییە لەڕاستیدا قوللەی کێوەکەیە، بەڵام لەدەشت پانترە.

کانیاوێکی روونو زوولالیشی لێیە ئاوی لەبەر دەڕواو دەرژێتە بن گیاو سەوزاییەکان. زۆر دیمەنی جوان لەسەر ئەو سینییە پانەوە دیارن: (سیمین رود) لەباشوورەوە بۆ باکوور وەکوو قەیتانێکی زیو وایە لەچەند جێگایەك پچڕابێ. ئەو پچڕانانە، ئەو جێیانەن کە بێشەی چڕی کەنار، رووبارەکە لەبەرچاو دەشارێتەوە. هەرلایەکی چەند ئاوایی تێدا دیارە: (قارنجە)، لە کەناری (سیمین رود)و لەناو دارچنارو بێشەی داربیدا دەکەوێتە بەرچاو، لەخوار (قارنجە) گوندی (حاجیاوە)یە، لەلای باکووری کێوەکە، واتە لەپشت ئێمەوە، (قەڵای رەسوولی سیت) دیارە. لەلای باشووری رۆژاوا، کێوێکی تەكو تەنیای هیلالی دەکەوێتە بەرچاوو گوندی (سریلاوە) کەوتۆتە داوێنی ئەو کێوە. لەلای باشوورەوە، لەداوێنی ئەو کێوەی لەکەناری رێگای (سریلاوە) بۆ (قارنجە) دەست پێ دەکا، ئاوایی (عەبدوڵڵاوا) دیارە. لەپشت چیای (سریلاوە)، ئاوایی (پیر وەلی باغ)ی گوندە کۆنەکەی ئێوەو ڕەزە ترێیەکانی دیارە. بەڵێ، ئەم هەموو گوندانە بەباخو بێشەو چیمەنو کێوو گەڵیو رێگاو رووبارەوە لەسەر ئەو سینییەوە، دیارن. بەهاران، کاتێ کە بازاڕی حەفتانەی (قەباغ کەندی) دەکرێتەوە، شوانو گاوان لەو دەوروبەرە، مێگەلەمەڕو گاڕانە رەشەوڵاخ بۆ فرۆشتن دەبەنە ئەوێ. کوڕو کچانی ئەم دێهاتانەش بەزۆری لەگەڵ مێگەلو گاڕانەکان دەچنە سەر ئەم کێوەو چەند سەعات شایی دەکەنو چۆپی دەگێڕن. من خۆم چەندین جار لەوێ



شاییم کردووە. بەڕاستی (زارا) گیان، ئەگەر بزانی لەو رۆژانەدا، کراسی رەنگاوڕەنگی کچانو بەرگی جوانو جۆراوجۆری کوڕان لەناو ئەو گوڵە جوانو ئەو لالە رەنگینانەی چیا چ دیمەنێکی جوانو باڵکێش دروست دەکا، هۆشت لەخۆت نامێنێو لەسەرسامیو پیاهەڵداندا جڵەوی خۆت لەدەست دەدەی. لەوێ، عەشقی سادەو بێ فرتو فێڵی لادێیی، بەهەموو جوانیو تامو چێژی سروشتی خۆیەوە سەر هەڵدەدا. لەوێ، هەر دەمو چاوە لەبەر عەشق یان لەشەرمو تەریق بوونەوە رەنگی لالەی چیایی بەخۆوە دەگرێ! لەوێ، (قادر)ەکان عاشقی (زارا)کان دەبنو پشتەپێ لەژیانو دارو نەداری خۆیان دەدەن!...

لێرەدا (زارا) لەناکاو قسەی بە (قادر) بڕیو بەنیگەرانی گوتی: (قادر) باش گوێ راگرە، دەنگێك لەدواوە دێ، دەزانی ئەوە دەنگی چییە؟ هەردووکیان ئاوڕیان دایەوەو (قادر) بەوشتی گوێی راگرت. (بەراز)یش، کە نەختێ بەپێشیان کەوتبوو، لەپڕ راوەستاو گوێی مووت کردەوە. شەوەکەی ئەوەندە تاریك بوو، چاو دوو هەنگاو حوکمی نەدەکرد. هەورێکی رەشو تار زگی لەعەردی نابوو، دونیای وا تاریك کردبوو، بچووکترین تروسکەی رووناکی لەهیچ لایەکەوە دیار نەبوو. لەدوورەوە دەنگێکی وەکوو دەنگی پێك کەوتنی بەردان، دەهات. (قادر) دەستی (زارا)ی گرتو گوتی:

ـ (زارا) ئەو دەنگە دەنگی سمی ئەسپانە، بێ شك بەدوو ئێمەدا هاتوون.

(زارا) گوتی: من لەهەوەڵەوە زانیم دەکەونە دوومان.

ـ خۆشبەختانە شەوەکەی زۆر تاریکە، ئەگەر ئەم سەگە نەفرەتییەمان لەگەڵ نەبایە، بەچاکی دەمانتوانی خۆمان بشارینەوە، بەڵام من ترسم لەوەیە (بەراز) ئاشکرامان بکاو ئیشەکەمان تێك بدا.

دەنگەکە تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوەو ئەم ڕێبوارە بەدبەختانەشمان تا دەهات پەشۆکاوی‌و نیگەرانییان زیاتر دەبوو. (قادر) دەستی (زارا)ی گرت‌و زۆر بەخێرایی لەڕێ لایداو بەرەو گەڵییەکی بچووکی لای دەستە چەپ شۆڕبوونەوە. (بەراز)یش بەڕاکردن کەوتە دوایانەوە، بەڵام هەمیشە گوێی مووت دەکردەوەو ئاوڕی لەدواوە دەدایەوە. گابەردێکی زل لەبنی گەڵییەکە هەبوو، (قادر)و (زارا) خۆیان لەپەنا شاردەوەو توند (بەراز)یان گرت بۆئەوەی نەچێتە دەرەوەو نەیکاتە دەنگ‌و هەرا. بەڵام سەگی کەللەشەق، کە هەستی کرد دەنگی سمی ئەسپان لەسەر ڕێگای سەرەوە دێ. زۆر بەتوندی خۆی لەدەست (قادر) راپسکاندو چەند جارێك بەقایم وەڕی. (قادر) هەرچەندە هەوڵی دا نەیتوانی بێ دەنگی بکاو ناچار بوو خۆی بۆ شەڕێکی گەورە تەیار کرد. خەنجەری رووتی لەبەر قەفی پشتێنی دەرهێنا. (زارا) هەستی کرد نەختێ دەترسێ‌و (قادر) لەلەرزینی لەشی دڵخوازەکەیەوە زانی (زارا)



ترسی لێ نیشتووەو دەستی بەدڵدانەوەی کرد. دوو سوار بەغار بەڕێدا دەهاتن. لەگەڵ وەڕینی سەگەکەی (قادر) هەردوو ئەسپەکە رەوینەوەو یەکێ لەسوارەکان بەوەی دیکەی گوت:

ـ ها، (مەحموود) نەمگوت دەیانگەینێ! ئەم سەگبابانە، لێرە، لەم گەڵییە خۆیان شاردۆتەوە، زوو ئەسپەکەت بۆ ناو گەڵی لێ خوڕە! دەبێ هەردووکیان بکوژین‌و تەرمەکانیان لەگەڵ خۆمان ببەینەوە. (زارا) ئەو دەنگەی ناسی‌و بەهێواشی بە (قادر)ی گوت:

ـ خۆیەتی!

ـ کێ؟

ـ دەزگیرانەکەم، ئەوەی بەتەما بوون منی بدەنێ.

(قادر) گوتی: کەواتە باشە، ئیشاڵڵا ئەمەش بەزیندوویی لێرە دەرناچێ.

دەنگەکە دووبارە بەرزبووەوەو گوتی:

ـ (مەحموود)، تفەنگت داگرتووە؟

ـ بەڵێ، ئاغا! خاتر جەم بە.

دوو سوارەکە شۆڕبوونەوە ناو گەڵی. (بەراز) بەدەوری سوارەکاندا دەسووڕاو بەحەپە حەپ ئەسپەکانی هەراسان کردبوو. دەنگی سمی ئەسپەکان لەسەر تەقتەقە تاوێرەکان، تا دەهات زیاتر لەگوێی (زارا)و (قادر)دا دەنگی دەدایەوە. هەردووکیان تاڕادەیەك دڵنیا بوون کە

تاریکی ئەنگوستە چاوی شەوو تەقەتی حەشارگەکەیان وادەکا ماوەیەك سوارەکان بێ هودە بکەونە گەڕانو سووڕان، خۆ ئەگەر دۆزرانەوەش ئەوە باوەڕیان بەسەرکەوتنی خۆیان پتەو بوو. دەنگەکە جارێکی دیکەش بەرزبووەوەو گوتی:

- (مەحموود)، تۆ نەختێ بڕۆ خوارتر، بەتایبەتی بنی گەڵییەکە بەوردی بپشکنە!

(مەحموود) کە یەکێ بوو لەسوارەکان، لەسوارەکەی دیکە دوورکەوتەوەو دەستی بەپشکنین کرد. سوارەکەی دی بەنزیك ئەو گابەردە زلەدا تێپەڕی کە ئەم دوو عاشقە دڵدارە کردبوویانە حەشارگە. (قادر)، ئەگەر چەکی ئاگری پێ بوایە، دەیتوانی سوود لەو نزیك بوونەوەی وەربگرێو لەو نزیکەوە سوارەکە، یان ئەسپەکەی بپێکێ، بەڵام بەداخەوە لەخەنجەرێکی رووت بەولاوە هیچ چەکی دیکەی پێ نەبوو. هەناسەی لەسنگی بەندکردو داوای لە (زارا)ش کرد تا پێی دەکرێ هەناسەی رابگرێ. (بەراز) زۆر ئازایانە پەلاماری سوارەکەی داو پێشی ئەسپەکەی گرت. سوارەکە یەك جار گوللەیەکی بە (بەراز)ی بەدبەختەوە نا، بەڵام خۆشبەختانە گوللەکە نەیئەنگاوت. سەگەکە لەدەرفەتێك دەگەڕا بۆئەوەی کردەوەیەك بنوێنێ. تا ئێستا چەندین جار بەتەنێ گورگی کوشتبوو، رێگەی بەسواری رێبوار گرتبوو، بۆیە باش دەیزانی چۆن ناحەزەکەی غافڵگیر بکا. (بەراز) بازی داو چووە سەر بەردێکی



بەرزو لەوێوە وەکو شێری برسی خۆی بەسەر سوارەکەدا دا. سوارەکە لەگەڵ ئەم زەبرە کتوپڕو بەئازارەدا لەسەر زین بەربووەوەو لەسەر زەوی بانگەرۆز بووەوە. ئەسپەکەی بەتوندی رەوییەوەو رایکردە لایەكو تفەنگەکەشی پەڕییە لایەك. سوارەی بەدبەخت لەنزیك حەشارگەی راکردووەکانو لەژێر دەستوپێی قورسی (بەراز)دا کەوتە پەلەقاژە. (قادر) دەرفەتەکەی قۆستەوەو دەست بەخەنجەر هەڵیکوتایە سەر سوارەکە. سوارەکە هاوارێکی ترسناکی لێ هەستاو بانگی برادەرەکەی کرد فریای بکەوێ، لەهەمان کاتدا، دەبانچەیەکی لەبن قەفی پشتێنی دەرهێنا بۆئەوەی بەرگری پێ لەخۆی بکا. (قادر) هەستی بەمە کردو زۆر بەچاپووکی ئەو دەستەی گرت کە دەبانچەکەی پێ گرتبوو، لوولەی دەبانچەکە لەبەینی پەنجەکانی (قادر)دا دەرچووبوو رووی کەوتبووە هەوا. گوللەیەکی لێ دەرچوو، بەڵام لەوە دەچوو بێ سوود بێ، لەولاوەش (قادر) خەنجەرەکەی تا بن مشتووی لەسنگی کابرای گوللەهاوێژ بردە خوارێ. کابرای بریندار هاوارێکی جەرگبڕی لەگەرووی هەستاو لەهەمان کاتدا تەقەی گوللەی تفەنگێك هاتو قادر گوێی لەقرووسکەی بەراز بوو، (بەراز) چوو بوو سواری دووەمیش بەدەردی سواری یەکەم ببا، بەڵام گوللەیەکی تفەنگی بەدەستی کەوتبوو، دەلەنگیو دەیلووراند.

که (مەحموود) گەیشتە فریای برادەرەکەی، (زارا) تفەنگی سوارەی برینداری هەڵگرتبووەوەو دابوویە دەست قادر. تفەنگەکە پڕبوو، ئامادەی تەقاندن بوو. ئەو دوو دوژمنە یەکتریان نەدەدی بەڵام هەستیان دەکرد لەیەك نزیك دەکەونەوە. یەکێ سوارو ئەوەی دی پیادە. بێ شك سوار بەئەسپەوە، بەو شەوە تاریکە، نیشانەیەکی دیارترە بۆ گوللە پێوەنان. هەردووکیان، بەخەیاڵی خۆیان، گوللەیان بەیەکترەوەنا. لەشەوی ئەنگوستەچاودا، بەهیچ جۆرێ گوللە پێوەنان سوودی نییە، مەگەر ئامانجەکە زۆر نزیكو دیار بێ. لەوە بترازێ پێکانی نیشانە دەکەوێتە سەر بەختو ناوچەوان. ئەو دوو نیشانەیە هیچێکیان لەوەی دی دیار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی (قادر) زیاتر دەرفەتی پێکانی هەبوو، ئەوەبوو گوللەی (قادر) سوارەی پێکاو کوشتی، بەڵام گوللەی سوارە سەری کردو بە (قادر) نەکەوت. ئەو شەوە (قادر) بەختی یار بوو.

ئەو دوو راکردووە، ئەو شەوە، هەروەکوو بڕوایان بەخۆ هەبوو، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام (بەراز)ی بەسەزمان بریندار ببوو دەشەلی. راکردووەکان هاتنەوە سەر رێگاو لەپێشوو خێراتر رێگایان گرتەبەر. (قادر) لەبەرئەوەی دەیزانی (بەراز) چیدی ناتوانێ لەگەڵیان بڕوا، لەباوەشی کردو ماوەیەك بەم جۆرە بردی، بەڵام هەر زوو زوو ماندوو دەبوو، سەگەکەی دادەناو سەگی وەفاداریش بەشەلەشەل لەدوای ماخۆکانی دەڕۆیشت. هەندێ جاریش، کە شوێنێکی چۆڵو چەپەکیان



بۆ حەسانەوە دەدیتەوە، خۆشیان لەگەڵ (بەراز) پشوویان دەداو دوای ماندوو حەسانەوە، (قادر) دیسان سەگەکەی لەباوەش دەکردو دەکەوتنەوە رێ. (قادر) هەستی کرد دوو ئەنگوستی دەستی چەپەی دەزووریێتەوە، پاشان هەستی کرد دەستی چەپەی تەڕ بووەو تا دێ زیاتر دەسووتێتەوە.

ئەوسا تێ گەیشت کە خوێنی زۆری لێ هاتووەو زانی گوللەی دەمانچەی بەدەستی کەوتووە. تیلمێکی لەپشتێنی بڕییەوەو بەیارمەتی (زارا) برینەکەی دەستی بەستەوە. برینی دەستی (بەراز)یشیان بەستەوە. بەدرێژایی رێگا، (زارا) سەرسامو حەپەسا بوو، هیچ قسەی نەدەکرد، هەرچەندە ئەمە دووەم جار بوو بەسەر ئاستەنگی بەردەمیدا زاڵ بێو لەو بەڵایە رزگاری بوو کە مێرد بەیەکێ بکا کە خۆی نەیدەویست. بەڵام بیرو خەیاڵی ئایندەی (قادر) نیگەرانی کردبوو. (قادر) لەبێدەنگیی (زارا) دڵی گیراو لەپڕ پرسی:

- (زارا)، تۆ بۆچی بێ دەنگ بوویو هیچ قسە ناکەی؟ بیر لەچی دەکەیتەوە؟ نیگەرانی؟

ـ بەڵێ نیگەرانمو بیر لەوە دەکەمەوە کە تۆ ئەمشەو تاوانێکی گەورەت کردو وابزانم ئەم تاوانە ئەنجامێکی زۆر خراپی دەبێ.

- بەرامبەر بەمە، ئاستەنگی سێیەمیشمان لەسەر رێی بەختەوەری خۆمان لادا.

- راستە، بەڵام ئەم داستانە بەرزەی ئەمشەو ئەنجامی زۆر خراپ دەبێ. وا بەئاسانی وازمان لێ ناهێنن. پێویستە تا دەتوانین رابکەین.

(قادر) وەڵامی ئەم قسەیەی نەدایەوە، وەکوو ئەوەی ئەنجامی کردەوەی ئەو شەوە بەڕای ئەویشەوە هەر خراپ بکەوێتەوە. خۆی دەیزانی بنەماڵەی دیارو بەرووەت ئەگەر تاوانێکیان دەرهەق بکرێ، بەئاسانی لێی نابوورن.

نیوەشەو بوو کە (قادر)و (زارا)، لەگەڵ سەگە بریندارەکەیان، بەهەزار زەحمەتو مەشەققەت خۆیان گەیاندەوە (حاجیاوە). کەڵەشێری ناوەختی ئاوایی تاكو تووك بانگیان دەداو سەگ دەوەڕین...

(قادر) (زارا)ی بەچەند کۆڵانەیەکدا بردو ئاخیری ئەو رێبوارە شەکەتانە لەبەر دەرگایەکی بچووك راوەستان. دەرگا داخرابوو. (قادر) چەند جارێك لەدەرگای دا. چارەکە سەعاتێك تێپەڕیو ئاخری دەرگا کرایەوە. پیرەمێردێك لەسەر کۆسپەی دەرگا دەرکەوت. سەرەتا کە چاوی بەرێبوارەکان کەوت هەر واقی وڕما، بەڵام کاتێ کە (قادر)ی ناسی، گرتییە باوەشو ماچی کرد. (قادر)یش روخساری چورچی پیرە باوکی چەند جارێك ماچ کردو (زارا)ی پێ ناساند.

* * *



## (٨)

بەیانی، کاتێ کە (زارا) بەدرەنگەوە لەخەو هەستا، (قادر)ی لای خۆیەوە نەبینی. بەحەپەساوی چاوی بەو شوێنە نوێو نامۆیەدا گێڕا. هەردەم چاوەڕێ بوو (قادر) لەدەرگاوە دەربکەوێو لەپەستیو نیگەرانی دەری بێنێ. ئاخیری (قادر) خۆی هەر خەبەری نەبوو، باوکە پیرەکەی (قادر) هاتە ژوورەوەو چاوو نانو کەرەی بەناوی ناشتا بۆ هێنا. (زارا) سوپاسی پیرەمێردی کردو پرسی ئەدی (قادر) لەکوێیە؟ و بۆچی نایەتە لای. پیرەمێرد خەبەری بەنۆبووکەکەی دا کە کوڕەکەی بۆ کڕینی جلوبەرگو هەندێ خشڵو پێویستی ماڵەوە چۆتە شارو لەوانەیە تا دە، دوانزدە رۆژی دیکەش نەیەتەوە. (زارا) لەم جۆرە بزربوونە دوورو درێژە واقی وڕما، بەڵام بەپێویستی نەزانی لەهۆکەی بپرسێ، چونکە رەنگە خۆیشی وای پێ باش بووبێ کە (قادر) دە، پازدە رۆژێك خۆی

لەبەرچاوان بزر بکا بۆئەوەی گڕی ئاگری تاوانی شەوی پێشوو دابمرکێتەوەو رووداوەکە کەم کەمە لەبیر بکریٚو ئەوسا (قادر) بتوانیٚ بەخەیاڵی ئاسوودە لەتەك دڵخوازەکەی بەسەر ببا. لەڕاستیدا هۆی ئەم بزربوونە دوورو درێژە تەنیا کڕینی جلوبەرگ نەبوو، بەڵکو شوانەی دەربەدەر بۆئەوەی لەو مەترسییە دووربیٚ کە دەورو خولی دەدا، بەدەستووری باوکی ویستبووی چەند رۆژێ لەو ئاواییە دووربکەوێتەوە تا دەنگو باسەکە دەنیشێتەوەو پاشان بتوانیٚ لەگەڵ (زارا) کۆچ بکا بۆ جێگایەکی ئەمینو لەویٚ، بەبیٚ خەم زەماوەند بکەن. ئەو مەترسییەی بەتوندی هەڕەشەی لە (قادر) دەکردو (زارا)ش پێی دەزانی ئەوەبوو کە لەوانەبوو (حاجی مستەفا)ی باوکی (زارا)و بنەماڵەی زاوای ناکامو کوژراو بکەونە تاقیبیو تۆڵەیەکی تۆقێنەری لیٚ بکەنەوە.

جگەلەوەش، ئەو ماوەی (قادر) لەویٚ نەبوو بەدوای (زارا)دا چوو بووە (قەڵای رەسوولی سیت)و ژنەکەی خۆی لەماڵەوە دەرکردبوو، براکانی (خاوەر)ی بەدبەخت چووبوونە ماڵی باوکی (قادر)و داوای کوڕە بیٚ ویژدانەکەیان کردبوو بۆئەوەی بەخراپترین شێوە بەسزای خۆی بگەیەننو تۆڵەی رسوایی خوشکی خۆیانی لیٚ بکەنەوە. پیرە شوانی داماو بەهەزار زەحمەتو مەشەققەت ساردی کردبوونەوەو بەسەدەها سوێندو ئایەت تیٚی گەیاندبوون کە ئەو دەستی لەم رووداوەدا نییە، چونکە ماوەیەکە کوڕەکەی نەدیوەو (قادر) هاتوچۆی ماڵی ناکا. بەم



قسانە، براکانی (خاوەر) وازیان لەپیرەمێرد هێناو چوونە دوو ئیشی خۆیان. پیرەمێردی داماو درۆشی نەدەکرد چونکە بەڕاستی لەمێژبوو (قادر) سەری لەباوکە پیرەکەی نەدەداو هیچ ئیشی پیٚ نەبوو.

پیرەمێرد، سبەینیٚ ئەم مەسەلەیەی بۆ بووکی ئایندەی باس کردو (قادر)یش لەمەترسی ئاگادارکردەوە. واتە: لەگەڵ سپێدەی بەیان (قادر)ی لەخەو هەستاندو هەموو مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوەو داوای لیٚ کرد بەبیانووی کڕینی جلوبەرگی بووکێنیو خشڵی پێویست بچێتە مەهابادو ماوەیەك خۆی لەو شارە گیر بکا تابزانیٚ باردۆخەکە بە چ دەگا.

(زارا)ش رۆیشتنی (قادر)ی بەنیشانی ئاقڵیو دووربینی لێکدایەوە، بەڵام نەختیٚ لەوە دڵگیربوو کە بۆچی بیٚ ئەوەی ئەم ئاگادار بکاتەوە رۆیشتووەو هەر ماڵاوایشی لیٚ نەکردووە. باوکی (قادر) لەباتی (قادر)ی کوڕی تەوازۆی بۆ هێنایەوەو گوتی کاتیٚ کە (قادر) بەڕیٚ کەوت تۆ لەخەوێکی خۆشدا بووی، پێی حەیف بوو بەخەبەرت بێنیٚ، بۆیە منی راسپارد لەباتی ئەو ماڵاواییت لیٚ بکەم. ئیشاڵڵا تا پازدە رۆژی دیکە هەر دەگەڕێتەوە، جا نابیٚ تۆ خۆت پەستو نیگەران بکەی. پازدە رۆژ تێپەڕیو (قادر) هیچ خەبەری نەبوو، لەو ماوەیەدا، رۆژیٚ چەند سوارێکی چەکدار لەلای (قەڵای رەسوولی سیت)ەوە دەرکەوتنو هاتنە گوندی (حاجیاوە)و لەماڵی (قادر)یان پرسیو کە دیتیان ماڵی

داخراوه چوونه ماڵی باوکیو داوای (قادر)یان لێ کرد، بەڵام پیرەمێرد ئەم جارەش سوێندی خوارد کە لەمێژە پەیوەندی بەکوڕەکەیەوە نەماوەو نایبینێ، بۆیە هیچ ئاگای لێ نییەو نازانێ لەکوێیەو چ دەکا. دوای پێنج رۆژ، چەکدارەکان دووبارە لە (حاجیاوە) پەیدابوون، بەڵام (قادر) هیچ خەبەری نەبوو، کەس نەیدەزانی چۆتە کوێ! براکانی (خاوەر)یش جارێکی دیکە هاتنە ماڵی باوکی (قادر)و سۆراغی (قادر)یان کرد، بەڵام نەکەوتە بەردەستیانو بەدەست بەتاڵی گەڕانەوە.

لەو وەختانەدا، (زارا) خۆی لەجێگایەکی تەقەت دەشاردەوە کە کەس گومانی بۆ نەدەچوو، و لەم هەموو هاتو چوونەدا کەس نەیتوانی بیبینێ. تەنیا کە رۆژ ئاوا دەبوو، یان شەو تاریك دادەهات، لەماڵەوە، یان لەحەشارگەکەی دەهاتە دەرەوە. ئەو کاتانەی هەستی دەکرد دەوروبەری مەیلەو چۆڵە، لەماڵەوە تا دەم رووبار دەچوو، نەختێ بەناو بێشەکاندا دەگەڕاو پاشان گۆزەیەکی بچووکی پڕ ئاو دەکردو بەرەو ماڵ دەبووەوە. ئەم منداڵە بەدایم رۆژی دەژماردو لەچاوەڕوانی هاتنەوەی (قادر)دا، حیسابی رۆژو بگرە سەعاتی رادەگرت.

مانگێك تێپەڕیو (قادر) هەر نەهاتەوە، خەریك بوو بزربوونی (قادر) خۆی لەدوو مانگ دەدا، کە رۆژێ، خەڵکی (حاجیاوە) دیمەنێکی جەرگبڕیان بینی. دیمەنێ فرمێسکی لەچاوی مرۆڤی ناسكو دڵسۆز دەهێنا. هەموو دیتیان کە پیرەمێردێ بەگریان لەدوای کچێکی



جوان دەڕۆیشت. کچەکە دەمو چاوی خۆی بەپارچە قوماشێکی وەکوو پێچە داپۆشی بوو. پیرەمێردو کچەکە بەڕێگای بێشەکانی کەنارەوە بەرەو (قارنجە) دەڕۆیشتن. هێشتا دوو سەعاتی مابوو بۆ رۆژاواو خۆر تیشکی کزی بەجۆرێ بەسەر بێشەو رووباری (سیمین رود)دا پەخش کردبوو دەتگوت زێڕ پۆشیان دەکا. کچەکە لەپێشەوە دەڕۆیشتو پیرەمێردیش دوو سەد هەنگاو لەدوایەوە دەهاتو بەقامك رێگای نیشانی کچەکە دەدا. پیرەمێرد لەغەمو خەفەتان فرمێسکی دەباراند، بەڵام کچەکە سەری دانەواندبوو، دەتگوت سەری لەکاری رۆژگار سوڕماوە. چەند کەسێکی گوندیش دوابەدوای پیرەمێردو لەنزیکییەوە دەڕۆیشتن. هەموو دەیانناسیو دەیانزانی ئەمە (مەحموود) شوانی باوکی (قادر) شوانە، بەڵام ئەو کچەیان نەدەناسی کە لەپێشی دەڕۆیشت، تەنیا ئەو کاتە ناسییان کە جارێ سەری بۆ دواوە وەرسوڕاندو تەماشای ئەو پێرەمێردەی کرد کە رێنمایی دەکردو دووبارە لەڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. لەم ئاوڕدانەوەیەدا، دەستی بەو قوماشە کەوت کە وەکوو پێچە بەدەمو چاوی خۆیدا دابوو، قوماشەکە لاکەوتو خەڵکە ناسیان ئەمە (زارا)ی کچی (حاجی مستەفا)یە.

خەڵکی دێ ئەم جۆرە دیمەنانەیان زۆر دیبوو، دەیانزانی مەسەلە چییە، واتە: کە باوکی (قادر)یان بینی دوو سەد هەنگاو لەدووری (زارا) دەڕواو رێگای نیشان دەدا، یەکسەر تێ گەیشتن یەکێکی دی

لەژمارەی گوڕووەکان زیاد بووەو ئەم گوڕووە داماوەش کە تازە تووشی ئەم نەخۆشییە بووە، (زارا)یە. (زارا)ی کلۆڵ!! (زارا)ی بەدبەخت!! دالّدەی گوڕووەکان کوخێکی خراپە، نەختێ دوور لەڕێگای سەرەکی‌و نیو قۆناغ دوور لەئاوایی، لەناوەڕاستی چۆڵەوانی دەکەوێتە بەرچاو. ئەم دالّدەیە شایستەی ئەوە نییە ناوی (کوخ)ی لێ بنرێ، لەڕاستیدا ناوی (کەلاوە)ی باشتر لێ دەوەشێتەوە. چەند کەسێکی گوڕووی بەدبەخت‌و لێقەوماو لەئاواییەکانی دەوروبەر فڕێ دراونەتە ناو ئەم کەلاوەیەو لەوی کۆبوونەتەوە سەر یەك‌و هەریەکە چمکێکی باری سەنگینی ژیانی گرتۆتە ئەستۆ. (زارا)ی کلۆڵیش گوڕوو ببوو دەچوو بۆئەوەی گۆشەیەکی ئەم بارە سەنگینەیان لەگەڵ هەڵبگرێ‌و بیخاتە سەر شانی ناسك‌و بێ هێزی خۆیەوە.

پیرەمێرد لەدوورەوە ڕێگای ئەو (کوخ)ە خراپە، یان ئەو (کەلاوە)یەی کەوتبووە ناوەڕاستی چۆڵەوانی، نیشانی (زارا)دا بۆئەوەی خۆی بڕواو بچێتە ریزی هاودەردەکانی، ئەوساخۆی گەڕایەوە دێ.

(زارا)ش، کە چارەنووسی ئەوەبوو لەو کەلاوەیەدا بژی، ڕۆیشت‌و خۆی دایە پاڵ گڕووەکانەوە.

هیچ کەس بەڕاستی نەیدەزانی (زارا) چۆن‌و لەکوێ تووشی ئەم نەخۆشییە ماڵ کاولکەرە بوو. جێی خۆیەتی لێرە زیاتر قسە لەم مەسەلەیە بکەین: خەبەری گوڕووبوونی (زارا) بەهەموو دەوروبەری ئەو



ناوچەیەدا بڵاوبووەوە. ئەوانەی دەیانناسی زۆر کاری تێ کردن‌و بۆی گریان، ئەوانەی نەشیان دەناسی داخیان دەخواردو زگیان بەگەنجێتی‌و ناکامی دەسووتا. (قادر)یش هێشتا نەگەڕابووەوە، بۆیە هیچ ئاگای لەم مەسەلەیە نەبوو.

گوڕواتی خراپترین‌و پیسترین نەخۆشی ماڵ کاولکەری دنیایەو ئەو بەڵایەی کە ئەم نەخۆشییە شوومە بەسەر مرۆڤی دێنێ، لەگەڵ بەڵای نەخۆشییەکانی دی بەراورد ناکرێ. تاعوون‌و پەتا، بگرە دەردە باریکەش نەخۆشی ترسناکن، بەڵام ئەوەی تووشی تاعوون‌و پەتا ببێ بەماوەیەکی کەم دەمرێ‌و لەبەرگەگرتنی ڕەنجی ژیانی بەئازارو نارەحەتی سەخت دەحەسێتەوە. دەردەباریکەش نەخۆشییەکی خراپە، بەڵام ئەوەی تووشی دەبێ ناچار نابێ لەناو خەڵك بچێتە دەرەوەو ژیانی هەر لەگەڵ ئەوانەی دەردە باریکەیان گرتووە بباتە سەر. گوڕواتی، بەپێچەوانەی ئەو هەموو نەخۆشییانە زۆر درمی‌و ترسناکە. سەراپای لەش دەبێ بەبرینی خۆرك‌و گەنی‌و درێژخایەن، مرۆڤ ناچار دەبێ لەناو خەڵکی ساغ رابکات‌و بچێتە ریزی گوڕووان‌و لەدەرەوەی ئاوایی لەگەڵیان بژی. ئەوەش هەیە ئەو نەخۆشە تا دەمرێ بەدەم ئازارو ئەشکەنجەی لەشی‌و دەروونی ئەو نەخۆشییەوە دەتلێتەوە. هەروەکوو ئاشکرایە، نەخۆشی گڕوواتی لەباشووری ئازەربایجان‌و بەتایبەتیش لەناوچەی کوردستان، لەهەموو شوێنێکی دیکەی وڵات باوترە.

نووسەر ئەگەر دختۆر بوایە دەیتوانی نیشانەو چۆنێتی دەورە جیاوازەکانی ئەم نەخۆشییە بەدوورو درێژی بۆ خوێنەر روون بکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی زانستی وردو روونی لەم بارەیەوە نییە، بەوەندە بەس دەکا کە خۆی دیویەتیو لەڕەوتی نەخۆشێکی گڕوو دەکەوێتە بەرچاو. گڕووی بەدبەخت دوای چەند رۆژێ رەنگی دەگۆڕێو پەڵەی قاوەیی لەدەمو چاوی دەردەکەوێ. ئەو پەڵانە وردە وردە تەشەنە دەکەنو سەراپای لەشی نەخۆشەکە دادەگرن. پاش ماوەیەك، برینی وشك لەجێی ئەو پەڵانە پەیدا دەبێو پێستی نازکی لەش دەخواو نایهێڵێ. سیمای مرۆڤ بەتەواوی دەگۆڕێ: نەخۆشەکە لووتی گەورە دەبێ، لێوەکانی بەشێوەیەکی نائاسیی ئەستوور دەبن، چیچکەی نەرمی گوێی دەئاوسێ، دەمو چاوی (با) دەکاتو نێوچەوانی هەڵدەکشێ، چاوەکانی بچووك دەبنەوەو لەژێر پێستی ئەستووری قەپێلکی چاویدا بزر دەبن، چەنەگە نەچەنەگەی جاران، کەس نازانێ لەچی دەکات. ئەم دەردە هەموو ئەندامانی دیکەی لەشیش دەگرێتەوە، لەش بەدایم دەخورێ، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ نامرێ بەڵام دەردو ئازار دەکێشێو بەچاوی خۆی بێ بەشبوونی خۆی لەمافی کۆمەڵایەتیدا دەبینێ.

پێش شۆڕشی گەورە، سزایەك لەیاسای سزادانی فەرەنسی هەبوو، ناویان نابوو (مردنی کۆمەڵایەتی Mort Civile). مردنی کۆمەڵایەتی هەنگاوێکیشی لەمردنی سروشتیو لەئیعدام زیاتر



هاویشتبوو. حیسابی خۆی بەتەواوی لەگەڵ مەحکووم یەك لا کردبووەوە. ئەو کەسەی تووشی (مردنی کۆمەڵایەتی) بایە، بەتەواوی لەمافی کۆمەڵایەتی بێ بەش دەبوو. ئەگەر ژن بایە تەڵاق دەدراو ئەگەر پیاو بایە ژنی خۆی تەڵاق دەداو وەکوو یەکێ کە بەڕاستی مردبێ،ماڵی بەسەر میراتگرەکانی دابەش دەکرا. ئەو کەسە ئیدی مافی موڵکایەتی نەبوو، چونکە هەر بەنەبوو دادەنرا. نەیدەتوانی لەهیچ شوێنێ کار بکا، بۆی نەبوو قەرز لەکەس وەربگرێ، هیچ کەس بەقاو متمانەی پێ نەدەکرد، بەسواڵ کردن نەبایە پێی نەدەکرا بەهیچ رێگایەکی دی خۆی بژێنێ. بەزیندوویی چاوان دەڕۆیشتو بەهەردوو چاوی خۆی دەیدی، ئەوانی دی بەپێی یاسا ماڵی دەخۆنو ئەویش دەبێ دەرۆزە بکا بۆئەوەی بژی. بەچاوی خۆی دەیدی یەکێکی تر ژنی مارە کردۆتەوەو ئەویش مافی ژن هێنانو پێکەوەنانی خێزانی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری ئەم هەموو بەدبەختیانە، دیسان ئەوەی باش بوو کە لەناو خەڵكو خزمو کەسوکاری دەریان نەدەکردو بەلانی کەمەوە دەیتوانی لەگەڵ ئازیزو خۆشەویستەکانی کات بەسەر بەرێ.

گڕوواتی لە (مردنی کۆمەڵایەتی)ش خراپترە، چونکە هەموو ئەو بێ بەشبوونە کۆمەڵایەتییانەی لەئەنجامی مەحکوم بوون بە (مردنی کۆمەڵایەتی) یەخەی مرۆڤ دەگرن، بەرەو رووی نەخۆشی گڕووش

دەبنەوە، جگە لەوەی کە ئەمەیان ناتوانێ لەناو کۆمەڵ بمێنێتەوەو دەبێ بۆ (کەلاوە)ی گڕووان بگوازێتەوەو لەناو خەڵك دوور بکەوێتەوە.

مەترسی گرتنەوەی نەخۆشی گڕوواتی ئەوەندە زۆرە ئەگەر چەند هەنگاوێکیش لەدوورەوە قسە لەگەڵ نەخۆشەکە بکەی، لەوانەیە بتگرێتەوە. ئەوەندە بەسە کە هەوای دەمو هەناسەی نەخۆشەکە بگاتە مرۆڤی ساغ بۆئەوەی تووشی نەخۆشییەکەی بکا. لەکوردستان، کاتێ کە یەکێ گڕوو دەبێ یەکسەر تێ دەگاو بەحوکمی شەرەفو ویژدانی خۆی، دەرحاڵ لەئاوایی دەچێتە دەرەوەو پەنا بۆ (کەلاوە)ی کۆبوونەوەی گڕووان دەبا. ئەم کەلاوە یان پەناگایانەی گڕووەکان بەزۆری لەنزیك ڕێگان. گڕووەکان، کە لەدوورەوە یەکێ دەبینین بەڕێگادا دەڕوا، یەك دوو کەسیان کۆچەڵە بەدەست لەحەشارگەی خۆیان دێنە دەرەوەو لەبن دیوار دادەنیشن. ڕێبوارەکە ئەگەر نانی پێ بێ لەدوورەوە نانەکەیان فڕێ دەداتە پێش، ئەگەرنا پارەی خوردەیان بۆ دەهاوێ. هەر بۆیەشە کۆچەڵەی گڕووەکان بەزۆری پارەی خوردەی تێدایەو بەڕاستیش دیار نییە داخۆ چ لەو پارەیە دەکەن. هەندێکیش دەڵێن کوێخای هەندێ دێ کە حەشارگەی گڕووانیان لێ نزیکە، هەر حەفتەی جارێك هەندێ نانو پەنیرو هێلکەی برژاو یان بەرماوی ڕۆژانەیان بۆ دەنێرنو لەشوێنێکی مەیلەو نزیك دایدەنێنو ئەوان خۆیان دێن، دەیبەن.



لەبیرمە لەئاخرو ئۆخری دەسەڵاتدارێتی ڕەزا خان، قسە لەوە دەکرا کە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ گڕووەکان دروست بکەنو چارەسەریان بکەن. بەڵام نەخۆشییەکە، کە ئەوەندە بەخێرایی بڵاودەبێتەوەو ئەو مەترسییە گەورەیە لەگوازرانەوەی میکرۆبی گڕوواتیدا هەیە، نازانم دختۆرو نەخۆشەوان چۆن دەتوانن لێیان نزیك بکەونەوەو خزمەتو چاودێریان بکەن؟ یان دەرزییان لێ بدەن؟ یان هەر خزمەتێکی تری تەندروستییان پێشکەش بکەنو خۆیشیان سەلامەت بنو نەخۆش نەکەون؟

- بەڵێ، (زارا)ش کاتێ کە گڕوو بوو، چووە ریزی گڕووەکانو بوو بەخاوەنی کۆچەڵەیەك. ئەو (کەلاوە)، یان حەشارگەی (زارا) سەقامی تێدا گرتو دەستی بەژیانی تازەو پڕ نەگبەتی خۆی کرد، سێ کەسی گڕووی دیکەی تێدا دەژیاو (زارا) بوو بەچوارەم کەس. گڕووەکانیش هەم بۆی گریانو هەم بەخێرهاتنیان کرد.

گوتمان کەس نەیدەزانی ئەم (زارا) بەدبەختە چۆنو لەکوێ تووشی ئەم نەخۆشییە ماڵ کاولکەرەیە بوو. نووسەر خۆی، ئەم مەسەلەیەی لەهەندێ کەسی (حاجیاوە) پرسی کە بەچاوی خۆیان شتەکانیان دیبوو لەهۆی نەخۆش بوونی ئەو کچە داماوەی کۆڵێیەوە. هەموو دەیانگوت لەئاوایی دوو مەزەندە دەکەن. ئەوەتا هەردوو مەزەندەکە بۆ خوێنەری



@kurdica

ئازیز دەنووسمو دەست نیشان کردنی هۆی راستەقینەی بۆ حوکمی خوێنەر خۆی جێ دێڵم.

خەڵکی (حاجیاوە) دەیانگوت: ئەو شەوەی (قادر) (زارا)ی گەیاندە ماڵی باوکی خۆیو لەوێ داینا، تا چەند رۆژێ کەس بەهاتنەوەی ئەوانەی نەزانی. شەوێکیان، پیرەمێردی شوانو (زارا) لەژوورێکی قوڕ، لەبەر شەوقی کزی چرایەکا کە بەرۆنی گەرچەكو فتیلەی پەمۆ دەسووتا، دانیشتبوونو قسەیان دەکرد. گۆیا پیرەمێرد لەبیری چوو بوو دەرگای حەوشە پێوەبدا. لەکاتێکا کە ئەو دووانە لەسەرەخۆ قسەیان لەگەڵ یەك دەکرد، ژنێ بەخۆیو بەدوو منداڵەوە بەحەوشە کەوتو دەرگای ژوورەوەی کردەوەو سەلامی لەپیرەمێرد کرد.

(زارا)و پیرەمێردی شوان لەنکاوڕا لەجێی خۆیان دەرپەڕین. (زارا) (خاوەر)و منداڵەکانی ناسیو دڵی بەتوندی کەوتە لێدان. (خاوەر)یش (زارا)ی ناسی. ژنە داماوەکەی (قادر) ئەوەندە بەدیتنی ناحەزەکەی سەری سووڕ نەما، چونکە بیستبووی، یان دیتبووی قادر (زارا)ی لەگەڵ خۆی هێناوەو هاتۆتەوە (حاجیاوە). جا لەکێی بیستبوو، یان لەکوێی دی بوو، هەر خوا خۆی دەزانێ، دیار نییە! (خاوەر) لەسۆراخی (قادر)ی پرسیو پیرەمێرد وەڵامی دایەوە کە (قادر) ماوەیەکە رۆیشتووە، بەڵام دیار نییە چۆتە کوێو کەنگی دەگەڕێتەوە. (خاوەر)



غەمو خەفەتێکی قووڵ دایگرت، سەرنجێکی لەسەراپای (زارا)داو فرمێسکی لەچاوان قەتیس ما.

(زارا) نەیتوانی خۆی لەبەر ئەو چاوە پڕ فرمێسکانە رابگرێو بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ. ئەگەر (قادر) لەوێ بایە هانای وەبەر ئەو دەبرد، بەڵام (قادر) لەوێ نەبوو، (زارا) ناچار بوو پشتی خۆی بەدیواری دا. (خاوەر) (شیرین)ی کچی لەباوەش بوو، لەسەر زەوی داینا، هەنگاوێکی دی لە (زارا) نزیك کەوتەوەو بەدەنگێ، کە گریانی لەگەروو دەبڕی، بەناحەزەکەی گوت:

ــ خانم گیان، بەخێر هاتی! هیوادارم پێو قدوومت لەماڵی مێردەکەم هەر پیرۆزو موبارەك بێ!

وشەی (مێردەکەم) بەردێ بوو بەتەوقی سەری (زارا) کەوت. لەگەڵ ئەم وشەیەدا هەستی بەسەرەگێژەیەکی وا کرد نەیتوانی وەڵامی (خاوەر) بداتەوە. (خاوەر) دووبارە بەقسە هاتو گوتی:

ـ خانم، داواتان لێ دەکەم ئامۆژگاری (قادر) بکەنو وابکەن عەقڵی بێتەوە سەر بۆئەوەی ئەوەندە بێ روحمو بێ مروەت نەبێ لەگەڵ منداڵەکانی. ئێوەش خۆتان خۆشەویستی خانمیو دایکێتیتان لەمنداڵەکانم چاو نەبێو روخسەت بدەن جاروبار بێنە سەردانی باوکیان. فەرقی چییە؟ ئەمانەش وەکو زاڕۆی خۆتانن. هۆ (مەنسوور) گیان،

(شیرین) گیان! بڕۆن ماچ بدەنە (زارا) خان. (زارا) خانیش وەکوو دایکی خۆتانە. دەی بڕۆن! شەرم مەکەن!

(مەنسوور)و (شیرین) کە لەدونیای منداڵیی خۆیان هیچ لەم قسەو قسەلۆکانە نەدەگەیشتن‌و یارییان بەپەنجەکانی خۆیان دەکرد، سەریان دانەواندبوو نەدەچوونە لای. جارجاریش بەنیگای بەمەعناوە تەماشای دایکیان دەکرد. (خاوەر) نەختێ زیاتر بردنیە پێش بۆئەوەی بەڵکو (زارا) ماچیان بکا، بەلام (زارا) لەشوێنی خۆی نەجووڵایەوەو هیچ بایەخی پێ نەدان. دڵی دەتگوت بەردەو بەم قسانە هیچ سۆزو بەزەیی نەبزووت.

ژنی (قادر) بێ ئەوەی یەك وشەی لە (زارا) گوێ لێ بێ، بەغەمباری‌و دڵشکاوی ماڵاوایی لەپیرەمێرد کردو بۆی دەرچوو. کاتێ کە لەو ماڵە هاتە دەرێ، سەرنجێکی لەئاسمان داو لەدڵەوە ئاهێکی ساردی هەڵکێشا. دەڵێن لەگەڵ ئەو هەناسەیەی هەڵیکێشا گوتی:

"خوایە، لەبەدکاران خۆش بە!" هەندێکیش دەڵێن گوتی:

"خوایە، لەم ژنە خۆش بە!"

دەڵێن دوای چەند رۆژێ، خوا لە (زارا) خۆش بوو، بەلام ئەو لێ خۆشبوونەی، کە ئەگەر لێی خۆش نەبایە باشتر بوو: (زارا) کەوتە ناو کۆمەڵەی گوڕووانەوە.



ژمارەیەکی زۆری خەڵکی (حاجیاوە) هۆی گڕووبوونی (زارا)یان بەوە دەزانی کە باسمان کرد، گوایە بەبەر دوعای (خاوەر) کەوتووە.

بەلام ژمارەیەکی کەمی تریش هەن، هۆی ماقووڵترو ژیرانە تر باس دەکەن‌و دەڵێن: شەوێ، لەو شەوانەی (زارا) بۆ گەڕان‌و گۆڕینی ئاوو هەوا لەماڵەوە چووبووە دەرەوە، هەست بەشەکەتی‌و بێ تاقەتییەکی زۆر دەکاو لەژێر دارییەکانی کەناری (سیمین رود) دادەنیشێ. پاش ماوەیەك هەست بەتینوێتی دەکا. هەڵدەستێ بۆئەوەی ئاو لەڕووبارەکە بخواتەوە، دەبینێ کۆچەڵەیەك لەکەناری رووبارەکە لەسەر زیخ کەوتووە. یەکەم جار دەیەوێ وەکوو هەموو جارێ بەدەست ئاو لەڕووبار هەڵگۆزێ‌و بیخواتەوە (بریا هەر وای بکردایە)، بەلام کەس نازانێ سەبارەت بەچی، وا بەچاك دەزانێ کۆچەڵەکە هەڵگرێتەوەو لەئاوی رووبارەکە بیشواو ئاوی پێ بخواتەوە. کۆچەڵەکەش هەر لەوێ فڕێ دەداتە لایەك‌و وارە وارە بەرەو ماڵ دەبێتەوە. لەکاتی گەڕانەوەدا هەست بەخاوی‌و سستی دەکات‌و بەبێ شێو خواردن دەخەوێ. بەیانی کە لەخەو هەڵدەستێ چەند پەڵەیەکی قاوەیی لەسەر پێستی دەست‌و دەم‌و چاوی خۆی دەبینێ‌و هۆکەی لەپیرەمێردی شوان دەپرسێ. پیرەمێرد یەکسەر تێ دەگا (زارا) نیشانەی گڕووبوونی لێ دەرکەوتووە. لەدڵەوە هاوارێکی ترسناکی لێ هەڵدەستێ‌و ئەمر بە (زارا) دەکا لەماڵەوە دەربچێ. (زارا) بەحەپەساوی بۆی دەردەچێ‌و پیرەمێردیش دوو سەد هەنگاو دوور، دوابەدوای

دەکەوێتە ڕێو بەرەو پەناگای گڕووان ڕێنمایی دەکا. پاشان کە دەگەڕێتەوە ماڵێ، قۆرتێکی قووڵ لەحەوشە لێ دەداو بەدارێکی درێژو سەرپان، نوێنی (زارا) لەژوورەوە دەباتە دەرێو فڕێی دەداتە ناو ئەو قۆرتەو خۆڵی بەسەردا دەکاو دایدەپۆشێ. دارەکەش دەخاتە ناو ئاگری تەندوورو تا چەند ڕۆژێ خۆی لەتێکەڵبوونی خەڵك بەدوور دەگرێ.

بەشی دووەمی ئەم باسە هیچ شکی تێدا نییەو مەسەلەی ئەو کۆچەڵەیەی (زارا) ئاوی پێ خواردبووەوە، ئەگەر ڕاست بێ، زۆر لەعەقڵ نزیکترە تا تووكو نەفرەتی (خاوەر). ئەو کۆچەڵەیەش هیچ گومانی تێدا نییە گڕووەکان لەوێ لەبیریان کردووەو جێیان هێشتووە. بەهەرحاڵ، هەروەکوو دیمان، (زارا) گڕوو بوو زۆر کەس فرمێسکیان بۆ بەدبەختیو داماویی ڕشتو بگرە دەڵێن (خاوەر)یش بۆی گریا.

لەو ماوەیەدا (قادر) هیچ خەبەری نەبوو. پیرەمێردی بەدبەختیش لەخەفەتی ئەوەی ئیدی ڕووی دیتنی چاوی بەفرمێسکی کوڕەکەی نییە، دوای چەند ڕۆژێ نەخۆش بوو، کەوتە ناوجێو گیانی سپارد.

* * *



## (٩)

(قادر)، یەك حەفتە دوای مردنی باوکی، شەو هاتەوە (حاجیاوە)، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕووداوی مردنی باوکی بووبێتەوە. بۆیە کە گەیشتەوە جێ، چووە تاقیبی باوکیو زۆر شادو کەیفخۆش بوو، مزگێنی بەدڵی دەدا کە باوکی خۆیو (زارا) بەیەکەوە دەبینێ. شوانەی کلۆڵو ئاوارە دوو مانگ زیاتر بوو لەگوندەکانی عێلاتە جیاجیاکان دەگەڕا بەڵکو ئاغایەکی جوامێر بدۆزێتەوە، ئاغایەکی وابێ ئەمو (زارا)ی ئازیزی بەو ڕابردووە ڕەشەی تاوانبارییەوە لەبن باڵی خۆی بنێو داڵدەیان بداو لەبەڵای تۆڵەسەندنەوەی دوژمنان چەپاڵەیان بدا. ئاخیری جوامێرێ لەئاغاکانی عێلی مەنگوڕ، کە عێلێکی ئازاو گەورەی کوردە، گفتی دایە لەگوندی خۆی بەشوانیی قبووڵی بکاو بەجۆرێ

لەپەنای خۆی بگرێ‌و بیپارێزێ کە کەس نەتوانێ توخنی بکەوێ.
ئەوەبوو (قادر) پشت ئەستوور بەو گفتە مسۆگەرە، گەڕایەوە بۆئەوەی باوکە پیرەکەی‌و (زارا) هەڵبگرێ‌و بۆ ناو عێڵی مەنگوڕ، واتە بۆ گوندی ئاغا تازەکەی، کۆچ بکا.

(قادر) یەکەم جار چووە بەر دەرگای ماڵی پیرە باوکی‌و ئەوەندەی لەدەرگای دا هیچ وەڵام نەبوو. مەزەندەی کرد کە ماڵەکە چۆڵە، ئەو ماڵ چۆڵییەش بیرو خەیاڵی جیا جیاو ناخۆشی لەمێشکی وروژاند. یەکەم شتێ کە لەهەموو لا زووتر ئاگاداری هاتنەوەی (قادر) بوو لەڕادەبەدەر شادی‌و کەیفخۆشی پیشان دا، (بەراز)ی سەگی وەفاداری بوو کە هێشتا هەر دەشەلی. (بەراز) لەبەرامبەر ماڵی باوکی (قادر) وەرکەوتبووو، سەری خستبووە سەر دەستەکانی. کاتێ کە چاوی بەماخۆی کەوت، کە دوو مانگێك بوو نەیدی بوو، ئەوەندە شادو خۆشحاڵ بوو هەڵسوکەوتی خۆشحاڵیی وای نیشان دا، کە لەناخەوە کاری لە (قادر) کردو (قادر)یش تا توانی سەگەکەی لاواندەوە. (قادر) لەوێوە چووەوە ماڵی خۆی‌و کلیلەکەی بەدراوسێکەی سپاردبوو، وەری گرتەوە. کە چووە ژوورەوە، دیتی هەموو شتێ وەکو جارانەو ماڵ بەدەقە خۆیەتی‌و هیچ تێك نەچووە. بەڵام (قادر) ئیشی بەم شتانە هیچیان نەبوو، ئەو دەیەویست پێش هەموو شتێ (زارا)و باوکە پیرەکەی بدۆزێتەوەو بزانێ چوونەتە کوێ‌و بۆچی ماڵیان بەچۆڵی جێ هێشتووە.



دراوسێکەی (قادر) بەتەواوی ئاگاداری ئەو هەموو ڕووداوانە بوو کە لەماوەی بزربوونی (قادر) قەومابوون، بەڵام هیچی بە (قادر) نەگوت‌و وای پیشان دا کە ئاگای لەهیچ نییە، بەڵام نیوەڕۆ، کاتێ کە خەڵك بەهاتنەوەی (قادر)یان زانی‌و هاتنە دیدەنی، لەڕووداوەکان ئاگاداریان کردەوەو (قادر) لەهەموو شتێ گەیشت. کە خەبەری مردنی باوکی بیست دەستی بەگریان کرد، بەڵام کە خەبەری گڕووبوونی (زارا)ی بیست، وەکوو ئەوەی زەبرێکی گرانی بەسەری کەوتبێ، بووڕایەوەو بەربووەوە. ئەم دوو موسیبەتە، یان بەڵای ناگاهانە دوو باری گران بوون، دەستی سروشت، یان بەڵای هەندێکەوە، تۆڵەی خودایی خستبوویە سەر شانی، بەڵام قورسایی باری دووەم ئەوەندە گران‌و پڕزە بڕ بوو، (قادر) ئەوەندە هەستی بەقورسایی باری یەکەم هەر نەکرد.

شوانەی لاو ئیدی بەدبەخت دەرچوو، ئومێدی لەژیان بڕی. تا ئێستا ئەو هەموو بەدبەختی‌و ڕەنج‌و مەینەت‌و دەردەسەری‌و بێ ویژدانی‌و زەلامکوژی‌و رووپامایییەی تەحەممول کردبوو، بۆئەوەی بوو ڕۆژێ بێ‌و بتوانێ لەگەڵ (زارا)دا بژی‌و بەبێ هیچ ئاستەنگ‌و لەمپەرێك خۆی لەتەکدا ببینێ، بەڵام بەداخەوە، ئێستا دەیدی بەختی ناکۆك‌و چەرخی چەپگەرد ستەمیان لێ کردووەو ئاستەنگێکی گەورەیان لەسەر ڕێ داناوەو پێی ناکرێ ئەو ئاستەنگە لابەرێ‌و بە (زارا) بگا.

(قادر) لێی مسۆگەر بوو ئەگەر هەر ئاستەنگێکی دی لە (زارا)ی جودا بکردایەوە، دەیتوانی بەهێزی عەشق‌و خۆشەویستی، ئەو ئاستەنگە لەسەر ڕێی خۆی لاببا‌و دەستی بەدڵخوازو دڵبەری خۆی بگا، بەڵام نەخۆشی گوڕوواتی چی لەگەڵ دەکرێ؟ لێرەدا، (قادر) خۆی بەبێ هێزو بێ توانا بینی‌و ئەوەندە بێ هێزو بێ تواناش کە لەداخی بێ هێزی‌و بێچارەیی خۆی، لەپڕمەی گریانی دا. ئەو ئاستەنگە لەوانە نەبوو هیچی لەگەڵ بکرێ. لێرەدا، بەمەعشووق گەیشتن تەنیا یەك ڕێی تێ دەچوو بەس، ئەویش ئەوەبوو خۆی تووشی هەمان نەخۆشی بکا‌و بەناچاری بچێتە لایەوە. بەڵام ئاخر چ عاقڵێك ئامادەیە ئیشی وا قبووڵ بکا؟ داماوە زۆری بیرکردەوە چ بکا‌و خاکی کوێ بەسەر خۆیدا بکا؟ یەکەم جار کەوتە سەر ئەو بیرە کە کۆتایی بەژیانی پڕ ڕەنج‌و مەینەتی خۆی بێنێ‌و چیدی ئەم هەموو ناخۆشی‌و بەدبەختیانە نەچێژێ. ئامرازی جێبەجێ کردنی ئەم کارەشی لەبەر دەستدا بوو، ئەویش خەنجەری رووتی (زارا) بوو کە (قادر) تا ئێستاش هەر لەبەر قەفی پشتێنی رادەکرد. ئەوەندە بەس بوو کە لەکونجێکی تەنیایی‌و دوور لەخەڵك‌و بەشەو، کە کەسی لانەبێ، خەنجەر لەبەر قەفی پشتێنی دەربێنێ‌و تا مشتووی لەسنگی خۆی بچەقێنێ‌و ئەو دۆسیە شوومە بۆ هەتا هەتایە داخا. دوای ماوەیەك بیرکردنەوە، وازی لەم خەیاڵە هێنا‌و زانی خۆکوشتن هەڵاتنە



لەبەرامبەر رووداوی ناخۆشیی ژیان‌و لەڕاستیدا نیشانەی ئەوپەڕی لاوازی‌و ترسنۆکییە.

ئەو تا ئێستا بڕیاری لەسەر ئەوە بوو کە ئاستەنگی نێوان خۆی‌و (زارا) لەسەر ڕێگا لابەرێ‌و ئێستاش ئەم کارەی بەخۆکوشتن بۆ مەیسەر نەدەبوو، چونکە لەڕاستیدا، لەباتی ئەوەی ئاستەنگەکەی لەناو ببا خۆی لەناو دەبرد. داماوەی، زۆری بیرکردەوە. ئاخر چۆن دەتوانێ ئاستەنگی پتەوو ناشکستەنی گڕوواتی لەناو بەرێ. عەقڵی بەهیچ کوێ نەگەیشت. شەوان، لەم بارەیەوە زۆر بیری دەکردەوەو زۆر مێشکی خۆی دەگوشی تا ئاخیری شەوێکیان ئەم مەسەلە ئاڵۆزەی بەجۆرێکی سەیر چارەسەر کرد. ئەوەی کەوتە مێشك ئەگەر ئەستەم بێ (زارا) بۆ خۆی رابکێشێ‌و لەخۆی نزیك بکاتەوە، وا چاکە ئەو، خۆی لە (زارا) نزیك بکاتەوە، واتە تخی لێ بکات‌و لەناو رەشەوەندی خەڵك، کە زۆربەیان لەگەڵی ناکۆك بوون، رابکات‌و بچێتە ناو گڕووەکان.

ئەم بیرە شێتانەیە ئەوەندە رەگی لەناو مێشکی داکوتا، لەدڵەوە بڕیاری دا سبەینێ هەر دەبێ ڕێگای (کوخ) یان (کەلاوە)ی گڕووەکان بگرێتە بەرو باوەش بە (زارا)دا بکات‌و ماچی بکات‌و بەمەوەش ببێ بەیەکێ لەو گڕووانە.

لەوانەیە هەموو عالەم بەڕیشی مرۆڤێکی شێتی وا پێ بکەنێ‌و کچێکی جوان، هەرچەندە جوان‌و دڵگر بێ، ئەگەر گڕوو ببێ بەشایەنی

ئەوە نەزانێ لەدوورەوەش تەماشای بکا، رەنگە (قادر) خۆیشی سەرەتا باوەڕی هەروا بووبێ، بەڵام ئەو کاتە وەختێکی وابوو کە عەشقی (قادر) بەرامبەر بە (زارا) بۆ خاتری ناسکییو جوانییەکەی بوو، ئەگەر ئەو جوانییە ناتەواوییەکی تێ بکەوتایە، ناتەواوییەکە دەکەوتە عەشقو دڵداریی عاشقەکەش. بەڵام ئەمڕۆ، ئیشی ئەم عەشقو ئەوینە بەشێوەیەکی سەیر هەڵکشاوەو شوانەی شێتو شەیدا (زارا)ی تەنیا بۆ ئەوە دەوێت کە (زارا)یە. جا ئەو (زارا) خۆشەویستەی بەهەر شێوەو سیمایەك بێو هەر عەیبو کەمو کورتییەکی هەبێ، بەلای عاشقەکەوە هیچ گرنگ نییەو ئەو پێی وایە مەعشووق هەر هەمان (زارا)ی خۆشەویستو دڵگرەو هیچ لاری نییە گیانی خۆیشی لەپێناو بەخت بکا.

ئەو شەوەی (قادر) بڕیاری دا بەیانی هەر دەبێ بچێو خۆی بداتە پاڵ (زارا)و لەم بارەیەوە لەدەریای بیرو خەیاڵی پەرێشانو ئاڵۆزو ناڕەحەت نقووم ببوو، لەپڕ دەرگای ژوورەکەی کرایەوەو (خاوەر)ی ژنی بەژووری کەوت. ژنەی داماو هێنکە هێنکی بوو، دیار بوو ماوەیەکی زۆر رایکردبوو، دڵی توند توند لێی دەداو لەناو سنگیدا رنگە رنگی بوو. (قادر) کە دیتی (خاوەر) ئاوا بەناوەخت هاتۆتە دیدەنی، راچڵەکیو لەشوێن خۆی هەستایەوە. (خاوەر) وای بۆ چوو کە مێردەکەی دەیەوێ لەدەستی رابکاتو بڕوا، جا بۆئەوەی جگە لەمەبەستی خۆی هیچ



قسەیەکی تر نەکا، دەستەودامێنی (قادر) بوو بەتکاو پاڕانەوە پێی گوت:

- (قادر) بۆ خاتری خوا خۆت بشارەوە! ئێستا براکانم دێنو دەگەنە سەرتو سوێندی گەورەیان خواردووە کە بتکوژن. ئاخر تۆ باوکی منداڵەکانی منیو من نامەوێ، خوانەکا، بەڵایەکت بەسەر بێ.

(قادر)، کە بەهەموو هەستو هۆشو گیانی بیری لە (زارا) دەکردەوە، هیچ لەمەسەلەکە نەگەیشتو وەکوو یەکێ کە حاڵی نەبووبێ چییان پێ گوتووە، بەبێ دەنگی وەستابوو، تەماشای (خاوەر)ی دەکرد.

(خاوەر)، کە ئەم کەمتەرخەمییەی لێ دی، ناڕەحەتو تەنگاو بوو، دووبارە جەختی کردەوەو گوتی:

- پێت دەڵێم زووبە، (قادر)، وەخت لەدەست مەدە، تۆ چەکت پێ نییە بەرگری لەخۆت بکەی، هەر ئێستا دەگەنە جێ! ها، زووبە، خۆت بشارەوە!

(قادر) کەم کەمە هاتەوە سەرخۆیو هەستی کرد مەترسییەکی گەورە، واتە مەترسی مردنی لێ نزیك بۆتەوە. شوانەی داماو، لەبارودۆخێکی وادابوو، ویستی هیچ گوێ بەمردن نەدا، هەر لەوێ بوەستێو پێ بچەقێنێو بەرەو رووی مردن بێتەوە. پاشان بیری کەوتەوە کە ئەو خۆی دەقەبەر (زارا) کردووە، بۆیە دەبێ بەزیندوویی بمێنێ بۆئەوەی پێی بگا. ئەم بیرەی دواوە جوڵاندییەوە، تەکانی دایە خۆی،

بەڵام (خاوەر) کە لەخۆی زیاتر لەم دڵەڕاوکێیە نارەحەت ببوو، دەستی گرتو بەڕاکێش راکێش بردییە ئەو ژوورە تاریکەی کەوتبووە پشت ژووری یەکەم، ئینجا گەڕایەوەو دەرگای کلیل دا.

دوای نەختێ، دەرگای دەرەوەی ژوورەکە بەتوندی کرایەوەو براکانی (خاوەر)، بەخەنجەری رووتەوە، بەژوورێ کەوتن، بەڵام لەباتی (قادر)، (خاوەر)ی خوشکی خۆیان لەوێ بینی. هەردووکیان بەحەپەساویو توورەیی تەماشای یەکتریان کرد. یەکێکیان رای کردە لای (خاوەر)و بەرقو قینەوە دەمی قسەی تێ کردو گوتی:

ـ خوچە، ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی؟ کوا ئەو بۆرە پیاوە؟

ـ (قادر) دەڵێن؟ منیش هاتبووم بیبینم، بەڵام دەرگایماڵی کرابووەوەو خۆی لێرە نەبوو.

ـ تۆ چ ئیشت بە (قادر) بوو؟

ـ هاتبووم لەبارەی منداڵەکانی قسەی لەگەڵدا بکەمو داوای لێ بکەم شتێکیان بۆ دیاری بکا.

هەردوو برا جارێکی دی بێ دەنگ بوونو تەماشای یەکتریان کرد. یەکەم جار ویستیان بێنە دەرەوەو بچنە دوای ئیشی خۆیان، بەڵام پاشان، وازیان لەم بیرە هێنا. ئەو برایەی سەرەتا قسەی لەگەڵ (خاوەر) کرد، دووبارە رووی کردە خوشکیو دەمی قسەی تێ کردو پێی گوت:



ـ خوچە، راست بڵێ! بەڕاستی تۆ ئاگات لە (قادر) نییە؟ ئاخر ئێمە هاتووین بۆئەوەی تۆڵەی تۆی لێ بکەینەوە.

ـ برام، گوتم هیچ ئاگاداری نیم، منیش هاتبووم بۆ ئیشی خۆم بیبینم. بەداخەوە منیش نەکەوتە بەردەستم.

ـ سوێند بەقورئان دەخۆی کە هیچ ئاگات لێ نییە؟

(خاوەر) لەگەڵ ئەم قسەیەدا سەراپای لەشی لەرزی. کوردی بەدین ئەستەمە بەدرۆ سوێند بخوا. (خاوەر) ئەگەر گیانی خۆی بکەوتایە مەترسیو بەسوێندی قورئان رزگاری بوایە، ئەستەم بوو بەدرۆ سوێند بخوا، بەڵام ئەو (قادر)ی لەخۆی خۆشتر دەویستو بۆ رزگاری قادر، ئامادەبوو هەموو شتێ، قبووڵ بکا، با راستیش نەبێ.

ئەوەبوو یەکسەر سوێندی خواردو گوتی:

ـ سوێندم بەقورئان خەبەرم لێ نییە.

براکانی (خاوەر) قەناعەتیان بەم سوێندە هێنا. دڵنیا بوون کە (خاوەر) راست دەکا چونکە هەردووکیان بڕوایان وابوو هیچ سوێندێ لەسوێندی قورئان گەورەتر نییە. بەڵێ، بەڕاستی ئەمەیە بڕوای کوردی ئیماندارو توندڕەو.

(خاوەر)و براکانی لەماڵی (قادر) هاتنە دەرەوەو رۆیشتن. پاش رۆیشتنی ئەوان، (قادر) کەم کەمە تێ گەیشت کە ژیانی کڕاوەتەوەو ئێستا دەتوانێ لەحەشارگەکەی بێتە دەرەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشاو

دووباره كەوتە بیركردنەوە لەبڕیارەكەی نەختێ پێش ئێستای. دەبێ هەر لەسبەینێوە واز لەم ژیانە سادەو شیرینەی بێنێ‌و بچێتە ناو گوڕووەكان ـ جا هەرچی دەبێ با ببێ ـ چ بكا؟ ئیتر نەیدەتوانی دەست لە (زارا) هەڵگرێ‌و تازە بڕیاری خۆی دابوو. لەو ماوەیەدا، (قادر) لەپڕ ئەو خەونەی بیركردەوە كە لەپشت دیواری باخی (قەڵای رەسوولی سیت) دیبووی. لەوێ خەونی دی كە لەكەناری دەریایەكی گەورەو شەپۆلاوی وەستاوەو (زارا)ی لەتەنیشتە. (زارا) خۆی فڕێ دایە ناو شەپۆلان‌و (قادر)یش دوا بەدوای ئەو خۆی بەئاودا دا بۆئەوەی بەڵكو (زارا) نەجات بدا، بەڵام هیچێكیان نەكەوتنەوە سەر ئاو. لێرە تێ گەیشت كە خەونەكەی بەڕاست گەڕاوە. واتە: (زارا) خۆی فڕێ داوەتەوە ناو دەریای گوڕووان‌و ئێستاش نۆرەی ئەوە كە دوا بەدوای (زارا) خۆی فڕێ بداتە ناو ئەو گەرداوە.

(قادر) بەیادكردنەوەی ئەم خەونە، بڕیارەكەی پتەوتر بوو، بەتەواوی بڕیاری دا كە رێگا بەهیچ دوو دڵییەك نەدا. بەیانی رۆژی پاشی، كە لەخەو هەستا، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ كەس بكا، یا بەكەس بڵێ نیازو مەبەستی چییە، رێگای كەلاوەی گڕووەكانی گرتەبەر. كاتێ كە گەیشتە بێشەكە، لەدوورەوە مێگەلی ئاوایی بینی‌و هەر لەو دوورەوە مالاوایی یەكجارەكی لەمەڕەكان‌و لە (رەحیم)ی شاگردی بەردەستی كرد. كە لەپڕ ئاوڕی لەدواوە دایەوە، دیتی (بەراز) لێرەش وازی لێ نەهێناوەو



هێشتا هەر بەدوویدا دێ. بەهەزار زەحمەت‌و مەشەققەت سەگەكەی لەخۆی دوورخستەوەو كەوتە ناو بێشەكەو توانی بەیەكجاری خۆی لەبەرچاوی ئەم سەگە كەللە شەقە بشارێتەوە.

ئاخیری گەیشتە نزیك كەلاوەكەو (زارا)ی ناسی لەبن دیوارێك دانیشتبوو.

بانگی كرد: (زارا).

(زارا) سەری هەڵبڕی‌و تەماشای بەرامبەری خۆی كرد، (قادر)ی بینی‌و یەكسەر ناسی. كە شوانەی بەدبەختی بینی بەپێی خۆی هاتبووە خانەی بەدبەختان بۆئەوەی خۆی بەدبەختتر بكا، راچڵەكی‌و سەراپای لەشی چرك‌و هۆڕ لەرزی. لە (قادر)ی راخوری بۆئەوەی بگەڕێتەوەو بڕوا، بەڵام كێ گوێی لێ دەگرێ!... ناچار لەشوێنەكەی هەستاو دەرپەڕی‌و هەڵات بۆئەوەی (قادر) دەستی پێی نەكەوێ. بەڵام كە دیتی (قادر) سەری لەدوو ناوەو دەیەوێ بیگرێ، كەوتە پاڕانەوەو گوتی:

ـ (قادر) بۆ خاتری خوا لێم دووركەوە. ئیتر كار لەكار ترازاوەو ئەم ئاستەنگە لەبەین ناچێ. دووركەوە، نەوەك تۆش گوڕوو دەبی.

(قادر) گوێی نەدایەو ئاخیری (زارا)ی گرت. باوەشی پێدا كرد. ئیتر ئیش تەواو!! لەو ساتە بەدواوە یەكێكی دی بۆ ژمارەی گوڕووەكان زیاد بوو.

بەڵێ، (قادر) سەرەنجام بڕیارەکەی خۆی بەکردەوە هێنایە جێو بۆ گەیشتنە (زارا)ی بتی نازەنینی، ئاستەنگی گوڕواتیشی لەسەر ڕێی خۆی لابرد.

پاش دوو ڕۆژ، کاتێ کە (خاوەر) هاتە ماڵی (قادر)و دیتی قادر لەوێ نییە، وای بۆ چوو کە مێردەکەی لەدەست ئەمو براکانی هەڵاتووە. ژنەی کلۆڵ، تاکە یادگارێ کە لە (قادر) بۆی مابووەوەو لای خۆی بوو، دوو منداڵە نازدارەکەی بوونو ئەم دووانەش هەموو ڕۆژێ (قادر)یان بیر دەخستەوە. لەڕۆژانی ئاخیریدا، یادگارێکی تریشی لە (قادر)ەوە بۆ ئەم دووە زیاد بوو، ئەویش سەگە وەفادارەکەی قادر، واتە (بەراز)، بوو.

(خاوەر)، لەبەرئەوەی مێردەکەی خۆی زۆر خۆش دەویستو دەیزانی ئەویش ئەم سەگەی خۆش دەوێ، (بەراز)ی بردەوە ماڵی خۆیانو وەکوو یادگارێکی بەنرخی دەورانی شوانێتی (قادر)، زۆر بەچاکی بەخێوی کرد. (خاوەر) هەموو ڕۆژێ نانێکی گەورەی لەتەندووری ماڵەوە بۆ (بەراز) دەکرد. ڕۆنی لێ دەداو دەیدایە بۆئەوەی برسی نەبێ، بەڵام زۆری بەلاوە سەیر بوو بۆچی (بەراز) لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی دەیکرێ، ڕۆژ بەڕۆژ لەڕو لاوازتر دەبێ. ڕۆژێ، (خاوەر) بڕیاری دا هۆی ئەم مەسەلەیە بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم جارە، کاتێ کە نانی بەسەگەکەدا، تەماشای کرد بۆئەوەی بزانێ سەگەکە نانەکە دەخوا یان نا. (بەراز) نانەکەی هەڵگرتو لەماڵەوە چووە دەرێ. (خاوەر)یش



تاقیبی کرد. سەگی وەفادار ڕێگای بێشەکانی دەرەوەی دێی گرتە بەر، ئینجا لەوێ پێچی کردەوەو ڕووی کردە (کەلاوە)ی گوڕووەکان. (خاوەر)یش هەر دوو بەدووی چوو، دیتی (بەراز) نانەکەی لەنزیك (کەلاوە)کە لەسەر زەوی داناو گەڕایەوە.

(خاوەر) وای بۆ چوو ئەم فیداکارییەی سەگەکە بۆ خاتری (زارا)یەو نانەکەی بۆ ئەو هێناوە، بەڵام کاتێ کە نەختێ زیاتر چووە پێش بۆئەوەی بزانێ کێ نانەکە هەڵدەگرێتەوە، چاوی بە (قادر) کەوت، حاڵەتێکی وای بەسەردا هات بێ شك ئەگەر لەبەر خاتری منداڵەکانی نەبایە، هەر لەوێ خۆی دەکوشت. داماوە، لەزگ بوو بەبێ هۆشی بەربێتەوە، بەڵام کاتێ کە پایەی عەشقی (قادر)ی بۆ (زارا) تا ئەو ڕادەیە بینیو تێگەیشت کە عەقڵ بەڕاستی بەرامبەر بەعەشق دەستەپاچەیە، و ئەو پیاوە لەپێناوی عەشقدا بەگیانی خۆی نەخۆشیی کڕیوە، بوونی خۆی لەم ناوەدا بەشتێکی زیاد زانیو بەحەپەساویو سەرسامی گەڕایەوە ماڵێ.

دوای چەند ڕۆژێ، (خاوەر) بەخۆو بەهەردوو منداڵەکانی لە (حاجیاوە) نەماو کەس نەیزانی چووە کوێ.

* * *

وەرگێڕ

هەولێر/ گەڕەکی مەلایان

٢٠٠٦

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
| --- | --- | --- | --- |
| ١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكوردستاني (الطبعة الأولى) | مام جلال | شباط- ٢٠٠١ |
| ٢. | وتەی هەڤاڵ مام جلال له كۆبوونەوەی كادیراندا | | ٢٠٠٢ |
| ٣. | هەڵۆی سوور | فازیل كەریم ئەحمەد | ٢٠٠٢ |
| ٤. | لمحات من تأريخ إذاعة صوت شعب كوردستان | ئامانج كاكه سور | ٢٠٠٢ |
| ٥. | ئیسلامی سیاسی | فەرید ئەسەسەرد، عەباس خۆشناو وهی تر | ٢٠٠٢ |
| ٦. | ئایین و تایفە ئاییننییەكان لەكوردستان | ن: میهرداد ئیزەدی و: كامەران فەهمی | ٢٠٠٢ |
| ٧. | سروشتی یاسایی بریاری ٦٨٨و چۆنێتیی كاراكردنی | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٢ |
| ٨. | سەید قوتب و تیۆریی تەكفیر كردنی كۆمەڵ و دەوڵەت | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٩. | سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمكی هاوڵاتیبوون | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ١٠. | چەمكی بیرۆكەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ١١. | ناسیونالیزم وكەمینەكان لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا | جەودەت ئیسماعیل لوتفی، سیروان عارف | ٢٠٠٢ |



| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٢. | بەراورد لەنێوان رژێمە فیدرالەكاندا | سەیوان كاكە رەش | ٢٠٠٢ |
| ١٣. | لەپێناوی دیموكراتیزەكردنی حوكم لەعیراقدا | مەحمود رەزا | ٢٠٠٢ |
| ١٤. | فیدرالیزم وئۆتۆنۆمی | دیلمان محەمەد | ٢٠٠٢ |
| ١٥. | شۆڕشی ئۆكتۆبەرو چارەنووسی چەند گەلێكی خۆرهەڵات | محمود رەزا ئەمین | ٢٠٠٢ |
| ١٦. | پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستاندا | نیاز سەعید | ٢٠٠٢ |
| ١٧. | ئیسلامی سیاسیی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆدا چوونەوە | ن: سەعد مەولا و: جەمال غەمبار | ٢٠٠٢ |
| ١٨. | ئێزدیەكان لەمێژووی نەتەوەكەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠٠٢ |
| ١٩. | پوكانەوەی دەوڵەتی كەمایەتی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٢٠. | پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەپێی جۆرەكانی جینۆساید | د. مارف عومەرگوڵ | ٢٠٠٢ |
| ٢١. | رێكخستن یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی چالاكی حزب | محەمەد مەنگوری | ٢٠٠٢ |
| ٢٢. | كركوك مدينة الضاحكة بالنار والنور | عوني الداودي | ٢٠٠٢ |
| ٢٣. | الأيزيدية تأريخها وطقوسها | د. خليل جندي هوشنگ بروكا | ٢٠٠٢ |
| ٢٤. | كوردوتوركمان، تێروانینێك بۆ میكانزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ٢٥. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٦. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٧. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٣ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٨. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٤ و ٥ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٩. | جیهانی روناكبیری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٣٠. | جیهانی روناكبیری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٣١ | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكوردستاني(الطبعة الثانية) | مام جەلال | ٢٠٠٣ |
| .٣٢ | المناهج والنظام الداخلي للأتحاد الوطني الكردساني | | ٢٠٠٣ |
| .٣٣ | پرۆگرامو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | | ٣٠٠٣ |
| .٣٤ | تیۆری فیدرالیزم | ن: فرانتس نیومان<br>و: کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٣ |
| .٣٥ | نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی | ن: مۆنتسرات گیبرنا<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| .٣٦ | چەمك وپرنسپەکانی دیموکراسی | بەکر صدیق | ٢٠٠٣ |
| .٣٧ | نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا | ن: دانیاڵ یەرگین<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| .٣٨ | سۆسیالیستەکانی پێش مارکس | ن: د.مستەفا رەحیمی<br>و: کەمال رەشید شەریف | ٢٠٠٣ |
| .٣٩ | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | ئەنوەر حسێن | ٢٠٠٣ |
| .٤٠ | تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی | تۆفیق عومەرمحەمەدو هی تر | ٢٠٠٣ |
| .٤١ | ئابوری کوردستان | ن: مهیرداد ئیزدەی<br>و: کامەران فەهمی | ٢٠٠٣ |
| .٤٢ | عیراق ومەسەلەی کورد | *کۆمەڵێ نوسەر* | ٢٠٠٣ |
| .٤٣ | ئاینو مەسەلەکانی دیموکراسیو ئینتەر ناسیونالیزم | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| .٤٤ | ئاناریشزمو دەوڵەت | زاهیر شکور | ٢٠٠٣ |
| .٤٥ | ئوسوڵیەت: چەمك، میتۆد ، سەرچاوەو ئاسۆ | عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .٤٦ | شیعەکانی عیراق | ن: د. عەبدوڵلا فەهد نفیسی<br>و: عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| .٤٧ | دەوڵەتی یاسا | سەید تایەر حەمە ئەمین | ٢٠٠٣ |
| .٤٨ | شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| .٤٩ | کورتەی مێژووی فەلسەفە | مەحمود مەلا عیززەت | ٢٠٠٣ |
| .٥٠ | ناسیونالیزمی کوردی(١٨٨٠-١٩٣٩) | هیوا عزیز سەعید | ٢٠٠٣ |
| .٥١ | نرکەی قەرەداغ | ئەکرەم حەمە ئەحمەد | ٢٠٠٣ |
| .٥٢ | شەڕی ئابوریو ململاتی جیهان ل سەر دەریا قەزوین | هاشم زێباری | ٢٠٠٣ |
| .٥٣ | سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك | ن: د. نوری تاڵەبانی<br>و: مەریوان حوسێن چیمەنی | ٢٠٠٣ |
| .٥٤ | انتهاكات حقوق الأنسان والجرائم | د. منذر الفضل | ٢٠٠٣ |
| .٥٥ | مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٣ |
| .٥٦ | المسلمون يحتاجون لأجابات أفضل | توماس فريدمان | ٢٠٠٣ |
| .٥٧ | الكرد الفيليون وحزب البعث | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٣ |
| .٥٨ | فیدرالیزمو سیستەمەکانی یەکێتیی فیدرالی | ن: عەلی ئەلشممەری<br>و: حەسەن یاسێن | ٢٠٠٤ |
| .٥٩ | ئەرکەکانی رێکخستن لەقۆناغی نوێی خەباتدا | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| .٦٠ | لێکۆڵینەوە لەئیسلامی سیاسی | نیاز سەعید علی | ٢٠٠٤ |
| .٦١ | تیرۆریستان لەئاوا بوونن | شەهید خەسرەو عوسمان<br>ئا: ئازاد هەینی | ٢٠٠٤ |
| .٦٢ | بیری ناسیونالیزمی تورکمان | یوسف گۆران | ٢٠٠٤ |
| .٦٣ | جەنگی ئاو | ن: جون بولوك و عادل دەروێش<br>و: شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦٤. | کورد لەجەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران وتورکیادا | ن: پ. ی. ئەڤێر یانۆڤ<br>و: د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| ٦٥. | پڕنسیپی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا | خەلیل عبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| ٦٦. | شۆڕشی شێخ عوبەیدولای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا | نەجات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| ٦٧. | ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا | ئەندەش یاگ سکوك | ٢٠٠٤ |
| ٦٨. | تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت | د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| ٦٩. | تەعریبو راگواستن لەبەڵگەنامەکانی بەعس دا | لەتیف فاتیح فەرەج | ٢٠٠٤ |
| ٧٠. | کۆماری کوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لەرووی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە | نەوزاد مەجید<br>خدر سەرموردی | ٢٠٠٤ |
| ٧١. | شەهیدانی ١ی شوبات | | ٢٠٠٤ |
| ٧٢. | ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان | شەماڵ عبدالله | ٢٠٠٤ |
| ٧٣. | کاریگەری ئاو | کاروان ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| ٧٤. | کورتە باسێکی پیرۆیسترۆیکاو چەند بابەتێکی تر | د. ئەرسەلان بایز | ٢٠٠٤ |
| ٧٥. | ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو رۆشنگەریدا | کەیوان ئازاد | ٢٠٠٤ |
| ٧٦. | الأسلام السياسي والأرهاب الدولي | د. منذر الفضل | ٢٠٠٤ |
| ٧٧. | المجتمع المدني ومستقبل الأثنيات في العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٤ |
| ٧٨. | مندلي في التأريخ | محمد جميل بندي الروژبياني | ٢٠٠٤ |
| ٧٩. | تحديد حدود إقليم كوردستان العراق | جزا توفيق طالب | ٢٠٠٤ |
| ٨٠. | حق تقرير مصير | سعد بشير | ٢٠٠٤ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨١. | التهجير والتعريب من وجهة النظر القانونية | د. احمد موسوي | ٢٠٠٤ |
| ٨٢. | کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی | ن: گیلان<br>و/ نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| ٨٣. | کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتاندا | ئاوات شێخ جەناب بەکر صدیق | ٢٠٠٤ |
| ٨٤. | پاراستنی مافی کەمینەکان | خليل عبدالله | ٢٠٠٤ |
| ٨٥. | خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی | د. البرت عيسا | ٢٠٠٤ |
| ٨٦. | حاجی قادری کۆیی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| ٨٧. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١ | | ٢٠٠٤ |
| ٨٨. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٢ | | ٢٠٠٤ |
| ٨٩. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٣ | | ٢٠٠٥ |
| ٩٠. | سیستمی سیاسی چین | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ٩١. | پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان | خليل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ٩٢. | چەمکی ئازادی سیاسی | ن: فرانتس نیومان<br>و: کاوسین بابکر | ٢٠٠٥ |
| ٩٣. | سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان | ڤیان مەجید | ٢٠٠٥ |
| ٩٤. | سیستمی فەرمانڕەوایی لەئیسرائیل | روستم محمود کۆکۆیی | ٢٠٠٥ |
| ٩٥. | پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە | مەجید صاڵح | ٢٠٠٥ |
| ٩٦. | ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | عەباسی ئەحمەدی | ٢٠٠٥ |
| ٩٧. | مێژووی بیری کوردی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٥ |
| ٩٨. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤ | | ٢٠٠٥ |
| ٩٩. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٥ |
| ١٠٠. | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - سەرهەڵدان و نوێبوونەوە | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٥ |
| ١٠١. | عیراقی نوێ | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٢. | كوردو عروبه | بابەكر درەیی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٣. | ئایین و دەسەلات | هاشم كەریمی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٤. | سیستمی فیدرالّی ئەلّمان | ئا: محەمەد میّرگە سۆری | ٢٠٠٥ |
| ١٠٥. | دەربارەی دیموكراسی | ن/ رۆبەرت كابلان<br>و/ عبدالرزاق خەیلانی | ٢٠٠٥ |
| ١٠٦. | عـــیراق: دیمـــوكراتیزەكردن یـــان هەلّوەشاندنەوە | رەفیق سابیر | ٢٠٠٥ |
| ١٠٧. | كۆمەلّو سیستەمی دیموكراسی | حەمە دۆستان | ٢٠٠٥ |
| ١٠٨. | زمانە فەرمیەكان لەدەستوری عیراقدا | تارق جامباز | ٢٠٠٥ |
| ١٠٩. | پیّكدادانی شارستانیەكان | ن: سامۆیل پ. هانتینگتۆن<br>و: مامەند رۆژە | ٢٠٠٥ |
| ١١٠. | دیموكراسی دیدیّكی فەلسەفی | ن: د. امام عبدالفتاح امام<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠٠٥ |
| ١١١. | لە پەراویزی چاكسازیدا | هەلّكوت عەبدوللا | ٢٠٠٥ |
| ١١٢. | لودڤیگ فۆیەرباخو كۆتایی فەلسەفەی كلاسیكی ئەلّمانی | ن: فردریك ئەنگلس<br>و: سالار رەشید | ٢٠٠٥ |
| ١١٣. | فیدرالیزم و ئەزمونە جیاوازەكانی | ئا: و: ئیسماعیل حەمە ئەمین | ٢٠٠٥ |
| ١١٤. | لیبرالیزم، چەمك و میّژوو | ن: جان سالوین شاپیرۆ<br>و/ عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠٠٥ |
| ١١٥. | عیراق لە دیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | خلیل عبداللە | ٢٠٠٥ |
| ١١٦. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (٥ ــ ٦) | | ٢٠٠٥ |
| ١١٧. | البحث عن الأسلام السياسي | نیاز سعید | ٢٠٠٥ |
| ١١٨. | الواقع الأقتصادي ـ الأجتماعي لمحافظة السليمانية | د. كمال الخياط | ٢٠٠٥ |
| ١١٩. | الصقر الأحمر | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٠. | الـــزعيم الـــوطني الكردســـتاني جـــلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الأولى) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢١. | مقالات الشهيد غاندي(مجيد كريم احمد) | الشهيد مجيد كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٢. | خانقين خلال ربع قرن | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٣. | عن الدولة الحديثة والأمة والنزعة القومية في العراق العربي وكوردستان | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٥ |
| ١٢٤. | رؤية كوردستانية لشؤون ومواقف عراقية | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٥. | التسامح الديني العراقي لمجابهة الأرهاب والعنف | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٦. | الآخر ـ الأمة ـ الأقليات الأخرى | سامي داوود | ٢٠٠٥ |
| ١٢٧. | الفيدراليــة ـ دراسـة في إطـار مفـاهيمي والنظري | د. إحسان عبدالهادي سلمان | ٢٠٠٥ |
| ١٢٨. | الدستور العراقـي المرتقـب ـ حقـائق وآراء ومقترحات | المحامي: كريكار عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١٢٩. | نقـد ذهنيـة التغيـب والتزييـف ـ الأعـلام العربي المعاصر نموذجا | د. عبدالباسط سيدا | ٢٠٠٥ |
| ١٣٠. | التركمان في العراق (الطبعة الأولى) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٥ |
| ١٣١. | الـــزعيم الـــوطني الكردســـتاني جـــلال الطالبـــاني قائـــد وفكـــر وعـــصر (الطبعـــة الثانية) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٢. | كركـوك والـتطهير العرقـي ـ مـن وثـائق النظام البعثي | عارف قورباني | ٢٠٠٥ |
| ١٣٣. | كەلار لە لادیّوە بۆ شار | جاسم محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٤. | هەلّویّست لە بەرامبەر گەندەلّی | نیاز سەعید عەلی | ٢٠٠٥ |
| ١٣٥. | دارشتنی دەستوری نویّ هیّلّكاری | ن: مـــاریۆج، ر. ئاوریـــانی ئامبرۆس، پاول ئالیڤیّرز<br>و: ئاوات محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٦. | رادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان | ئەمیر نامیق | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٧. | من بڕوام به دیموکراسی کوردی نییه! | (فازیل کەریم) مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٥ |
| ١٣٨. | کاری دیپلۆماسی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا | کوردۆ ڕەحمان | ٢٠٠٥ |
| ١٣٩. | بەکارهێنانی دەسەڵات لە جیهانی عەرەبیدا | محەمەد فاتح | ٢٠٠٥ |
| ١٤٠. | عەقڵی سەلیم | ن: توماس پین<br>و: پێشڕەو حسێن | ٢٠٠٥ |
| ١٤١. | تیرۆریزم و مافی مرۆڤ | عەدالەت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| ١٤٢. | ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوودا | ن: بلیخانوف<br>و: سەلام مارف | ٢٠٠٥ |
| ١٤٣. | کاتالۆگی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری | | ٢٠٠٥ |
| ١٤٤. | کۆمەڵناسی شەڕ | ن: گاستۆن بوتول، د. حسین بشیریە، ئانتۆنی کدنیز<br>و: عومەر باڵەکی | ٢٠٠٦ |
| ١٤٥. | بژی گەندەڵی | ن: عەلی ڕەبیعی<br>و: ڕەفعەت مورادی | |
| ١٤٦. | مێژووی پەروەردەو فێرکردن | ن: علی اکبر میهرئارا، محمد عباس، علی فرۆرفەر<br>و: قادر وریا | ٢٠٠٦ |
| ١٤٧. | فاشیزم چییە؟ | ن: هێنری میشێل<br>و: سمکۆ ناکام | ٢٠٠٦ |
| ١٤٨. | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٦ |
| ١٤٩. | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥٠. | چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نەوا لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ | ئا: سەرتیپ جەوهەر | ٢٠٠٦ |
| ١٥١. | شۆڕشی پەنجە مۆرەکان | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٢. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٧ | | ٢٠٠٦ |
| ١٥٣. | ئیسلامی سیاسی - چاپی سێیەم | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ١٥٤. | فەرهەنگی قانونی | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٦ |
| ١٥٥. | کۆمەڵناسی گەنج | کارزان کاوسین | ٢٠٠٦ |
| ١٥٦. | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی یەکەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٧. | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان<br>ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٨. | چەند بابەتێکی فیکری | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ١٥٩. | کۆمەڵی مەدەنیو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا | ن: جۆرج ف. ماکلین<br>و: شاخەوان منصور | ٢٠٠٦ |
| ١٦٠. | ئایین، فاشیزم ، مەرگ | ن: هاشم صالح<br>و: هەورامان وریا قانع | ٢٠٠٦ |
| ١٦١. | کارل فۆن کلاوزە ڤتز | ن: میکل هۆوارد<br>و: کەمال ڕەشید شەریف | ٢٠٠٦ |
| ١٦٢. | گەشەسەندنی ئابووری چین | پ. د. محەمەد رەئوف سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٦٣. | مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری<br>بۆ مۆدێرن کردنەوەی ی. ن. ك | مامۆستا جەعفەر<br>(فازیل کەریم ئەحمەد ) | ٢٠٠٦ |
| ١٦٤. | هەواڵی تەلەفزیۆنی | جوان بەهادین | ٢٠٠٦ |
| ١٦٥. | لەتەك فینۆمینە ئەدەبیەکاندا | کاوە جەلال | ٢٠٠٦ |
| ١٦٦. | هەمیشە دڵڕەق و بێدەنگین | نەجات نوری | ٢٠٠٦ |
| ١٦٧. | کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە | جەمال فەتحوڵڵا تەیب | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦٨. | فەیلەسوفە مەزنەکان | ن: براین ماگی<br>و/ محەمەد کەریم | ٢٠٠٦ |
| ١٦٩. | جەمهوریەتی کوردستان ـ شاکارێکی مەزن | خوێندنەوەی/ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٠. | سەرمایە | ن: کارل مارکس<br>و/ سەلام عەبدوڵڵا ـ کەژاڵ ئەحمەد ـ شلێر عزیز | ٢٠٠٦ |
| ١٧١. | پرسی کورد گۆڕاوە، تورکیا هێشتا لەرابردوودایە | ن: کۆمەڵێك ڕۆژنامەنوس<br>و/ مامەند ڕۆژە | ٢٠٠٦ |
| ١٧٢. | خۆیبوون ـ هیوا | هیوا عەزیز سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٧٣. | حزب لەبازنەی دەستەگەریدا | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٧٤. | پرۆفیشینالی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا | مەریوان مەسعود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٥. | گەنج ـ سیاسەت ـ مەعریفە | د. بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠٠٦ |
| ١٧٦. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٨ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٧٧. | ناسیۆنالیزم (چاپی یەکەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٧٨. | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی یەکەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٧٩. | نوێبوونەوەو هەڵبژاردن | بەکر صدیق | ٢٠٠٦ |
| ١٨٠. | گۆڕان و چاکسازی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨١. | لەپێناوی دیموکراسیدا | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٢. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٩ ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٨٣. | مێژووی شۆڕشی فەرەنسا | ن: ویل و ئاریل دۆرانت<br>و: دلاوەر عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٤. | پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٨٥. | ئاسۆی ئابووری ـ سەرچاوەکانی ئاوو کانزاکانی کوردستان | دارا عومەر | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٦. | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی دووەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٧. | ناسیۆنالیزم (چاپی دووەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٨٨. | یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٩. | تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٠. | بنەما تیۆرییەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن | مەجید صاڵح | ٢٠٠٦ |
| ١٩١. | پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا<br>(چاپی دووەم) | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٩٢. | ریفۆرم هەنگاوێ بۆ دواوە ! | ئازاد تۆفیق | ٢٠٠٦ |
| ١٩٣. | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی دووەم) | یەتانا دیوخ نموشا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٤. | هیگڵو سیاسەتی مۆدێرن | ن: رامین جیهانبەگلو<br>و: شۆڕش جوانڕۆیی<br>چنور فەتحی | ٢٠٠٦ |
| ١٩٥. | جینۆسایدی گەلی کورد ـ لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا | د. مارف عومەر گوڵ | ٢٠٠٦ |
| ١٩٦. | کوردستان أو بلاد أکراد | یوسف ملك<br>مراجعة ومقدمة: د. عزالدين مصطفى | ٢٠٠٦ |
| ١٩٧. | مفهوم النخبة | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٨. | المنظمات الأقليمية والجماعات الأقتصادية في القارة الأفريقية | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٩. | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الأولى) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٠. | الكتابة للتلفزيون | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١. | دراسات المانية معاصرة عن القضية الكردية | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٢. | السيادة في عالم متغير(الطبعة الأولى) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٣. | بحوث . . . و . . . شذرات | د. عزالدين مصطفى رسول | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٤. | كوردستانية كركوك في المصادر السريانية | د. فرست مرعي | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٥. | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثالثة) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٦. | التركمان في العراق (الطبعة الثانية) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٧. | كوردستان تركيا - دراسة أقتصادية سياسية | د. مجيد جعفر | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٨. | السيادة في عالم المتغير (الطبعة الثانية) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٩. | كوردستانية منطقة كركوك (الطبعة الثانية) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢١٠. | عيراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ (چاپی سێیەم) | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها . .. | القاضي/ لطيف مصطفى أمين | ٢٠٠٧ |
| ٢١٦. | بنچینەکانی کورد | ن: مینۆرسکی<br>و: نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢١٧. | لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی | کارزان محەمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢١٨. | کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا | گۆران ئیبراهیم سالح | ٢٠٠٧ |
| ٢١٩. | زمانە فەرمییەکان | طارق جامباز | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢٠. | ئەنفال و دادگا | سالار مەحمود | ٢٠٠٧ |
| ٢٢١. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (١٠) | | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٢. | الكرد | باسيلي نيكيتين<br>ت: د. نوري طالباني | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٣. | هەڵۆی سور | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٤. | مام جەلال | فاضل كريم أحمد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٥. | المدخل الى القانون الدولي الإنساني | جبار سعيد محي الدين | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٦. | الكُرد اليوم | ت: غسان نعسان | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٧. | سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا | و: ئاوات عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٨. | ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا | ئیسماعیل شێخ موراد | ٢٠٠٧ |
| ٢٢٩. | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان | و: کامەران عومەر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٠. | تیرۆر | هیمداد مجید علی | ٢٠٠٧ |
| ٢٣١. | گەنجە کوردەکان | فەرهاد پیربال | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٢. | بەعسیزمو کورد | سۆزان کەریم مستەفا | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٣. | بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان | و: محەمەد فاتح | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٤. | شاری کەرکوك | پشکۆ حەمە تاهیر | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٥. | میر عەبدال خانی بدلیس | بوار نورەدین | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٦. | فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم | ن: هاشم سالح<br>و: شوان ئەحمەد | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٧. | عێراق، قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بنیاتنانەوەی | فەرزەند شێرکۆ | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٨. | نۆڤین ژمارە ـ ١٣ـ | | ٢٠٠٧ |
| ٢٣٩. | الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان | ليلاف حمد أمين عزيز | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٠. | مێژووی شۆڕشی روسیا | ن: لیۆن ترۆتسکی<br>و: عەزیز ئالانی | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤١. | دەروونناسی جەماوەری فاشیزم | ویلهلم رایش<br>و: هەژار جوانرۆیی | ٢٠٠٧ |
| ٢٤٢. | جاش و جینۆساید | مەحموود سەنگاوی | ٢٠٠٧ |